# جەنگاوەری ڕۆشنایی

ناوی کتێب: جەنگاوەری رۆشنایی
نووسینی: پاولۆ کۆییلیۆ
وەرگێرانی: شێرزاد حەسەن
بابەت: تێرامان
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠دینار
ژمارەی سپاردن: ٢٨٨ی ٢٠٠٧
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧
کوردستان -سلێمانی
www.sardamco.com

پاولۆ کۆییلیۆ

# چەنگاوەری ڕۆشنایی

(پەیڕەونامە)

لە ئینگلیزییەوە

شێرزاد حەسەن

سلێمانی 2007

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٣٩٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

–

«سڵاو لە مریەم کە بەبێ گوناە  سکی پڕبوو.
نزا بکە بۆ ئەو کەسانەی پەنا بۆ تۆ دەبەن.»

«قوتابی لە مامۆستاکەی باڵاتر نییە،
بەڵکو هەرکەسێك تەواو بێت
وەکو مامۆستاکەی خۆی لێدێت.»

لۆقا (٦:٤٠)

## سەرەتا

خانمەکە وتی:

- بە دوور لە کەناری دەریاکەو بە دیوی ڕۆژئاوای گوندەکەدا دوورگەیەك دیارە، پەرستگایەکی زۆر گەورە بە خۆی و چەندین زەنگەوە لەسەر ئەو دوورگەیە قوت بۆتەوە.

کوڕێژگەکە سەرنجیداو بینی خانمەکە جلێکی سەیرو سەمەرەی وا لەبەرداو بە سەرپۆشێك سەرو قژی داپۆشیووە. ئەم هەرگیز ئەو خانمەی نەبینیبوو لەمەوبەر.

خانمەکە لێی پرسی..

- ئەرێ تۆ قەت سەردانی ئەو پەرستگایەت کردووە؟ دەبرۆ سەردانی ئەو شوێنە بکەو پاشان پێم بڵێ چۆنت بینی و لە سەرنجەکانی خۆت ئاگادارم بکەرەوە.. ئێ؟

جوانی خانمەکە کوڕێژگەکەی فریودا. ڕووەو ئەو شوێنە ملی نا کە خانمەکە ئاماژەی بۆ کرد. لە کەناری دەریاکە ڕوونیشت و ڕووەو ئاسۆ دوور ڕووانی، وەلێ ئەم تەنها ئەوەی بینی کە هەموو جارێك بینیبووی، ئاسمانێکی شین و زەریایەك.

کوڕێژگەکە نائومێدانە ڕوویکردە ئەو گوندە نزیکەی کە ژیانی خەڵکەکەی لەسەر ڕاوەماسی بوو. لەو خەڵکەی پرسی ئاخۆ کەس هەیە شتێك سەبارەت بەو دوورگە و پەرستگایە هیچ بزانێت.

(ئۆهۆ چەندەها ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمێکی زۆر زوودا کە باوو باپیرانمان هێشتا زیندووبوون.) پیرە ماسیگرێك کەوتبووە وەڵامدانەوە..

- بوومەلەرزەیەك لەم ناوەیداو زەریاکە دوورگەکەی هەڵلووشی. گەرچی ئێمە چیتر ناتوانین ئەو دوورگەیە ببینین، بەڵام تاوەکو ئێستا گوێمان لە زرنگەی زەنگەکانی ئەو پەرستگایە هەیە ئەو کاتەی کە لەژێری ژێرەوە زەریاکە جۆلانەی پێ دەکات و دەیهەژێنێت.

کورێژگەکە گەڕایەوە سەر رۆخانەی زەریاکەو هەوڵیدا گوێی لە زرنگەی زەنگەکان بێت. بە درێژایی ئەو پاشنیوەڕۆیە لەوێ کەوتبوو، بەڵام بە تەنها گوێبیستی شڵپ و هووڕی شەپۆلەکان و چریکەی نەورەسەکان بوو.

کە شەو داهات دایك و باوکی بە دوایدا گەڕان. بۆ بەیانی دواتر گەڕایەوە کەنار دەریاکە. نەیدەتوانی بڕوا بکات کە ئەو ژنە شۆخ و شەنگە درۆی لەگەڵدا کردبێت. ئەگەر رۆژێك هات و گەڕایەوە بەو خانمە دەڵێت کە ئەگەرچی ئەم دوورگەکەی نەبینی، بەڵام گوێبیستی زرنگەی زەنگەکان بوو کە بە زەبری شەپۆلەکان دەجووڵان.

چەندین مانگ تێپەڕین خانمەکە هەر نەگەڕایەوەو کورێژگەکە هەموو شتێکی لەبیرچۆوە سەبارەت بەو ژنە. ئێستاکە گەیشتۆتە ئەو بڕیارەی پێوستی بەوە هەیە نهێنی گەنجینەو خێرو بێری ئەو پەرستگا نقومبووە بدۆزێتەوە. گەر بتوانێت گوێی لە زەنگەکان بێت ئەوسا دەتوانێت دەستنیشانی ئەو شوێنە بکات و ئەو گەنجینە شاراوەی بنی دەریاکە رزگار بکات.

ئەم هیچ حەزو بایەخێکی بۆ قوتابخانە نەما. لای هاورێکانی بوو بە بابەتی قۆشمەو مەزاقی منداڵەکانی دیکە. راهاتبوون بڵێن:

- ئەم وەکو ئێمە نییە. وای پێ چاکترە لە کەنار دەریاکە دابنیشێتو

سەیری شەپۆلەکانی بکات، چونکە لەوە دەترسێت دەنیۆ گەرمەی گەمەو زرمەزلێدا لێدان و کوتانی ئێمەی بەربکەوێت. هەرهەموویان قاقا پێدەکەنین کە دەیانبینی لە ڕۆخ دەریاکە دانیشتووە.

گەرچی ئەم هێشتا نەیدەتوانی گوێی لە زرنگەی زەنگەکانی پەرستگاکە بێت، بەڵام سەبارەت بە شتی دیکە فێری جۆرەها شت بوو. وای لێهات درکی ئەوە بکات کە ئیدی تەواو بە شڵپ و هوری شەپۆلەکان ڕاهاتووەو ئیتر لەمەودوا ئەوەندە شاگەشکە نابێت. هەر دوای ئەوە زۆر زوو ئاشنای چریکەی نەورەسەکان بوو، ویزەویزی هەنگەکان و وژەوژی (با) کە دەیدا لە دارخورماکان و بە نێوانیاندا هەڵی دەکرد.

هەر شەش مانگ دوای گفتوگۆکەی لەگەڵ خانمەکە کوڕێژگەکە دەیتوانی لەوێندەرێ دابنیشێت و بێ ئاگا لە هەموو قاووقیژی دەوروبەری، بەڵام هێشتا نەیدەتوانی گوێی لە زرنگەی زەنگەکانی پەرستگا خنکاوەکە بێت.

ماسیگرەکان هاتن و لەگەڵ کوڕێژگەکە قسەیان کرد. سوربوون لەسەر ئەوەی گوێیان لە زەنگەکان بووە، وەلێ کوڕێژگەکە هەرگیز. دوای ماوەیەك بەهەرحاڵ ماسیگرەکان زمانی خۆیان گۆڕی:

- تۆ کاتێکی زۆرت بەسەربرد، زیاتر لە پێوست لێرە دانیشتوویت و بیر لەو زەنگانەی ژێر زەریاکە دەکەیتەوە، لە بیریان بکەو بگەڕێوە نێو گەمەکردن لەگەڵ هاوڕێکانت. لەوە دەچێت بە تەنها ماسیگرەکان بتوانن گوێیان لە زرنگەی ئەو زەنگانە بێت.

نزیکەی ساڵێك تێپەڕی. کوڕێژگەکە بە خەیاڵیدا هات _ خۆ لەوانەشە ئەوان ڕاست بکەن! وا باشترە کە گەورە ببم و ئەوسا ببمە ماسیگرو هەموو سەرلەبەیانییەك بێمە کەناری ئەم زەریایە، چونکە وام لێهاتووە ئێرەم خۆش بوێت و هۆگری بووم._ هەروەها لە دڵی خۆیدا وتی-لەوانەشە بە تەنها ئەفسانەیەکی دیکە بێت و لەمیانەی ئەو بوومەلەرزەیەدا

زەنگەکانیش وردوخاش بووبن و لەوساوە هەرگیز نەزرگابێتنەوە.-

ئەو پاشنیوەڕۆیە بڕیاریدا بگەڕێتەوە ماڵێ. بەدەم ڕۆیشتنەوە لە زەریاکە نزیك کەوتەوە بەو نیازەی ماڵئاوایی لێ بکات. بۆ جارێکی دیکە سەیری سروشت و ئەو جیهانەی دەوروبەری خۆی کرد، چونکە ئیدی لەوەپتر خولیای زەنگەکانی لە سەردا نەما. دیسانەوە دەیتوانی لە خۆشی و جوانی چریکەی نەورەسەکان بخەنێتەوە، لە شڵپ و هووڕی زەریاو لە وژەوژی با کە بەناو دارخورماکاندا هەڵیکردبوو. لە دوورەوەش گوێی لە دەنگەدەنگی هاوڕێکانی بوو کە گەمەیان دەکرد. ئاسوودەبوو بەوەی کە هەر زوو دەست بە گەمەو زرمەزلێی منداڵانەی خۆی دەکاتەوە.

کوڕێژگەکە ئاسوودەبوو کە تەنها منداڵێك دەتوانێت ئەوەندە خۆشبەخت بێت — هەستێکی پڕ لە شوکرانەبژێری داگیری کردبوو تەنها لەبەرئەوەی کە زیندووەو دەژی. ئەم دڵنیابوو لەوەی کاتی خۆی بەفیڕۆنەداوە، چونکە فێری ئەوە ببوو چۆن لە سروشت ڕابمێنێت و وردبێتەوەو چۆن ڕێزی لێبگرێت. پاشان چونکە گوێی لە زەریا دەگرت، لە نەورەسەکان، لە بای هەڵکردوو بەنێو دارخورماکانداو دەنگەدەنگی هاوڕێکانی بەدەم یاریکردنەوە، هەروەها توانی گوێی لە زەنگی یەکەم بێت، پاشان زەنگێکی دیکە، دوایی سێیەمیان، تاوەکو ئەوەندە دڵخۆش و شاگەشکە بوو کە هەر هەموو زەنگەکانی پەرستگا نقومبووەکە زرنگە زرنگیان دەهات.

ساڵانێك دواتر کە پێگەیشت و بوو بە پیاو گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و بۆ کەناری منداڵی. ئیدی لەوە زیاتر خەونی بە دۆزینەوەی گەنجینەکەی ژێر زەریاکە نەدەبینی، لەوانەشە کە هەر هەموو شتەکان بەرهەمی خەیاڵی خۆی بووبن. تەواو چیدیکەو هەر بەڕاستی گوێی لە زەنگە خنکاوەکان نەدەبوو هەرگیزاو هەرگیز لە پاشنیوەڕۆکی بزرو بەسەرچووی سەردەمی منداڵی بزرنگێنەوە، سەرەڕای ئەوەش بڕیاریدا

بە درێژایی ئەو کەنارە بۆ ماوەیەك پیاسە بکات تاوەکو گوێ لە هاژەی باو چریکەی نەورەسەکان بگرێت. مەزەندەی سەرسامییەکەی بکە. لەوێ لە کەناری زەریاکە ئەو خانمەی بینییەوە کە بۆ یەکەمجار سەبارەت بە دوورگەکەو پەرستگاکەی قسەی لەگەڵ کرد. کوڕێژگەکە لێیپرسی..

- ئەوە خەریکی چیت لێرە؟

خانمەکە وەڵامی دایەوە..

- من چاوەڕوانی تۆ بووم.

کوڕێژگەکە سەرنجیداو بینی لەگەڵ تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانەدا ژنەکە کتومت وەك جارانی بوو هیچ نەگۆڕابوو! هەمان سەرپۆشی جاران کە سەروپرچی داپۆشیبوو، ژنە یەك تۆزیش زەردو ژاکاو نەببوو! گەرچی زەمەنێکیش تێپەڕیبوو.

خانمەکە دەفتەرێکی بەرگ شینی کرد بە دیاری کە هەموو لاپەڕەکانی سپی بوون و پێیوت:

- بنووسە جەنگاوەری ڕۆشنایی بەهاو بایەخی چاوەکانی منداڵێك بەرز ڕادەگرێت، چونکە منداڵان دەتوانن دوور لە ڕۆحێکی پڕ لە تاڵی و تاریکی و ناشیرینی سەیری جیهان بکەن. ئەو کاتەی جەنگاوەری ڕۆشنایی بیەوێت بزانێت ئاخۆ ئەو کەسەی لە تەنیشتییەوە وەستاوە شایستەی متمانەی ئەوە.. ئەم هەوڵ دەدات هەر بە چاوی منداڵێکەوە سەیری ئەو کەسە بکات.

کوڕێژگەکە پرسی ..

- جەنگاوەری ڕۆشنایی چییە؟

خانمەکە بە خەندەیەکەوە وەڵامی دایەوە..

- تۆ ئیتر تەواو دەیزانیت چییە. جەنگاوەری ڕۆشنایی کەسێکە توانای ئەوەی هەیە لە پەرجووەکەی[1] ژیان تێبگات، توانای جەنگ و ململانێی هەیە تا کۆتایی لەپێناو هەر شتێك کە خۆی بڕوای پێیەتی.

دەشتوانێت گوێی لەو زەنگانە بێت کە شەپۆلەکان دەیانهێننە سەر زرنگانەوە لە بن و قووڵایی ئەو زەریایە.

کوڕێژگەکە هەرگیز وەك جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی خۆی نەبینیبوو. لەوە دەچوو خانمەکە خەیاڵ و ختوورەی دڵی ئەم بخوێنێتەوە! هەر کەسێك توانای ئەم شتانەی هەیە گەرچی کەس ئامادە نییە وەك جەنگاوەری ڕۆشنایی لە خۆی بڕوانێت، بەڵام هەموومان واین.

کوڕێژگەکە سەیری لاپەڕە سپییەکانی دەفتەرەکەی کرد. خانمەکە دیسانەوە خەنییەوە.

پاشان پێیوت:

- «بنووسە دەربارەی جەنگاوەری ڕۆشنایی.»

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە
ئەوەندەی هەیە شوکرانەبژێر بێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەوە دەزانێت کە خاوەنی چەندەها شتە وای لێ بکات شوکرانەبژێر بێت.

لەمیانەی کێبڕکێ و ململانێکاندا فریشتەکان بە فریای کەوتوون. ئەوە هێزە ئاسمانییەکانن کە هەر شتەو لە شوێنی خۆیدا دادەنێن، ئەوسا بواری بۆ خۆش دەکەن کە هەموو تواناو بەهرەکانی بخاتەگەڕ.

دۆستەکانی دەڵێن:

- ئەم چەندە بەختەوەرە!

هەر واشە جەنگاوەرەکەمان کاروکردەوەی وا دەکات کە لە دەرەوەی هێزو تواناکانی خۆیەتی، هەر لەبەرئەوەشە دەمەو ئێواران دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و سوپاسی ئەو دەمامك و جبەیە دەکات کە دەیشارێتەوە. بەهەرحاڵ سوپاسگوزاری ئەم هەر بە تەنها پەیوەست نییە بە جیهانی ڕۆحییەوە. ئەم هەرگیز دۆستەکانی خۆی لەیاد ناکات، چونکە دەنێو شەڕگەکاندا خوێنی ئەم تێکەڵ بە خوێنی دۆستەکانی بووە.

جەنگاوەرەکەمان پێوستی بەوە نییە ئەوانی دیکە بیری بهێننەوە کە چۆن چۆنی فریای کەوتوون، چونکە خۆی یەکەمین کەسە وەبیری دێتەوەو هەمووان دڵنیا دەکاتەوە بۆ هەر پاداشت و خەڵاتێك کە دەستی دەکەوێت و ئەوانیش بەشدار دەکات.

**هەر هەموو ڕێگاکان دەچنەوە نێو دڵی جەنگاوەر.**

هەر هەموو ڕێگاكانی دونیا دەچنەوە نێو دڵی جەنگاوەرەكە. ئەم بە جۆش و خرۆشێكەوە بێ دوودڵی خۆی فڕێدەداتە نێو ڕووباری سۆزو هەست و خۆشەویستییەوە. هەمیشە بەدەم تافەتاف و هاژەوە دەنێو ژینی خۆیدا هەڵدەقوڵێت. جەنگاوەرەكەمان چاك دەزانێت كە چەندە ئازادە لە هەڵبژاردنی حەزو ئارەزووەكانی خۆی، هەڵبەتە زۆر ئازایانە ئەو بڕیارانەش دەدات بێئەوەی بیەوێت ئەوانی دیكە قایل بكات، بێ نیازو خەیاڵ تەنها بۆ مەرامی دڵی خۆی دەیكات، بەڵكو هەندێكجار شێتانە دەیكات. ئەم باوەشی بۆ ئەو هەست و سۆزو خۆشەویستییە كردۆتەوەو دڵگەرمانە ئەوپەڕی چێژی لێ دەبینێت. ئەم دەزانێت كە پێوست بەوە ناكات واز لە خۆشییەكانی ئەم گرتن و بەزینو شكان و فەتح و داگیركردنە بهێنێت، هەموویان بەشێكن لە ژیان و خۆشی و لەزەت دەبەخشنە دڵی ئەو كەسانەی بەشداری تێدا دەكەن، بەڵام ئەم هەرگیز چاو لەو شتانە ناپۆشێت كە هەمیشە بەردەوامن یان ئەو بەڵێن و پەیمان و پەیوەندییە بەهێزانەی بە درێژایی زەمەن سازاون و دروستبوون.

جەنگاوەر دەتوانێت جیاوازی لەنێوان ئەو شتانەدا بكات كە نەمرنو ئەو شتانەشی كە ڕەفتەنین و زوو بەسەر دەچن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەر بە تەنها هێز ناخوازێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بە تەنها پشت بەهێزو توانای خۆی نابەستێت، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدات کەڵك لە وزەو توانستی دژەکەی وەربگرێت. کە دێتە ناو جەنگەوە ئەوەی کە هەیەتی دڵگەرمی و جۆش و جووڵەو جۆری لێدان و دەستوەشاندنییەتی. هەموو فروفێڵێکی جەنگ کە لەمیانەی ڕاهێنان و مەشقدا فێریان بووە. ئەو کاتەی شەڕەکە گەرمتر دەبێت ئەم تێدەگات هەر بە تەنها دڵگەرمی و مەشق بەس نین بۆ بردنەوەی جەنگ، ئەوەی کە گرەوی لەسەر دەکرێت ئەزموونە. ئەوسا دڵی خۆی بۆ هەموو گەردوون دەکاتەوەو لە یەزدان دەپاڕێتەوە کە ئەوڕۆح و سرووشەی [2] پێببەخشێت کە گەرەکییەتی تاوەکو بتوانێت هەر لێدان و کوتانێکی قاندڕەکەی [3] بگۆڕێت بۆ وانەیەك لە وانەکانی بەرگریکردن لە خودی خۆی.

دۆستەکانی دەڵێن:

- سەیری ئەم چ کەسێکی ئەفسانەییە! شەڕەکەی ڕاگرت تاوەکو ویرد بخوێنێت و نوێژان بکات، نەك هەر ئەوەو بەس ئەم ئەوەتا ڕێز لە فڕوفێڵەکانی بەرامبەرەکەی دەگرێت!

جەنگاوەرەکەمان وەڵامی ئەو پلار و هاندان و شەرفرۆشتنانە ناداتەوە. ئەم چاك دەزانێت کە بێ سرووش و ئەزموون هیچ مەشق و ڕاهێنانێك دادی نادات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی پەنا ناباتە بەر فڕوفێڵ.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەرگیز پەنا ناباتە بەر فروفێڵ، بەڵکو وریایەو دەزانێت چۆن دوژمنەکەی غافڵگیر بکات و سەری لێ تێکبدات.

هەرچەندێك ڕاڕاو دوودڵ بێت دواجار هەوڵدەدات هەرچی پلان و ستراتیژێك کە لە هەگبەیدایە بیخاتە گەڕ تاوەکو بە ئامانجەکانی خۆی بگات. ئەو کاتەی هەست دەکات خەریکە هێزو تواناکانی لەدەست دەدات وا لە بەرامبەرەکەی دەکات کە ئەم بۆ هەلێك دەگەڕێت و خۆی مەڵاس داوە. گەر پێویستی بەوە بێت لەلای ڕاستەوە هێرش بکاتە سەر قاندرەکەی ئەوسا هەموو هێزەکەی بەلای چەپدا دەجووڵێنێت، خۆ ئەگەر نیازی بێت یەکسەر بچێتە ناو جەنگەکەوە وا خۆی دەنوێنێت کە ماندووەو گەرەکییەتی سەرخەوێك بشکێنێت.

دۆستەکانی دەڵێن:

- سەیری بکەن هیچ جۆش و دڵگەرمییەکی نەما!

وەلێ ئەم گوێ بەم قسەو قسەڵۆکانە نادات، چونکە دۆستەکانی ئاگاداری نەخشەو تاکتیکەکانی ئەم نین.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕێك دەزانێت چی دەوێت، هەربۆیە پێویستی بەوە نییە کاتی خۆی بە شیکردنەوەوە بەفیڕۆ بدات.

دوژمنەکەت تێبگەیەنە کە بەو هێرشەی
دەیکاتە سەر تۆ کەمەکێ دەیباتەوە٠

حەکیمێکی چینی ڕێنماییەکی لەم جۆرەی هەیە لەمەڕ پلان و ستراتیژییەتی جەنگاوەری ڕۆشنایی:»هەوڵبدە دوژمنەکەت لەوە دڵنیا بکەیتەوە کە بەو هێرشەی دەیکاتە سەرتۆ گرەوەکەی دۆڕاوەو شتێکی کەم دەباتەوە، ئەوە جۆش و دڵگەرمییەکەی لاوازو کەم دەکاتەوە.» «لەوە شەرم مەکە بۆ ماوەیەك لە گۆڕەپانی جەنگدا بکشێیتەوە گەر هەستت کرد دوژمنەکەت لە تۆ بەهێزترە. هەرگیز ئەوەیان گرنگ نییە کە تۆ لە تاکە جەنگێکدا دەیبەیتەوە یان دەیدۆڕێنێت، بەڵکو گرنگ لەوەدایە ئەو شەڕە چۆن کۆتایی دێت. هەتا گەر تۆ زۆر بەهێزیش بیت هەرگیز لەوە شەرم نەکەیت کەوا خۆت بنوێنیت لاوازیت، ئەوەیان وا لە دوژمنەکەت دەکات هەڵەشە بێت و شێتانەو دەستبەجێ پەلامار بدات. لە شەڕدا کلیلی سەرکەوتن لەوەدایە بتوانیت قاندرەکەت وا لێ بکەیت فریای خۆی نەکەوێت و تۆ دەست و بردی لێبکەیت.»

**جەنگاوەر هیچ هەلێك نابوێرێت**
**تاوەکو خۆی فێر بکات.**

بەراستی سەیرە! جەنگاوەری ڕۆشنایی لە دڵی خۆیدا وا دەڵێت: «من کەسانێکی زۆرم بینی لە یەکەمین هەل و دیداردا هەوڵدەدەن خەسڵەت و خووە زۆر خراپەکانی خۆیان پیشانی خەڵکی بدەن. ئەوان هێزو تواناکانی ناوەوەی خۆیان لەپشت جۆرێك لە دوژمنکاریدا دەشارنەوە. ئەوان ترسی خۆیان لە تەنیایی لەپشت هەوایەك لە سەربەخۆبوون دەشارنەوە. ئەوان متمانە بەهێزو تواناکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو بۆ هەمیشە زورنای -چاکی و پاکی- خۆیان لێدەدەن.

جەنگاوەرەکەمان ئەو هەموو دۆخ و پەیامانە دەخوێنێتەوە لەو ژن و پیاوانەی کە ئەم چاوی بە چاویان دەکەوێت. ئەم هەرگیز بە ڕووکەشی ئەوانی دیکە فریو ناخوات و ئەو کاتەی خەڵکی دەیانەوێت کاربکەنە سەر هەست و مێشکی ئەم بێ دەنگ و خامۆشەو رادەمێنێت. ئەو بۆنەو بوارانە دەقۆزێتەوە تاوەکو هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، چونکە ئەوانی دیکە دەبنە جوانترین ئاوێنەی باڵانومای ئەم.

جەنگاوەر هەموو هەل و دەرفەتێك دەقۆزێتەوە تاوەکو خۆی فێر بکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی جاروبار دەکەوێتە جەنگەوە
لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەندێکجار دەکەوێتە ململانێ و جەنگ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەم خۆشی دەوێن. ئەو مرۆڤەی بەرگریی لە هاورێکانی دەکات مەحاڵە گەرداوی زەمانە بیبەزێنێت و ژیانی پڕ لە هەڵلا پشتی سارد بکاتەوە. ئەم بایی ئەوەندە بەهێزە بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی دونیادا زاڵ ببێت و بۆ پێشەوە مل بنێت.

بەهەرحاڵ زۆرجاران هەر ئەو کەسانە ڕووبەڕووی دەوەستنەوە کە ئەم بۆ خۆی فێری قلنجانێ [4] و شمشێروەشاندنیان دەکات. هەر ئەو شاگردو قوتابیانەی خۆی دنەی دەدەن تاوەکو لەگەڵیاندا بکەوێتە جەنگەوە. ئەوساکە جەنگاوەرەکەمان تواناو بەهرەی خۆی دەنوێنێت. بە چەند لێدان و دەستوەشاندنێکی زۆر کەم وا دەکات قوتابییەکانی چەکەکانیان فرێ بدەن، ئەوسا هارمۆنی و هێوری دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی ئەوان تیایدا بەیەك بگەنەوە.

ڕێبوارێك دێت و لێی دەپرسێت..

- ئاخر تۆ بۆچی وادەکەیت؟ ئەم سەغڵەتییە بۆ؟ کە تۆ بۆ خۆت لە هەموویان چاکترو بەتواناتریت؟

وەڵامی جەنگاوەرەکەمان ..

- ئاخر ئەوان کە بەرەنگاریم دەکەن و بە ڕوومدا هەڵدەشاخێن لە ڕاستیدا گەرەکیانە بمدوێنن و گفتوگۆ گەرم بکەن، ئەوەش تەنها شێوازێکی منە بۆ کردنەوەی گفتوگۆ.

بەر لە چوونە ناو جەنگێکی گەورەوە
جەنگاوەری ڕۆشنایی دەپرسێ:
«ئاخۆ من تا کوێ پەرەم بە تواناکانم داوە؟»

بەرلەوەی جەنگاوەری ڕۆشنایی بکەوێتە ناو جەنگێکی گەورەوە لە خۆی دەپرسێت..

- ئاخۆ من تا کوێ توانیومە پەرە بە بەهرەو تواناکانی خۆم بدەم؟

ئەم دەزانێت لەگەڵ چوونە ناو هەر شەڕێکدا شتێك فێربووە، بەڵام زۆربەی ئەو وانانە بوونەتە مایەی ئازارێکی ئەوتۆ کە هەرگیز پێوستی پێ نەبووە. لە جارێك پتر وا ڕێکەوتووە لەپێناو درۆیەکدا بجەنگێت. ئەم لەپێناو کەسانێکدا ئازارو دەردی چەشتووە کە هەرگیز شایستەی خۆشەویستی ئەم نەبوون.

سەرکەوتووەکان هەمان هەڵە دووبارە ناکەنەوە. هەر لەبەرئەوەشە جەنگاوەری ڕۆشنایی سەرکێشی بە دڵی خۆیەوە دەکات، تەنها لەپێناو ئەو کەسانەدا کە شایستەی ئەو دڵبەخشینەن.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕێز لە وانە سەرەکیەکەی (ئای چینگ) دەگرێت کە دەڵێت: «خۆپاراستن چاکترە»**

جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕێز لە ڕێنمایی و وانە سەرەکییەکانی (ئای چینگ) دەگرێت کە دەڵێت:

- ئاگاداربە خۆپاراستن زۆر چاکە.

ئەم چاك دەزانێت کە هەڵوەستەکردن و خۆپاراستن وەکو پێداگرتن و سوربوون نییە. هەندێك کات وا ڕێکدەکەوێت شەڕو کوشتار درێژە بکێشێت، ئەوەشیان هێزو برستی لەبەر دەبڕێت و دڵگەرمییەکەی دەکوژێت. لە کات و ساتی وادا جەنگاوەرەکەمان بیردەکاتەوە- دواجار جەنگێکی درێژخایەن هەتا سەرکەوتووەکانیش تێکدەشکێنێت.- ئەوسا هەر هەموو هێزەکەی خۆی لە گۆڕەپانی شەڕدا دەکشێنێتە دواوەو مۆڵەتێکی دیکە دەخوازێت و پشوویەك دەدات. ئەم ئارەزوومەندانە خۆی ڕادەگرێت، بەڵام دەشزانێت مەرجە چاوەڕێ بێت تاوەکو لە باشترین هەلی گونجاودا پەلامار بدات.

جەنگاوەر زۆرجاران پەنا دەباتە بەردەمەقاڵێ. ئەم هەرگیز لە کەللەڕەقی خۆیەوە ئەوە ناکات، بەڵکو هەست دەکات ئاوو هەواکە گۆڕاوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەوە دەزانێت چرکەساتی
تایبەت هەن کە خۆیان دووبارە دەکەنەوە٠

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەوە دەزانێت کە هەندێك چرکەساتی تایبەت هەن لە ژیانیدا دووبارە دەبنەوە. زۆرجاران ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێست و کێشەو گرفت دەبێتەوە، ئیدی تەواو پەست و نیگەران دەبێت، وا بیردەکاتەوە کە ئەم تەواو لێ بۆتەوەو لە ژیانیدا هەنگاوێك پێش ناکەوێت.

لە دڵی خۆیدا دەڵێت:»ئاخر من سەردەمانێك لەمەوبەر هەموو ئەم شتانەم بینیوەو چەشتوومە.»

دڵیشی وا وەڵامی دەداتەوە: «ڕاست دەکەیت تۆ هەر هەموویت بینیوە، وەلێ هەرگیز نەتتوانیوە تێپەڕیان بکەیت.» ئەوسا جەنگاوەری ڕۆشنایی تێدەگات دووبارەبوونەوەی ئەو هەموو ئەزموونانە تەنها یەك ئامانجیان هەیە -وانەیەکی فێربکەن کە ئەم نایەوێت فێری ببێت.-

کارو کردەوەکانی جەنگاوەری ڕۆشنایی پێشبینی ناکرێن.

کەس ناتوانێت پێشبینی کردەوەکانی جەنگاوەری ڕۆشنایی بکات. لەوانەیە بەدەم ڕێکردنەوە بۆ سەر کارەکەی بەسەر شەقامەکانەوە سەما بکات، یان بڕوانێتە ناو هەردوو چاوی کەسێکی زۆر غەریب و باس لە خۆشەویستی بکات هەر لە یەکەم نیگاوە، یان بە ئاشکرا بەرگریی لە بیرۆکەیەکی زۆر بێ ماناو پووچ بکات. جەنگاوەرانی ڕۆشنایی ڕۆژانێکی وا بە خۆیان دەبەخشن.

ئەم لەوە ناترسێت بگری و بناڵێنێت بەسەر خەم و حەسرەتە بەسەرچووەکاندا، یان دڵی خۆی خۆش بکات بەو شتە تازانەی دێنە سەر ڕێگای. ئەو کاتەی هەستدەکات هەلی بۆ ڕەخساوە واز لە هەمووشتێك دەهێنێت و یەکسەر دەکەوێتە ناو ئەو سەرچڵی و سەرکێشییەی کە تەمەنێکە خەونی پێوە بینیوە. ئەو کاتەشی کە دەزانێت لەوە پتری پێ ناکرێت واز لەو جەنگە دەهێنێت، بەڵام هەرگیز گلەیی ئەوە لە خۆی ناکات گەر هەندێك هەڵسوکەوتی زۆر گێلانەو چاوەڕوانکراوی لێوەشایەوە.

جەنگاوەر ڕۆژگاری خۆی بەوەوە ناکوژێت ڕۆڵ و گەمەیەك نمایش بکات کە ئەوانی دیکە بۆیان دەستنیشان کردووە.

**جەنگاوەرانی ڕۆشنایی هەمیشە بریسکەیەکی تایبەت وا دەنێو چاوانیاندا.**

جەنگاوەرانی ڕۆشنایی هەمیشە بە بریسکەیەکی تایبەت چاوانیان دەدرەوشێنەوە.

ئەوان سەر بەم جیهانەی خۆمانن، ئەوان بەشێکن لە ژیانی خەڵکی دیکەو بێ خورجین و توێشەبەرە گەشتی خۆیان دەستپێدەکەن و هەتا بێ سۆل ڕێگا دەگرنەبەر. زۆربەی جار دڵەلەرزەیانەو ترسنۆکانە ڕەفتار دەکەن، بۆ هەمیشە ناتوانن بڕیاری ڕاست و دروست بدەن. بە دەست کۆمەڵێك شتی زۆر پڕوپووچەوە دەتلێنەوە، بیروبۆچوونی کەم و بێ ماناشیان هەیەو هەندێکجاریش لەو بڕوایەدان توانای پێگەیشتن و گەورەبوونیان نییە. زۆربەی کاتیش خۆیان بە شایستەی هیچ موعجیزەو خێرو خەڵاتێکی خواهانە نازانن. بۆ هەمیشە تەواو لەوە دڵنیانین کە بۆچی لێرەن و چی دەکەن؟ چەندەها شەو خەویان لێ دەزڕێت، واش هەست دەکەن ژیانیان هیچ مانایەکی نییە. هەر بۆیە بە جەنگاوەرانی ڕۆشنایی ناسراون، چونکە هەڵەی زۆر دەکەن، چونکە پرسیارگەلێکی زۆر لە خۆیان دەکەن، چونکە بە دوای هۆو بیانوودا دەگەڕێن، دڵنیاشن لەوەی کە دەیدۆزنەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لە خەمی ئەوەدا نییە
ئەوانی دیکە چۆن دەیبینن،
لەوانەیە ڕەفتاری شێتانە دەربکەوێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی خۆی بەوەوە پەرێشان ناکات کە لە چاوی ئەوانی دیکەدا هەڵسوکەوتی تەواو شێتانە دەربکەوێت کە بەتەنیا دەبێت دەنگی لێ هەڵدەبڕێت و خۆی دەدوێنێت. یەکێك پێی ڕاگەیاند کە ئەمەیان باشترین شێوازی پەیوەندیکردنە لە تەك فریشتەکاندا. کەواتە هەل دەخوازێت و هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییە دروست بکات. لەسەرەتادا ئەم کارەی زۆر پێ قورس بوو. وای هەست دەکرد کە هیچی پێ نییە بیدرکێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە هەمان قسەی بێ ماناو پڕوپووچ دووبارە بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگاوەرەکەمان هەر مکوڕەو واز ناهێنێت. بەدرێژایی ئەو ڕۆژگارە قسە بۆ دڵی خۆی دەکات. شتی وا دەڵێت کە خۆی لەگەڵیاندا ناکۆکە، دەم هەڵدێنێت و تەواو ترۆهاتە.

ڕۆژێکیان هەستی بە گۆڕانێك کرد لە دەنگی خۆیدا درکی کرد کە وەك کەناڵێك ڕەفتار دەکات بەنیازی گەیاندنی حیکمەتێکی باڵاتر.

لەوانەیە جەنگاوەرەکەمان وەك شێت دەربکەوێت، بەڵام ئەوەیان تەنها دەمامك و ڕووخسار گۆڕینە.

## جەنگاوەری ڕۆشنایی دوژمنەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت.

شاعیر وتی:

- جەنگاوەری ڕۆشنایی دوژمنەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت.

ئەم تواناکانی خۆی دەزانێت و ئاگاداریشە لەوەی هێزی بەسەر چیدا دەشکێت. ئەم پێوستی بەوە نییە بە دونیادا بگەڕێت و بەفیزەوە باس لە بەهرەو خەسڵەتە جوانەکان و چاکەکارییەکانی خۆی بکات، گەرچی بۆ هەمیشە کەسێك هەیەو دەیەوێت بیسەلمێنێت کە خودی خۆی باشترە لەوەی کە هەیە.

وەلێ سەبارەت بە جەنگاوەرەکەمان شتێك نییە بەناوی (باشتر) و (خراپتر) هەر کەسێك بگریت بەگوێرەی ئەو ڕێگایەی هەڵیبژاردووە خاوەن تواناو بەهرەی پێوست بەخۆیەتی، بەڵام هەندێك کەس هەر واز ناهێنن. ئەوانە شەری پێ دەفرۆشن و دەماری دەگرن، بریندار دەکەن، هەرچی لە دەستیان بێت دەیکەن تەنها بۆئەوەی شێتگیری بکەن. لە دۆخی وادا دڵی پێی دەڵێت:»وەڵامی ئەو سووکایەتی پێکردنە مەدەرەوە. ئەوان هیچ لە بەهرەو تواناکانی تۆ زیاد ناکەن. تۆ بێ هوودە خۆت ماندوو دەکەیت.» جەنگاوەری ڕۆشنایی کاتی خۆی بەفیرۆ نادات بەوەی گوێ لەو تانەو تەشەرانە بگرێت، ئەم چارەنووسێکی لەبەردەمدایەو مەرجە بۆی بچێت و ئەرکی خۆی تەواو بکات.

گەرچی بەنێو ئەو هەموو شتانەدا تێپەڕیم
کە دیم و چەشتم، لە هیچ کام لەو گرفت و
دەردەسەرییانە پەشیمان نیم، چونکە ئەوانە
منیان گەیاندە ئەو شوێنەی ئاواتەخوازی بووم.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەم بڕگەیەی (جۆن بونیان)ی دێتەوە یاد کە دەڵێت:

- گەرچی من هەموو ئەو شتانەم بەسەرهات کە تا هەنووکە بینیم و چەشتم، چی کێشەو گرفت و دەردەسەری هەبوون لە شتاقیان پەشیمان نیم، چونکە هەموو ئەو شتانە منیان گەیاندە ئێرە کە خۆزگەم بوو بیگەمێ. هەنووکەش ئەوەی من هەمەو نیمە ئەم شمشێرەیەو دەیبەخشم بەوکەسەی ئارەزوو دەکات ئەم گەشتە پیرۆزە تەواو بکات. من هەموو نیشانەو برینەکانی جەنگەکان وا بە گیانمەوە ئەوانە گەواهی دەدەن کە من چ ئازارو تاڵاوێکم چەشتووە بەڵگەن لەسەر ئەو خەڵات و پاداشتانەی لەو سەرکەوتنانەوە وەدەستم هێناون. ئەو نیشانەو ماك و جێ برینانەن کە من خۆشم دەوێن و دەروازەکانی بەهەشتم لە ڕوودا دەکەنەوە. سەردەمانێك بوو من گوێم لە چیرۆکەکانی ئازایەتی دەگرت. سەردەمانێك من ژیام تەنها لەبەرئەوەی پێوستبوو بژیم، بەڵام هەنووکە دەژیم، چونکە من جەنگاوەرم و خۆزگە دەخوازم ڕۆژێك بێت و من لە تەك (ئەو) [5] ی شکۆدارو مەزندا یاوەرو هاوڕێ بم، ئەوێك کە من لەپێناویدا دلێرانە جەنگام.

**لەو ساتەوەختەی دەست بە گەشتەکەی دەکات**
**جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی لەو ساتەوەختەوەی بڕیاری خۆی دەدات بەوەی گەشتەکەی خۆی دەست پێبکات زۆرباش ڕێگاکەی خۆی دەناسێتەوە.

هەر بەردێك، هەر پێچێك هاوار دەکات و بەخێرهاتنی دەکات. ئەم لەگەڵ شاخەکان و ڕووبارەکان دەبن بەیەك و خۆی لە ڕێی ئەوانەوە دەناسێت. ئەم شتێك لە ڕۆحی خۆی دەنێو گیاندارەکان و ڕووەکەکان و مەلەکاندا دەبینێت، مەلەکانی ناو بێستانەکان. پاشان دوای قایلبوون بە یارمەتی و ئاماژەو نیشانەکانی یەزدان لێدەگەڕێت ژیاننامەی تایبەت بەخۆی ڕێپیشاندەری بێت ڕووەو کارو ئەرکەکان کە خودی ژیان لە هەگبەکەی خۆیدا بۆ جەنگاوەرەکەمانی هەڵگرتووە.

هەندێك شەو شوێنێکی نییە تیایدا بخەوێت، شەوانی دیکە بەدەست خەوزڕانەوە دەتلێتەوە. جەنگاوەرەکەمان بیر دەکاتەوەو دەڵێت:»کارەکان ئاواهی دەچنە پێشەوە. من خۆم ئەو کەسەبووم کە ئەو ڕێگایەم هەڵبژارد تاوەکو پێیدا بڕۆم.»

دەنێو ئەم وشانەدا هەموو هێزی جەنگاوەری ڕۆشنایی بەرجەستە دەبێت. ئەم ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد تاوەکو پێیدا بڕوات، بۆیە هیچ سکاڵاو گلەییەکی نییە.

**لە هەنووکەوە بۆ سەدەها ساڵی دواتر گەردوون**
**یارمەتی جەنگاوەرانی ڕۆشنایی دەدات و**
**کۆسپیش دەخاتە بەردەم لایەنگرەکان.**

هەر لە هەنووکە بەدواوە تاوەکو چەند سەد ساڵێکی دیکەش گەردوون ئامادەو سازە تاوەکو یارمەتی جەنگاوەرانی ڕۆشنایی بدات ، بەڵام کۆسپ و تەگەرە دەخاتە سەر ڕێی لایەنگرەکان.
هێزو وزەی زەوی پێوستی بە تازەبوونەوە هەیە.
بیروباوەری تازە پێوستی بە دونیاو فەزایەك هەیە.
لەش و ڕۆح پێوستیان بە ململانێ و بەرەنگاریی تازە هەیە.
داهاتوو بوو بە ئێستا، هەر خەونێکیش بێجگە لەو خەونانەی پڕن لە وێنەو بیروبۆچوونی پێشتر دامەزراو هەلی ئەوەی بۆ دەرەخسێت کە ببیسترێت.
هەرشتێك گرنگ و جێی بایەخ بێت هەردەمێنێت، هەموو شتێکی بێ کەڵکیش ون دەبێت. بەهەرحاڵ ئەوە ئەرکی جەنگاوەری ڕۆشنایی نییە بڕیار لەسەر خەونی ئەوانی دیکە بدات، کاتی خۆیشی بەفیڕۆ نادات ڕەخنە لە بڕیارەکانی خەڵکی دیکە بگرێت.
تاوەکو بڕوا بەو ڕێبازە بکات کە هەڵیبژاردووە پێوستی بەوە نییە بیسەلمێنێت ڕێبازی کەسێکی دیکە هەڵەیە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی زۆر بەوردی ئەو شوێنە دەپشکنێت کە دەیەوێت داگیری بکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی زۆر بەوردی ئەو شوێنە دەپشکنێت کە دەیەوێ پەلاماری بدات و بیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە. هەرچەندە گەیشتن بەو ئامانجە گران بێت هەمیشە ڕێگایەك هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپ و گرفت و کێشەکاندا. هەوڵی ئەوە دەدات ڕێگاچارەی دیکە بدۆزێتەوە، شمشێرەکەی تیژ دەکاتەوە، هەوڵ دەدات دڵی خۆی پڕ بکات بە ویست و بڕیاری پێوست بەنیازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو ململانێ و کێبڕکێ و بەرەنگاربوونەوەیەکدا، بەڵام ئەو کاتەی هەنگاو هەڵدێنێت و ملدەنێت بۆ پێشەوە جەنگاوەرەکەمان درکی ئەوە دەکات چەندەها کۆسپ و تەگەرە دێنەپێشێ کە ئەم مەزەندەی نەکردوون و بەهەند هەڵی نەگرتوون.

گەر ئەم چاوەڕێی هەلێکی گونجاوو نموونەیی بکات هەرگیز ناتوانێت دەستبەکار بێت. ئەم پێوستی بە جۆرێك لە شێتایەتی هەیە تا هەنگاوی دواتر بنێت.

جەنگاوەرەکە ئەو ڕۆحە شێتانەیەی خۆی دەخاتەکار، چونکە لەمیانەی خۆشەویستی و جەنگدا مەحاڵە بتوانێت پێشبینی هەموو شتێك بکەیت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی بە هەڵەکانی خۆی دەزانێت،**
**بەڵام خەسڵەتە جوانەکانی خۆیشی دەناسێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی بە هەڵەو کەموکورییەکانی خۆی دەزانێت، بەڵام هەمدیس خەسڵەتە باشەکانی خۆشی دەناسێت.

هەندێك لە دۆستەکانی جەنگاوەر گلەیی دەکەن و دەڵێن:

- خەڵکی دیکە لە ئێمە پتر هەل و بواریان لەبەردەمدایە.

خۆ لەوانەیە ئەوان ڕاست بکەن، بەڵام جەنگاوەری ڕۆشنایی خۆی بەدەستەوە نادات و ئامادەنییە شتێکی وا نوشوستی پێ بێنێت و ڕێگەی لێ بگرێت. ئەم هەوڵدەدات تا ئەوپەڕی کەڵك لە خەسڵەتە جوانەکانی خۆی وەربگرێت.

ئەم دەزانێت کە هێزی ئاسك وا لە قاچە بەهێزەکانیدا. هێزی نەورەسیش لەوەدایە کە زۆر بە دیقەت دەنووك لە ماسی گیر بکات. ئەم لەوە گەیشتووە کە پڵنگ لە کەمتیار ناترسێت بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاگاداری هێزی خۆیەتی.

ئەم هەوڵی ئەوە دەدات ئەو شتانە بکات و دایانمەزرێنێت کە بەڕاستی دەرەقەتیان دێت. ئەم هەمیشە لەوە دەکۆڵێتەوە کە سێ شت وا لە هەگبەکەیدایە: (ئیمان و هیواو خۆشەویستی) گەر لە بوونی ئەم سێ شتە دڵنیابێت لەوە دوودڵ نابێت کە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە کەس**
**گەلحۆ نییەو ژیان بۆ خۆی هەمووان فێردەکات-**
**هەرچەندە درێژە بکێشێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی دڵنیایە لەوەی کە کەسێك نییە گێل بێت و ژیان هەر هەموو کەسەکان فێردەکات - هەرچەندە درێژە بکێشێت.

ئەم هەمیشە باشترین شت پێشکەش دەکات و چاوەڕێی باشترینیش لەوانی دیکە دەکات. لەڕێی بەخشندەیی و دڵئاوایی خۆیەوە هەوڵدەدات بۆ هەر کەسێکی دیکەی بسەلمێنێت کە ئەوان چەندە زۆر شتیان لە دەست دێت و دەتوانن کاری جوان ئەنجام بدەن.

هەندێك لە دۆستەکانی دەڵێن:

- ئەها هەندێك کەس چەند سپڵەو بەدنمەکن!

جەنگاوەرەکە بەوە پشتی سارد نابێتەوە. ئەم هەمیشە هانی ئەوانی دیکە دەدات، چونکە ئەوەش شێوازێکە بۆ هاندان و دڵگەرمی خۆی.

**هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی ترساوە**
**لە چوونە ناو جەنگەوە.**

هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی ترس دایگرتووە کە چۆتە گۆڕەپانی جەنگەوە.

هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی جارێك لە جاران لە ڕابردوودا درۆی کردووە یان کەسێکی فریوداوە.

هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی بەڕێگایەکدا ڕۆیشتووە کە ڕێگای خۆی نەبووە.

هەر جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی جار هەبووە بەدەست هەندێك شتەوە تلاوەتەوە کە بێ ماناترین و پووچترین هۆکاری لە دواوە بووە.

هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی بەلایەنی کەم جارێك لە جاران بڕوای وابووە کە جەنگاوەری ڕۆشنایی نییە.

هەر جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی نوشوستی هێناوە لە جێبەجێکردنی ئەرکە ڕۆحییەکانی خۆیدا.

هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی وتوویەتی (بەڵێ) لەوکاتەی ویستوویەتی بڵێ (نەخێر).

هەموو جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی ئازاری کەسێکی هەر داوە کە خۆشی ویستووە.

هەر لەبەرئەوەشە کە جەنگاوەری ڕۆشناییە، چونکە ئەم بەناو ئەو هەموو حاڵەتانەدا تێپەڕیوەو لەگەڵ ئەوەشدا هیوابڕاو نەبووە لەوەی دەتوانێت باشتربێت لەوەی کە هەیە.

جەنگاوەر مەرجە زۆر بەئاسانی
بە بەرەنگاربوونەوە قایل بێت.

جەنگاوەرەکە بۆ هەمیشە گوێ لە هەندێك داناو زانای دیاریکراو دەگرێت. هەروەکو ئەم شتانەی (تی. ئێچ. هەکسلی): «هەر هەموو ئاکامەکانی کردارەکانمان جۆرێکن لە داهۆڵ بۆ کەسە گەلحۆکان و دەبنە چراوگی ڕێپیشاندەر بۆ پیاوە حەکیمەکان.»

بۆردی شەترەنج جیهانە، بەردەکانیشی هێماو نیشانەکانی ژیانی ڕۆژانەمانن، ناومان لە یاساکانی گەمەکە ناوە یاساکانی سروشت. یاریکەرەکەی ئەوبەرمان لە ئێمەوە دیارنییە، بەڵام دەشزانین کە ئەو گەمەیەی بەرامبەرەکەمان دەیکات دادپەروەرانەیە، ڕاستگۆیانەو خودی خۆی پشوو درێژە.

ئەوەی کە دەبێ جەنگاوەری ڕۆشنایی پێی قایل بێت کێبڕکێ و بەرەنگاربوونەوەیە. ئەم دەزانێت یەزدان چاو لە یەك هەڵەی ئەو کەسانە ناپۆشێت کە خۆشی دەوێن، ڕێگاش نادات خۆشەویستەکانی خۆی کە یەزدان پەسەندی کردوون وای بنوێنن کە یاساکانی گەمەکە نازانن و نەفامن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕیارەکانی
خۆی دوا ناخات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕیارەکانی خۆی دواناخات. ئەم بەرلەوەی دەستبداتە کارێك زۆر قووڵ بیری لێدەکاتەوە. ئەم بایەخ بە مەشق و ڕاهێنانەکانی خۆی دەدات و چاوی پێدا دەخشێنێتەوە، سەرباری هەموو بەرپرسیارییەتی و ئەرکەکانی وەك مامۆستایەك هەوڵدەدات هەر هێمن و لەسەرخۆ بێت و لە هەر هەنگاوێکی خۆی ورد دەبێتەوە وەك ئەوەی گەورەترین بایەخی هەبێت.

بەهەرحاڵ هەرکات کە بڕیاری خۆیدا جەنگاوەرەکە دەستپێدەکات. ئەم هیچ گومانێکی نییە سەبارەت بەو کارەی هەڵیبژاردووە، نە ئامادەیە ڕووگەو ئاراستەی خۆی بگۆڕێت گەر بارودۆخەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر گۆڕان لەوەی کە ئەم مەزەندەی کردبوو. گەر بڕیارەکەی ڕاست بێت ئەوە جەنگەکە دەباتەوە، هەتا گەر لەوەش درێژتر بخایەنێت کە ئەم پێشبینی کردبێت. خۆ گەر بڕیارەکەشی هەڵەبێت ئەوە ئەوسا دەبەزێت و مەرجە سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە، بەڵام بە ژیریی و حیکمەتێکی زۆرترەوە ئەمجارەیان. وەلێ هەرکاتێك جەنگاوەرەکەمان دەستپێبکات تا کۆتایی ناوەستێ و بەردەوام دەبێت.

جەنگاوەر دەزانێت باشترین کەس ئەوانەن کە لە گۆڕەپانی جەنگدا وان لەگەڵیداو بەشدارن.

جەنگاوەر دەزانێت کە باشترین مامۆستاکانی ئەو کەسانەن کە دەنێو گۆڕەپانی جەنگدان و دەگەڵیدا بەشدارن.

زۆر ترسناکە داوای ئامۆژگاری بکەیت، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە ئامۆژگاری ببەخشیت.

ئەوکاتەی جەنگاوەر پێویستی بە یارمەتی هەبێت هەوڵدەدات بزانێت ئاخۆ دۆستەکانی چۆن چۆنی کێشەو گرفتەکانیان چارەسەردەکەن، یان چۆن لە دۆزینەوەی چارەسەردا شکست دێنن.

گەر لە سۆراخی ئەوەدابێت سرووشی بۆ داببەزێت ئەوسا ئەو وشانە لەسەر لێوی دراوسێیەکدا دەخوێنێتەوە کە فریشتە یاوەرەکەی هەوڵدەدات هەمان ئەو وشانە بە گوێیدا بچرپێنێت.

ئەو کاتەشی کە ماندووە یان تەنیایە ئەم خەون بەو ژن و پیاوانەوە نابینێت کە لەوەوە دوورن، ئاور لە کەسانی دەوروبەری خۆی دەداتەوە تاوەکو خەم و حەسرەت لەگەڵ ئەواندا بخوات، یان پێویستی خۆی بۆ سۆزو خۆشەویستی تێر بکات بەوپەڕی کەیف و خۆشییەوەو بێئەوەی هەست بە گوناه بکات.

جەنگاوەر دەزانێت کە دوورترین ئەستێرەی تووڕ هەڵدراو دەنێو ئەم گەردوونەدا دەنێو هەموو شتەکانی ئەو دەوروبەرەی جەنگاوەردا خۆ دەنوێنێ و هەم خۆ ئاشکرا دەکات.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی، ئەوانی دیکە**
**لە جیهانەکەی خۆیدا بەشدار دەکات.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەموو ئەو کەسانە دەخاتە ناو جیهانی خۆی کە خۆشی دەوێن و بانگیان دەکات کە هەمان جیهان بەیەکەوە بەش بکەن.

ئەم هەوڵدەدات کە هانی خۆشەویستەکانی خۆی بدات ئەو شتانە بکەن کە حەزدەکەن جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەوان خاوەنی ئەو ئازایەتییە نین.

هەر لە سات و کاتی وادایە دوژمن پەیدادەبێت و دوو پارچە تەختەی بەدەستەوەیە کە دوو ئاگاداری لەسەر نووسراونەتەوە. لەسەر یەکەمیان نووسراوە:

بیر لە خۆت بکەرەوە. هەرچی خێرو خۆشی هەیە بۆ خۆتی گل بدەرەوە، ئەگینا بەوە کۆتاییت دێت کە هەموو شتێك بدۆڕێنیت.

لەسەر دووەمیان نووسراوە:

تۆ خۆت بە کێ تێدەگەیت تاوەکو هەڵپەی یارمەتیدانی کەسانی دیکە بکەیت؟ ئاخۆ تۆ چاوت نەنگی و هەڵەکانی خۆت نابینێت؟

جەنگاوەر دەزانێت کە هەڵەو گوناهی هەن، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە ئەم ناتوانێت بە تەنیا گەورە بێت و پێ بگات و خۆ لە هاوەڵەکانی بە دوور بگرێت، هەر لە سۆنگەی ئەوەوە هەردوو تەختە نووسراوەکە بە زەویدا دەدات، هەتا گەر لەو بڕوایەدا بێت کە ئەم دوو نووسراوە تۆزقاڵێك لە حەقیقەتیان تێدایە. تەختەکان وردوخاش دەبن و دەبنە تۆزو خۆڵ، ئەوسا جەنگاوەرەکەمان هانی ئەو کەسانە دەدات کە لێوەی نزیکن.

ڕێگا: واتا ڕێزگرتن لە هەموو شتە چکۆلەو
ناسکەکان. فێرببە ساتەوەختی گونجاو بناسیتەوە
تا بتوانیت هەڵوێستی دروست وەربگریت.

(لاوتسوو)ی فەیلەسوف سەبارەت بە جەنگاوەری ڕۆشنایی دەڵێت:

- لەو ڕێگایەی دەیگریتەبەر مەرجە ڕێزی هەموو شتە چکۆلەو ناسکەکان بگریت. فێرببە چۆن چۆنی ئەو ساتەوەختە گونجاوە بناسیتەوە بۆئەوەی لە کات و شوێنی خۆیدا هەڵوێستی دروست وەربگریت. هەتا گەر تۆ بۆ چەندەها جار لە ژیانتدا تیرت هاویشتبێت هەمیشە ئاگاداری ئەوەبە کە تیرەکەت چۆن جێگیر دەکەیت و چۆن چۆنی کەوانی لێ ڕادەکێشێت.

گەر کەسێك هێشتا لە سەرەتاشدا بێت، بەڵام بزانێت چی دەوێت دەیسەلمێنێت کە زۆر زیرەکترە لە لێزانێکی بێ هۆش و داڵغەچی.

کۆکردنەوەی خۆشەویستی بەخت هێنە، کۆکردنەوەی ڕق و کینە کارەسات دێنێت. هەرکەسێك گرفت و کێشەکان نەناسێتەوە دەرگا لەسەر پشت بەجێدێڵێت بۆ کارەساتەکان کە خۆ بکوتنە ژوورێ.

جەنگ جیاوازە لە گێچەڵ و دەمەقاڵێ.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بیردەکاتەوەو ڕادەمێنێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی قووڵ بیردەکاتەوەو ورد رادەمێنێت. ئەم لە شوێنێکی کپ و هێمن دادەنیشێت، لەژێر ڕەشماڵەکەی خۆیدا ئۆقرە دەگرێت و خۆی دەداتە دەست ڕۆشناییەکی پیرۆزو خواهانە. ئەو کاتەی وا دەکات تێدەکۆشێت کە بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە، دوورەپەرێز دەوەستێ و خۆی لەوە بەدوور دەگرێت بەدوای خۆشی و لەزەتدا هەڵپە بکات. هیچ مەبەستی نییە خۆ بنوێنێت و حەز بە خۆدەرخستن و بەرەنگاربوونەوەو سنگدەرپەڕاندن ناکات، سادە لێدەگەڕێت کە بەهرەو تواناکانی بۆ ئەوانی دیکە دەربکەوێت. هەتا گەر بێت و لە کاتی خۆشیدا هەست بەم شتانە نەکات ئەو بەهرەو توانایە ژیانی دەپارێزن و ڕۆژبەڕۆژ کاریگەری خۆیان لەسەر بوون و زیندەگی ئەم جێدەهێڵن.

ئەو کاتەشی کە دەکەوێتە بیرکردنەوەو تێڕامان جەنگاوەرەکەمان هەر بە تەنیا خودی خۆی نییە، بەڵکو پرشنگێکە لە ڕۆحی هەموو جیهان. ئەوە ساتەکانی بیرکردنەوەو تێڕامانە کە وایلێدەکات لە ئەرکەکانی خۆی تێ بگات و هەر بە گوێرەی ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییە رەفتار دەکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەوە دەزانێت کە دەنێو خامۆشی دڵی خۆیدا گوێبیستی داواو دەنگێکە کە ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکاتەوەو دەستی دەگرێت بۆ ڕێنماییکردن.

جار هەیە جەنگاوەری ڕۆشنایی وا بیردەکاتەوە
«گەر من ئەم کارە نەکەم هەرگیز ناکرێت.»

هەرقل بە مامۆستاکەی خۆی دەڵێت کاتێك وانەکانی (زن – Zen)[7]ی فێردەکرد:

- کاتێ من بە مەرامی تیرهاوێشتن کەوانەکەمی لێ ڕادەکێشم، ساتەوەختێك دێتە پێشێ کە هەستدەکەم هەناسەم بۆ نادرێت و دەخنکێم گەر یەکسەر دەست بەرنەدەم و تیرەکەم نەهاوێژم.

مامۆستاکەی پێیدەڵێت:

- گەر تۆ سوربیت لەسەر ئەوەی پەلە لە هاوێشتنی تیرەکەت بکەیت، ئەوساکە هەرگیز فێری هونەری تیرهاوێژان نابیت. هەندێکجار ئارەزووی کوشندەو زیاد لە پێوستی تیرهاوێژ وا دەکات کە نیشانەکە نەپێکێت و دەستی ڕاست نەبێت.

هەندێکجار جەنگاوەری ڕۆشنایی وابیردەکاتەوە:»گەر من ئەو شتە نەکەم ئەوە هەرگیز ناکرێت.»

ئەم بۆچوونە تەواو ڕاست نییە، ڕاستە مەرجە جەنگاوەرەکەمان دەستبەکار بێت، بەڵام با بوارێکیش بۆ گەردوون بەجێبێڵێت کە ئەویش کاری خۆی بکات.

که جەنگاوەری ڕۆشنایی دەبێتە قوربانی ستەمێك،
زۆرجاران هەوڵدەدات تەنیا بێت تاوەکو ئازاری
خۆی بەوانی دیکە پیشان نەدات.

ئەوکاتەی جەنگاوەری ڕۆشنایی بێدادی دەچێژێت و دەبێتە قوربانی جۆرێك لە ستەم، زۆربەی جار هەوڵدەدات تەنیا بێت تاوەکو ئەوانی دیکە ئازارو تلانەوەکەی نەبینن. ئەم کارە دوو دیوە: هەم چاکەو هەم خەراپە. دیوێکیان ئەوەیە: لێدەگەڕێت هێدی هێدی لەو دەردە دڵە چاك بێتەوەو برینەکانی لەسەرخۆ ساڕێژبن. بەڵام دیوەکەی دیکەی ئەم کارە تەواو جیاوازە: ئەوکاتەی ئەو کەسە بە درێژایی ڕۆژگار رادەمێنێت و دادەمێنێت و بە قووڵی خەم لەوە دەخوات و دەترسێت لەبەرچاوی ئەوانی دیکە لاواز دەربکەوێت.

دەنێو ناخی هەریەك لە ئێمەدا شەیتانێك و فریشتەیەك دەژین. دەنگی هەدووکیان کتومت لەیەك دەچێت. ئەوکاتەی دووچاری کێشەو گرفتێك دەبین شەیتانەکە هانی ئەو خۆدواندنە دەدات کە لە تەنیاییدا دەیکەین، هەوڵدەدات ئەوەمان پیشان بدات کە چەندە ناسکین و چەند ئاسان بریندار دەبین. فریشتەکەش وامان لێدەکات کە زۆر بە وردی بیر لە هەڵوێستەکانی خۆمان بکەینەوە، خۆ جاروباریش پێوستی بە زاری کەسێکی دیکە هەیە گوزارشت لە ڕۆحی خۆی بکات و ڕازەکانی بدرکێنێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەنێوان تەنیایی و پشتبەستن بەوانی دیکە هەوڵی هاوسەنگی دەدات.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی پێوستی**
**بە خۆشەویستی هەیە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی پێویستی بە خۆشەویستی هەیە. خۆشەویستی و هەست و سۆز بەشێکن لە سروشتی خودی جەنگاوەر هەروەك خواردن و خواردنەوەو هەروەك خۆشی جەنگێکی جوان و پیرۆز. ئەو کاتەی جەنگاوەر لە زەردەپەرو دیمەنی خۆرئاوابوون دەڕوانێت و هەست بەهیچ خۆشییەك ناکات، ئەوسا ئەوەیان بەڵگەیە کە شتێکی هەڵەو نارێك لە ئارادا هەیە. لە دۆخێکی وادا ئەم واز لە جەنگەکە دەهێنێت و بەدوای دۆستێکدا دەگەڕێت تاوەکو پێکەوە لە زەردەی دەمکەل بڕوانن. گەر لە دۆزینەوەی هاودەم و هاوڕێیەکدا زەحمەتی بینی پرسیار لە خۆی دەکات:»ئەرێ تۆ بڵێیت من زۆر لەوە ترسابێتم لە کەسێك نزیك ببمەوە؟ تۆ بڵێیت من سۆزو خۆشەویستییم دەستکەوتبێت بێئەوەی هەستم پێکردبێت؟»

جەنگاوەری ڕۆشنایی کەڵك لە تەنیایی وەردەگرێت، بەڵام ناشبێتە داردەست و ئامرازو گەمەی دەستی تەنیایی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە نەشیاوە بتوانێت
دەنێو دۆخێکی تەواو ئارامدا پشوو بدات و بژی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کارێکی زۆر نەشیاوە بۆی بڕەخسێت لە دۆخێکی تەواو ئارام و پڕ لە حەوانەوەدا ژیان بگوزەرێنێت.

ئەم لە تیرهاوێژەوە فێری ئەوەبووە: بۆئەوەی بتوانێت تیرەکەی دوور بهاوێژێت و تا ئەو شوێنە بڕوات کە خۆی حەزدەکات مەرجە کەوانەکە توند بگرێت. ئەم لە ئەستێرەکانەوە فێربووە کە تەنها تەقینەوە لەناوەوە وادەکات ئەوان تروسکەیان بێت و بدرەوشێنەوە. جەنگاوەر هەستی بەوە کردووە ئەوکاتەی ئەسپێك لەوەدایە بەسەر پەرژینێکدا بازبدات هەر هەموو ماسوولکەکانی خۆی گرژو تورت دەکات، بەڵام جەنگاوەرەکەمان لەنێوان گرژیی و دڵەڕاوکێدا ناشلەژێت و هەرگیز تێکەڵی ناکات.

**هەمیشە جەنگاوەری ڕۆشنایی لەنێوان توندوتیژی و بەزەییدا هاوسەنگی خۆی ڕادەگرێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە لەنێوان توندوتیژی و بەزەییدا هاوسەنگی خۆی ڕادەگرێت. بۆئەوەی خەونی خۆی بێنێتە دی پێوستی بە بڕیارو ویستێکی بەهێز هەیە، بە توانایەکی مەزن بۆ پەسەندکردن و قایلبوون، هەرچەندە ئەم لەوانەیە ئامانجێکی هەبێت، وەلێ ئەو ڕێگایەی دەیگەیەنێتە ئەو ئامانجە بۆ هەمیشە وەك ئەوە نییە کە ئەم مەزەندەی دەکرد.

هەر لەبەرئەوەشە کە جەنگاوەرەکەمان پەنا دەباتە بەر مەشق و خۆڕاهێنان و هەم هاوسۆزی و بەزەییش بەکار دەهێنێت. یەزدان فەرزەندەکانی خۆی فەرامۆش ناکات، بەڵام کەسیش ناتوانێت درکی ڕازو نیازو مەرامەکانی بکات. ئەم هەر بە هەنگاوەکانی ئێمە ئەو ڕێگایە خۆش دەکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی مەشق و خۆڕاهێنان تێکەڵ بە ڕۆحی پەسەندکردن و قایلبوون دەکات تاوەکو پتر دڵگەرمی و جۆش و خرۆشی خۆی گربدات. هەرگیز ڕۆتین نەبۆتە دەستپێك و سەرچاوەی هیچ جووڵەیەکی گرنگ و تازە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەندێکجار وەك ئاو ڕەفتار دەکات، پێچ و لوول بە دەوری ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا ڕێ دەکات کە دەکەونە بەردەمی.

هەندێکجار جەنگاوەری ڕۆشنایی وەك ئاو ڕەفتار دەکات کە بەدەم هەڵقوڵینەوە پێچ و لوول دەخوات بە دەوری ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە ڕێی.

زۆرجاران بەرەنگاربوونەوە بەمانای ڕووخان و تێکشکان دێت، هەر لەبەرئەوەشە کە خۆی لەگەڵ بارودۆخەکاندا دەگونجێنێت بێئەوەی سکاڵاو گلەیی بکات بەوە قایل دەبێت کە بەردەکانی سەر ڕێگای دەبنە کۆسپ و لێناگەڕێن بەنێو شاخاکاندا گوزەر بکات.

هێزی ئاو لەوەدایە بەزەبری چەکوش وردوخاش نابێت و بە چەقۆش زامدار نابێت. تیژترین شمشێر لە دونیادا ناتوانێت ماکی برینێك بخاتە سەر ڕووبەری ئاو.

ئاوی ڕووبار بە هەر کوێدا بڕوات ڕێ بۆ خۆی خۆش دەکات، بەڵام خودی ڕووبارەکە هەرگیز تاکە ئامانجی خۆی لەیاد ناکات. زەریا کە لە سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت زۆر لاواز ڕێ دەکات، هێدی هێدی بەدەم ڕێگاوە هێز لەو ڕووبارانە وەردەگرێت کە دەرژێنەوە سەری، دواجاریش لە دوای قۆناغێکی دیاریکراوەوە دەبێت بە هێزێکی مەزن و بێ سنوورو بێ پایان.

**لە چاوی جەنگاوەری ڕۆشناییدا شتەکان نابەرجەستە نین.**

بۆ جەنگاوەری ڕۆشنایی هیچ شتێك نییە نادیارو نابەرجەستە بێت. هەمووشتێك بەرجەستەو كۆنكرێتییە، هەموو شتێك پڕمانایە. ئەم ناچێت لەژێر دەوارەكەی خۆیدا بە ئارامی دابنیشێت و بە تەنها چاو لەوشتانە بكات كە لە دەوروبەری ئەودا ڕوودەدەن. لەم دونیایەدا ئەم هەموو ململانێ و بەرەنگاربوونەوەیەك بە دەرفەت دەزانێت تاوەكو خۆی بگۆڕێت.

هەندێك لە دۆستەكانی هەموو ژیانی خۆیان بە كرووزانەوەو نووزەنووزكردن بەفیڕۆ دەدەن گوایە بێ هەل و دەرفەت بوون لە ژیانیاندا، یاخود تێبینی و ڕەخنەیان زۆرە لەسەر ئەو هەڵوێست و بڕیارانەی كە خەڵكانی دیكە داویەتی. بەهەرحاڵ جەنگاوەرەكەمان هەموو بیركردنەوەیەك دەكات بەكردار.

هەندێكجار جەنگاوەرەكە ئامانجی هەڵە هەڵدەبژێرێت و باجی ئەو هەڵەیەی خۆیشی دەدات بێئەوەی گلەیی لە بەختی خۆی بكات. هەندێكجاری دیكە ئەم لە ڕێگاكە لادەداو كاتێكی یەكجار زۆر بەفیڕۆ دەدات تەنها بۆئەوەی لەو شوێنەوە دەست پێبكاتەوە كە هەنگاوی لێ هەڵگرت، بەڵام جەنگاوەری ڕۆشنایی دەست لە خۆی ناشوات و هەرگیز ورە بەرنادات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەڵگری
خەسڵەتەکانی بەردە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی خەسڵەتەکانی بەردی هەڵگرتووە. ئەوکاتەی لەسەر پارچە زەوییەکی تەخت وەستاوە هەمووشتەکانی دەوروبەری لە تەك ئەودا هاوسەنگن و ئەویش جێگیرو پێ لە زەوی داکوتراو وەستاوە. خەڵکی دەتوانن خانووەکانیان بەسەرییەوە دروستبکەن، هیچ زریان و گەردەلوولێك ناتوانێت ئەو خانووانە بڕوخێنێت. بەهەرحاڵ ئەو کاتەشی بە قەدپاڵێکەوە سەرەولێژ گیرساوەتەوە شتەکانی دەوروبەریشی هیچ پەیوەندی و هاوسەنگییان دەگەڵ ئەودا نییە، ئەوسا ئەم هێزە شاراوەکانی خۆی دەتەقێنێتەوە، ڕووەو ئەو دوژمنە تلۆر دەبێتەوە کە هەرەشە لە هێمنی و ئاسایشی ئەو دەکات. ئا لەم کاتانەدا جەنگاوەرەکە دەبێتە هێزێکی وێرانکەر هیچ کەسیش ناتوانێت ڕایبگرێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بیر لە ئاشتی و جەنگ دەکاتەوەو دەشزانێت چۆن چۆنی بە گوێرەی هەل و مەرجی دەوروبەر ڕەفتار بنوێنێت.

**کە جەنگاوەری ڕۆشنایی زیاد لە پێویست بڕوای بە زیرەکی خۆی هەبێت، بەوە کۆتایی دێت کە هێزی قاندڕەکەی بە کەم مەزەندە بکات.**

ئەو جەنگاوەرەی لە ڕادەبەدەر بڕوای بە زیرەکی خۆی هەبێت، دواجار بەوە کۆتایی دێت کە هێزی قاندرەکەی بەرامبەری بەسووك و کەمتر مەزەندە بکات. زۆر گرنگە لەیادی نەکەیت کە هەندێکجار هێزو توانا گەلێك کاریگەرترە لە نەخشەو ستراتیژ.

شەرەگا بە هەمووی پازدە خولەك دەخایەنێت، بەڵام ئەو گایە هەر زوو تێدەگات فێڵی لێکراوە، هەر بۆیە هەنگاوی ئایندەی ئەوەیە هێرش بکاتە سەر ئەو پیاوەی شەرەکەی لەگەڵ دامەزراندووە، کە ئەوەش ڕوویدا هیچ برێك لە زرنگی و تەردەستی، هیچ بێنەو بەردەیەك، هیچ بلیمەتی و ئەفسوون و جادوویەك دادنادەن و لە قەومانی ئەو مەرگەساتە دووری ناخاتەوە. هەر لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە جەنگاوەرەکە هەرگیز ئەو هێزە کێوی و درندە ئاسایە بە کەم ناگرێت. ئەو کاتەی بۆی دەسەلمێت کە زۆر شێتانەو توندوتیژو خوێناوییە لە گۆرەپانی جەنگەکە دەکشێتەوە تا ئەو کاتەی دوژمنەکەی بەتەواوی هێزو شەنگی نامێنێت و پرزەی لێ دەبڕێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت
چ كاتێك دوژمن لەو بەهێزترە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت چ کاتێك دوژمن لەو بەهێزترە، گەربێت و بڕیاربدات ڕووبەڕووی ببێتەوە یەکسەر خۆی لەناو دەچێت. گەربێت و وەڵام بە شەڕپێفرۆشتن و دەمارگرتنەکانی دوژمنەکەی بداتەوە ئەوسا دەکەوێتە ناو تەڵەوە، هەر لەبەرئەوەشە پەنا دەباتە بەر دبلۆماسییەتێك کە لە پەنایدا بتوانێت چارەسەری ئەو گرفت و هەڵوێستە نالەبارە بکات کە تێیکەوتووە. ئەو کاتەشی دوژمنەکە وەك منداڵێك ڕەفتاردەکات جەنگاوەر هەمان ڕەفتار دەنوێنێت. ئەو کاتەشی کە دنەی دەدات بۆ جەنگ و ململانێ ئەم وا خۆی دەنوێنێت کە لە هیچ حاڵی نەبووەو تێناگات قاندرەکەی مەرامی چی هەیە.

دۆستەکانی دەڵێن:

- ئەم ترسنۆکە.

بەڵام جەنگاوەرەکە هیچ بایەخێك بۆ ئەم قسەیە دانانێت. ئەم دەزانێت هەرهەموو ئازایەتی و هەڵچوون و خۆگیڤکردنەوەی مەلێکی چکۆلە لە بەرامبەر پشیلەیەکدا هیچ نییە. ئا لەم جۆرە دۆخانەدا جەنگاوەرەکە ئارام و پشوودرێژە، ئەوسا دوژمنەکەش هەر زوو بە زوو ئەو ناوە چۆڵ دەکات و بەدوای کەسانی دیکەدا دەگەڕێت تا شەڕیان پێ بفرۆشێت و شێتگیریان بکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لەبەردەمی
ستەمدا قەت بێباك نابێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لەبەردەمی ستەمدا قەت بێباك نابێت. ئەم دەزانێت کە هەمووان یەکێکن و کرداری تاکەکەسێك لەسەر ئەم ئەستێرەیە کاریگەری خۆی لەسەر هەر یەکێکی دیکە دادەنێت، هەر لەبەرئەوەشە کە ئازارو ئەشکەنجەی ئەوانی دیکە دەبینێت، بە زەبری شمشێرەکەی گەرەکییەتی دادو ئاسایش بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی. وەلێ سەرباری ئەوەی کە ئەم دژ بەستەم و بێدادی دەجەنگێت، بەس هیچ کاتێك ئامادە نییە دادگایی ستەمکار بکات. هەر کەسێك بەرپرسە لەبەردەمی یەزداندا لە کارو کردەوەی خۆی کە چۆنچۆنی وەڵام دەداتەوە. هەر کاتێك جەنگاوەرەکە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کرد هیچ قسەو سەرەنجێکی زیادی ناخاتە سەر.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەنێو ئەم جیهانەدایە تاوەکو یارمەتی هاوڕێکەی بدات، نەك سەرزەنشتی دراوسێکەی بکات.

مەحاڵە جەنگاوەری ڕۆشنایی ترسنۆک بێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی مەحاڵە ترسنۆك بێت. لەوانەیە هەڵاتن شێوازێکی زۆر نایابی بەرگریکردن بێت لە خود، بەڵام ناکرێت مرۆڤ پەنای بۆ ببات ئەوکاتەی کە زۆر ترساوەو زەندەقی چووە، ئەو کاتەی کە گومانی هەیە جەنگاوەری ڕۆشنایی بە باشتری دەزانێت ڕووبەڕووی بەزینەکە ببێتەوەو برینەکانی خۆی بلێسێتەوە، چونکە دەزانێت گەر بێت ڕابکات ئەوسا هێزێکی گەورەتر بە پەلاماردەرەکەی دەبەخشێت گەورەتر لەوەی کە شایستە بێت.

ئەو کاتانەی پڕە لە تەنگوچەڵەمە جەنگاوەرەکە بە ڕۆحی پاڵەوانێکەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕێکەوتە زۆر دژوارانە دەبێتەوە. هەندێکجار بەناچاری ملکەچ دەکاو پاشەکشێ دەکات، جاری واش هەیە دلێرانە بەرەنگار دەبێتەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی قەت پەلەی نییە.

هەرگیز جەنگاوەری ڕۆشنایی پەلەی نییە. کات لە بەرژەوەندی ئەودایە. ئەم فێری ئەوەبووە دان بەخۆدا بگرێ و بەسەر بێ ئارامی خۆیدا زاڵ بێت. بێ بیرکردنەوە هیچ ڕەفتارێك نانوێنێت. کە بەهێواشی ڕێدەکات لە جێگیربوونی هەنگاوەکانی خۆی پتر دڵنیا دەبێت. ئەم دەزانێت کە بەشدارە لە دامەزراندنی ساتەوەختێکی چارەنووسسازو یەکلاییکەرەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەربۆیە پێویستی بەوە هەیە خۆی بگۆڕێت بەرلەوەی بتوانێت دونیا بگۆڕێت، هەر لەبەرئەوەشە کە وشەکانی (لانزا دێل ڤاستۆ)ی دێنەوە یاد:»شۆڕش زەمەنێکی گەرەکە تاوەکو جێگیر دەبێت.»

جەنگاوەر بەر لە گەیین هیچ میوەیەك لە درەخت ناکاتەوە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی پێوستی بە پشوودرێژیی و هەم خێرایی هەیە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی پێوستی بە ئارامی و پشوودرێژیی و خێرایی هەیە. خراپترین هەڵەی ستراتیژی دوو هەڵەن: یەکەمیان ئەنجامدانی کاروکردەوەیەکە بەر لە کاتی گونجاوی خۆی. دووەمیان بەفیڕۆدانی هەل و دەرفەتێکە کە دەرەخسێت. بۆئەوەی خۆ لەو هەڵانە بەدوور بگرێت جەنگاوەری ڕۆشنایی لەگەڵ هەر هەڵوێستێکیدا مامەڵەی جیاوازی دەکات وەك ئەوەی کە حاڵەتێکی تاقانەو دەگمەن بێت. ئەم هەرگیز پەنا ناباتە بەر ڕێ و ڕەسم و دەستوورو ڕەچەتەو بیروڕای ئەوانی دیکە کە بۆی ئامادەکراون.

خەلیفە معاویە لە (عومەری بن عاس)ی پرسیوە ئاخۆ نهێنی گەورەی بەهرەو توانای سیاسەتی ئەم وا لە کوێدایە؟ ئەویش ئاواهی وەڵامی داوەتەوە..

- من هەرگیز خۆم لە هیچ کارێك نەگلاندووە گەر پێشتر بەوردی حیسابم بۆ کشانەوە نەکردبێت. پاشان دیسانەوە من هەرگیز خۆم نەخستۆتە ناو ئەگەرو هەڵوێستێکەوە کە بمەوێت دەستبەجێ خۆمی لێ قوتار بکەم.

زۆرجاران جەنگاوەری ڕۆشنایی
دڵ و دەروونی خۆی بزر دەکات.

زۆرجاران جەنگاوەری ڕۆشنایی دڵ و دەرروونی خۆی لەدەست دەدات. ئەو کاتانە هەست دەکات کە ئیدی شتێك نییە لەناوەوەرا هەست و سۆزی ئەم بوروژێنێت. ئەو هەست و سۆزەی کە خۆی ئارەزووی دەکات. ئەم ناچارە کە چەندەها شەوو ئێوارە وا هەست بکات کە یەکێکە لە بەزیوەکان، لەوەش ناچێت هیچ شتێك ئەو دڵگەرمی و جۆش و خرۆشەی بۆ بگەڕێنێتەوە.

دۆستەکانی دەڵێن:

- لەوانەیە جەنگەکەی تەواو بووبێت.

جەنگاوەرەکە دەشڵەژێت و ئازار دەچێژێت کاتێك گوێبیستی قسەو سەرنجی لەم جۆرە دەبێت، چونکە بەوە دەزانێت کە ئەم هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو شوێنەی مەرامی بوو بیگاتێ، وەلێ ئەم کەللەڕەقەو ئامادە نییە دەستبەرداری ئامانجەکانی خۆی بێت. پاشان لە ساتەوەختێکدا کە ئەم هەرگیز چاوەڕێی نەکردووە دەرگایەکی تازە دەکرێتەوە.

**هەمیشە جەنگاوەری ڕۆشنایی دڵی خۆی لە کینەو ڕق پاك ڕادەگرێت.**

سبۆ هەمیشە جەنگاوەری ڕۆشنایی دڵی خۆی پاك ڕادەگرێت لە ڕق و کینە. کە ڕووەو جەنگ پێ هەڵدەگرێت بیری دەکەوێتەوە عیسا پێغەمبەر فەرموویەتی:»دوژمنەکانی خۆتان خۆشبوێت.» جەنگاوەر ئەم فەرمایشتە لە گوێ دەگرێت، بەڵام ئەم دەزانێت کردەی لێخۆشبوون مانای قایلبوون نییە بە هەموو شتێك. جەنگاوەر ناتوانێت بنوشتێتەوەو سەرنەوی بکات، چونکە گەر وایکرد ئەوسا توانای بینینی ئاسۆی خەونەکانی خۆی نابێت.

ئەم قایلە بەوەی کە دوژمنەکانی بۆ ئەوە لەوێن تاوەکو ئازایەتی و کۆڵنەدان و توانای بڕیاردانی ئەم تاقی بکەنەوە. ئەوانن ناچاری دەکەن لەپێناو خەونەکانیدا بجەنگێت. ئەوە ئەزموونی جەنگە کە جەنگاوەری ڕۆشنایی بەهێز دەکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕابردووی لەیادە٠

جەنگاوەر ڕابردووی لەیادە. ئەم بەوە دەزانێت کە مرۆڤ لە هەوڵی گەڕانی ڕۆحی خۆی ناکەوێت. دەشزانێت هەر ئەم چەشنە گەڕانەیە بۆتە مایەی نووسینی جوانترین لاپەڕەکانی مێژوو، بەڵام هەر ئەو گەڕانەیە کە ناشرینترین لاپەڕەو پاژو قۆناغەکانی مێژووی پڕکردووە لە کوشتارو خوێنڕشتن، قوربانی و تاریکپەرستی. هەر ئەو گەڕانە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس بووە، بیروباوەڕەکانیشی بۆ بەرگریکردن لە ناشرینترین نیازو ئامانجەکاندا خراونەتە گەڕ.

جەنگاوەر گوێی لە خەڵکی بووە کە وتوویانە:»ئاخر من چۆن بزانم ئەو ڕێگایەی من بەسەریدا گوزەر دەکەم ڕاستە ڕێگایە؟» ئەم چەندەها کەسی بینیوە کە وازیان لەو گەڕانە ڕۆحییە هێناوە، چونکە نەیانتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. جەنگاوەرەکە هیچ گومانێکی لە دڵدا نییە. ئەم کەوتۆتە دوای ئەو فەرمایشتەی هەڵە هەڵناگرێت:»تۆ شتەکان بە بەروبوومەکانیانەوە دەناسیتەوە» ئەمەیان قسەی عیسا پێغەمبەرە.

ئەم پەیڕەوی ئەو یاسایە دەکات کە هەرگیز بە هەڵەدا ناڕوات.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی بایەخی زۆر گرنگی سەلیقە دەزانێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی بایەخی سەلیقەو توانای زگماکی بەهەند هەڵدەگرێت. ئەم دەنێو گەرمەی جەنگدا کاتی ئەوەی نییە بیر لە لێدان و کوتان و دەستوەشاندنەکانی دوژمنەکەی بکاتەوە. ئەم پەنا دەباتە بەر سەلیقەو غەریزەی خۆی، گوێش لە فریشتەکەی خۆی رادەگرێت.

لەو کاتانەی ئاشتی سەروەرە ئەم هەوڵدەدات ئەو شفرانە هەڵبێنێت و ئەو ئامازانە بخوێنێتەوە کە یەزدان بۆی دەنێرێت.

خەڵکی دەڵێن:

- ئەم شێت بووە! یان ئەم لە دونیایەکی فانتازیدا دەژی! یان ئاخر چۆن شیاوە بۆ ئەم کە بڕوا بەم شتە نابەجێیانە بکات کە ناچنە ئەقڵەوە؟

بەڵام جەنگاوەر دەزانێت کە خودی سەلیقە- ئەلف و بێ-ی یەزدانەو ئەم گوێ بۆ (با) شل دەکات و لەگەڵ ئەستێرەکاندا دەدوێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لە تەك هاوڕێکانیدا
لە دەوری ئاگردانێکەوە دانیشتوون.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لە تەك دۆستەكانی خۆیدا بەدەوری ئاگردانێكەوە ڕوونیشتوون. هەر هەموو باس لە هەڵمەت و پەلامارەكانی دەكەن، هەركەسێكی نەناسیاوو نامۆ دێتە ناو ئەو كۆمەڵەوە بەخێرهاتنی لێ دەكرێت، چونكە هەر كەسەو شانازی بە ژیانی خۆی و جەنگە خاوێنەكەی خۆیەوە دەكات. جەنگاوەری ڕۆشنایی بە جۆش و خرۆشەوە باس لە ڕێگاو ڕێبازی خۆی دەكات، باسی ئەوەی چۆن چۆنی بەرگریی لە خۆی كردو ڕووبەڕووی ململانێ و كێبركێی ئەوانی دیكە بۆتەوە. لەوە دەدوێ چۆن توانیویەتی چارەسەر بۆ هەڵوێستێكی زۆر ناخۆش و نالەبار بدۆزێتەوە. ئەو كاتانەی ئەم چیرۆكانە دەگێڕێتەوە وشەكانی پڕدەبن لە هەست و سۆزو جگەرسۆزی و ڕۆمانسییەت.

هەندێكجار كەمەكێ زێدەڕۆیی تێدا دەكات. ئەوەشی بیردەكەوێتەوە باوك و باپیرانیشی هەر وابوون و ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی قسەوباسی زیاتر بخەنە سەر چیرۆك و سەرگوزشتەكانیان، هەر لەبەرئەوەشە كە ئەم هەمان خوو دووبارە دەكاتەوە، بەڵام هەرگیز شكۆمەندی و سەربڵندی لەگەڵ فیزو لەخۆباییبوون تێكەڵ ناكات، جگەلەوەش ئەم هەرگیز بڕوای بەو فشەكردن و قسەپێوەنانە زۆرەی خۆی ناكات.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕیاران دەدات ڕۆحی ئەم
وەك هەوری لە ئاسمان ئازادە، بەڵام ئەم
بە خەونی خۆیەوە پەیوەستە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێی لە یەکێك بوو کە دەیوت:»من گەرەکمە ئاگاداری هەمووشتێك ببم و تێبگەم بەرلەوەی بڕیاری خۆم بدەم. من دەمەوێت ئازادبم بۆئەوەی بیروڕای خۆم بگۆڕم.»

جەنگاوەرەکە بە گومانەوە لەم وشانە دەڕوانێت. ئەویش لەو ئازادییە بەهرەمەندە، بەڵام ڕێ لە خۆی ناگرێت کە پەیوەستی هەندێك هەڵوێست نەبێ و خۆی بە بەرپرسیار نەزانێت، هەتا گەر بەتەواوەتیش نەزانێت بۆ وا دەکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕیارەکانی خۆی دەدات. ڕۆحی ئەم وەك هەوری ئاسمانان ئازادە، بەڵام بە خەونەکەی خۆیەوە پەیوەستە. ئەم کە سەربەستانە ئەو ڕێبازەی خۆی هەڵبژاردووە زۆرجاران ناچارە زووتر وەئاگابێت لەوەی حەز دەکات. بۆ کەسانێك دەدوێت کە ئەم هیچ شتێك لەوانەوە فێر نابێت. ئەم مەرجە هەندێك قوربانی پێشکەش بکات.

دۆستەکانی دەڵێن:

- تۆ ئازاد نیت.

جەنگاوەرەکە ئازادە، بەڵام دەشزانێت کە فڕنی کراوە نان نابرژێنێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێ دەگرێت.

بۆئەوەی سەرگەرمی هەر چالاکی و کردەیەك بیت تۆ پێویستت بەوە هەیە بزانیت چاوەڕێی چی دەکەیت؟ چۆن ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنیت؟ ئاخۆ دەتوانیت ئەو ئەرکانەی لەسەر شانتە جێبەجێیان بکەیت یان ناتوانیت؟

ئەو کەسەی کە تەواو تەیارو پڕچەکەو توێشەبەرەکەی پڕە، کەچی هیچ حەزو ئارەزوویەکی نییە خێروبێری جەنگەکانی خۆی بچنێتەوە، وێڕای ئەوەش تەواو خۆی بە ململانێ و کێبرکێوە سەرقاڵ کردووە، ئەو کەسە هەقە بەڕاستی ڕاببگەیەنێت کە خودی خۆی گەرەکی نییە خۆشی لە خێروبێری سەرکەوتنەکانی خۆی ببینێت.

کەسێك دەتوانێت دەست لەو خێروبێرە بکێشێتەوە، بەڵام ئەو وازهێنانە بەڵگەی بێباکی نییە لە بەرامبەر دەرئەنجامەکان.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەرێزەوە گوێ لە ستراتیژی (ماهاتما گاندی) دەگرێت، بەڵام متمانە بەو کەسانەش ناکات کە ناتوانن بگەنە هیچ ئاوات و ئامانجێك، بە تەنها ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن کە بە کەم قایل بن و واز لە دونیا بێنن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بایەخ بە شتە
بچکۆلەکان دەدات، چونکە دەبنە
کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگاکەی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بایەخ بە شتە هەرە چکۆلەکان دەدات، چونکە دەزانێت ئەو شتانە کوشندەن و دەبنە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگای.

درکێك هەرچەندە چکۆلە بێت دەتوانێت وا لە ڕێبوارێك بکات کە بەدەم ڕێگاوە بشەلێت. خانەیەکی چکۆلەو نادیار لەناو لەشدا دەتوانێت دەزگایەکی لەش یان گیانلەبەرێکی تەندروست لەناوبەرێت. وەیادهاتنەوەی ساتەوەختێکی پڕ ترسی ڕۆژگارێکی بەسەرچوو بەسە بۆئەوەی کە وابکات لەگەڵ هاتنی هەر بەیانییەکی تازەدا هەمان ڕۆحی پڕ لە ترس و تۆقین لە تۆدا دووبارە بێتەوە. جاری وا هەیە لە چرکەیەك کەمتر بەسە بۆئەوەی دوژمنەکەت دەرفەت بخوازێت و وەها کوشندە دەست بوەشێنێت کە لە پەلوپۆت بخات.

جەنگاوەرەکە بایەخ بەو شتە بچکۆلانە دەدات. هەندێکجار بەرامبەر بە خودی خۆی دڵڕەقی دەنوێنێت، بەڵام ئەم وای پێ باشترە بەم چەشنە ڕەفتار بکات.

یەکێك لە پەندە کۆنەکان دەبێژێت: (شەیتان دەنێو وردەکارییەکاندا نیشتەجێیە.)

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە بڕوای جێگیر نییە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەموو دەم بڕوای[8] پتەو نییە. کات و ساتی وا هەیە بڕوای بە هیچ شتێك نییە، ئەوسا لە دڵی خۆی دەپرسێت:»ئەرێ ئەوەیان ئەو هەموو کۆشش و هەوڵە دەهێنێت؟»، وەلێ دڵی کپ و خامۆشەو هیچ ناڵێت، ئەوسا جەنگاوەرەکە ناچارە بۆ خۆی بڕیار بدات. پاشان بۆ نموونەیەك دەگەڕێت، وەبیری دێتەوە کە عیسا پێغەمبەر بە دۆخێکی هاوشێوەدا تێپەڕیوە تاوەکو بەتەواوی دەنیو دۆخێکی ئادەمییانە نیشتەجێ بێت.»ئەم کووپە پڕ لە شەرابی خواهانەیە.. لێمی دوور بخەنەوە.» عیسا ئاواهی ژنەوت. ئاخر ئەویش بڕواو ئازایەتی خۆی دۆڕاند، بەڵام وازیشی نەهێنا.

جەنگاوەری ڕۆشنایی سورە لەسەر ئەوەی واز نەهێنێت گەرچی بڕوای لاوازیش بێت. ئەم بۆ پێشەوە مل دەنێت، لە کۆتایشدا بڕواکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

**جەنگاوەرەکە دەزانێت کە هیچ مرۆڤێك
دوورگەیەکی تەنیا نییە.**

جەنگاوەرەکەمان دەزانێت کە هیچ مرۆڤێك بەتەنها خۆی دوورگەیەك نییە.

ئەم ناتوانێت بە تەنیا بجەنگێت. نەخشەکەی هەر چۆنێك بێت ئەم پشت بەوانی دیکە دەبەستێت. پێوستی بەوە هەیە سەبارەت بە ستراتیژی خۆی گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی دیکە بکات، داوای یارمەتی بکات- لەو کاتانەی دەیەوێت بحەوێتەوە- پێوستی بە یاوەرێك هەیە پێکەوە بەدیار ئاگردانێکەوە دانیشن. کەسێك کە بە جووتە دڵخۆش و سەرمەستی باس و خواسی حەکایەتەکانی جەنگ بن.

بەڵام ئەم لێناگەرێت کە خەڵکێك بە پێشێلکاری و بێ بڕوایی خۆیان ئەو دۆستایەتیەو هۆگربوونە بشێوێنن. ئەم لە کاروکردەوەکانی خۆیدا زۆر ئاشکراو ڕوونەو سەبارەت بە پلانەکانیشی زۆر نهێنی پارێزو تەقەتە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لە تەك دۆستەکانی خۆیدا سەما دەکات، بەڵام ئامادە نییە لەبەرامبەر کارەکانی خۆیدا کەس بار بکات و بەرپرسیاریان بکات بێجگە لە خۆی.

**لە ماوەی نێوان جەنگەکاندا**
**جەنگاوەرەکە پشوو دەدات.**

لە پشووەکانی نێوان جەنگەکاندا جەنگاوەرەکە دەحەسێتەوە. زۆرجاران بەدرێژایی ڕۆژەکان هیچ ناکات، چونکە دڵی خۆی ئەوە دەخوازێت، بەڵام بە سەلیقە هەر بێدارو هۆشیارە. ئەم خۆی لە گوناهی زۆر گەورەی تەمبەڵی بە دوور دەگرێت، چونکە دەزانێت ئەوەیان بەرەو کوێی دەبات- بەرەو مۆنۆتۆنی گەرمی پاشنیوەڕوانی یەکشەممەکان کە کات ئاسایی تێدەپەڕێت.

جەنگاوەرەکە ناو لەوەیان دەنێت- ئاشتی و ئارامی ناو گۆڕستان- ئەم بڕگەیەکی بیردەکەوێتەوە لە( کتێبی سرووش) (9) .

«من ئاگاداری کردارەکانتم. تۆ نەگەرمیت و نەساردیت، کەواتە چونکە تۆ شلەتێنیت بۆیە نەساردیت و نەگەرمیت، من بەسەرتا یەق دەدەمەوە.»(١٠)

جەنگاوەر پشوو دەدات و پێدەکەنیت، بەڵام هەمیشە وریاو بێدارە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی ئاگادارە کە**
**هەر کەسێك لە کەسێکی دیکە دەترسێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە هەر کەسێك لە کەسێکی تر دەترسێت. بە گشتی ترس بە دوو شێوە خۆی دەردەخات: لەڕێی شەڕفرۆشی یان خۆ بەدەستەوەدان. ئەوەشیان دوو ڕووی هەمان گرفتە. هەر لەبەرئەوەشە کە خۆی لەبەردەمی کەسێکدا دەبینێتەوە کە تا ئەوپەڕی لێی بترسێت، ئەوسا جەنگاوەرەکە ئەوە بیر خۆی دێنێتەوە کە کەسی بەرامبەریش وەك ئەم زەندەقی چووە. ئەم بەسەر هەمان کۆسپ و تەگەرەدا زاڵ بووەو هەمان گرفت و کێشەشی تاقیکردۆتەوە، بەڵام دەزانێت چۆن مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ هەڵوێستەکەدا بکات. بۆچی؟ چونکە ئەو ترس دەکات بە مەکینەیەکی وزەبەخش و بزوێنەر نەك ئیستۆپێك کە بیوەستێنێت.

جەنگاوەرەکە لە دوژمنەکەی خۆیەوە فێر دەبێت و بەهەمان شێوەش ڕەفتار دەکات.

سەبارەت بە جەنگاوەری ڕۆشنایی
شتێك نییە بەناوی خۆشەویستی مەحاڵ.

بۆ جەنگاوەری ڕۆشنایی هیچ شتێك نییە بەناوی خۆشەویستی مەحاڵ. ئەم هەرگیز بە خامۆشی و بێباکی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر چاوی ناترسێت. ئەم دەزانی لە پشت ئەو دەمامکی سەهۆڵەی سەر ڕووخساری خەڵکی دڵێکی پڕ لە ئاگرو بڵێسە هەیە کە کوتەکوت لێدەدات، هەر لەبەرئەوەشە جەنگاوەرەکە لە خەڵکانی دیکە زۆرتر خۆی دەخاتە ناو مەترسی و دونیای سەرکێشییەوە. ئەم بۆ هەمیشە بەدوای خۆشەویستی کەسێکدا دەگەڕێت، هەتا گەر دووچاری ئەوە بێت کە زۆرجاران گوێی لە وشەی (نەخێر) بێت، بەزیوو دڵشکاو بگەڕێتەوە ماڵەوەو هەست بەوە بکات کە چ وەك لەش و چ وەك ڕۆح کەس پێی قایل نەبووە.

جەنگاوەر هەرگیز خۆی ناداتە دەست ترس ئەو کاتەی لە گەڕاندایە بۆ ئەو شتەی گەرەکییەتی. بەبێ ئەڤین ئەم هیچ نییە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی خامۆشی بەر**
**لە هاتنی جەنگێکی گەورەو گرنگ دەناسێتەوە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەو خامۆشییە دەناسێتەوە کە دەکەوێتە پێش جەنگێکی گرنگ و ناقۆڵاوە.

لەوە دەچێت خامۆشی دەنگ هەڵبێنێت:»هەموو شتەکان تەواو بوون و وەستان. بۆچی جەنگ و کوشتار لەیاد ناکەن و کەمێك بۆ خۆتان خۆش بگوزەرێنن؟»

لە ئان و ساتی وادا جەنگاوەرە بێ ئەزموونەکان چەکەکانیان فڕێ دەدەن و سکاڵای ئەوە دەکەن کە بێزارو وەڕزبوون.

جەنگاوەرەکە گوێ لەو بێ دەنگییە دەگرێت، زۆر بەوردی هەست و خوست ڕادەگرێت. ئەم دەزانێت کە بوومەلەرزە گەورەو وێرانکەرەکان بێئەوەی کەس ئاگاداربکەنەوە دەقەومێن. ئەم پێشتریش بەنێو دارستانەکاندا تێپەڕیوە، شەوەهای شەو. دەقاودەق دڵنیایە لەوەی کە ئەو وەختەی گیاندارەکان کپ و خامۆش دەسرەون ئەوەیان بەڵگەیە کە مەترسی وابەڕێوەیەو نزیك بۆتەوە.

لەوکاتەی ئەوان سەرگەرمی دەمەتەقێن جەنگاوەرەکە مەشق لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی شمشێرەکەی دەکات و بە هەردوو چاوانیشی لە ئاسۆ دەڕوانێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕوادارە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕوادارە، چونکە ئەم بڕوای بە پەرجووەکان[١١] هەیە. پەرجووەکانیش دێنەدی، چونکە ئەم دڵنیایە بیروباوەڕەکانی دەتوانن ژیانی بگۆڕن، واشی لێدێت کە ژیانی بگۆڕێت، چونکە دڵنیایە لەوەی کە خۆشەویستی دەدۆزێتەوە، هەرواشە خۆشەویستی بۆی دێتە پێشێ.

جاروبار لێرەولەوێ نائومێد دەبێت. هەندێکجاریش ئازار دەچێژێت، پاشان گوێبیستی خەڵکەکەیە دەڵێن:

- بێ ئەندازە جوامێرە! چەندە خاکی و لە ڕووە.!

بەڵام جەنگاوەرەکە دەزانێت مەسەلەکە ئەو هەموو کۆشش و ماندووبوونە دەهێنێت. ئاخر لەپای هەر بەزینێکیدا ئەم لە دوو سەرکەوتندا بەهرەمەند دەبێت و خێرەکەی دەچنێتەوە. هەر هەموو بڕوادارەکان ئەوە دەزانن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە
باشترین شت ئەوەیە بکەوێتە دوای ڕۆشنایی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی فێری ئەوە بووە کە لە هەموو شتێك باشتر ئەوەیە دوای ڕۆشنایی بکەوێت. ئەم هەر بە ڕواڵەت خۆی باش نیشانداو ناپاکانە ڕەفتاری کرد. خۆ درۆشی کرد لە ڕاستەڕێ لایدا، مەرایی بۆ تاریکیش کرد، هەمووشی زۆر جوان بەڕێوەچوو، هەروەکو ئەوەی هیچ رووی نەدابێت،

پاشان لەناکاو خەرەندێکی بێ بن دەم دەکاتەوە. تۆ دەتوانیت هەزاران هەنگاو بڕۆیت دڵنیاو بێ مەترسی، بەڵام لەوانەشە تەنها هەنگاوێك ئەولاتر بڕۆیت کۆتایی بە هەموو شتێك بێت. ئەوسا جەنگاوەرەکە دەوەستێت بەرلەوەی خۆی وێران بکات. ئەو کاتەشی بڕیاری وەستان دەدات گوێ لە چوار سەرنج دەگرێت(تۆ هەمیشە ئەو کارە دەکەیت کە هەڵەیە. تۆ زۆر لەوە پیرتری بگۆڕێیت. تۆ کەسێکی باش نیت. تۆ شایستەی ئەوە نیت.)

ئەم سەر هەڵدەبڕێت بۆ ئاسمان و دەنگێك دێتە گوێی..

- ئازیزەکەم هەموو کەس هەڵە دەکات. من دەتبەخشم، بەڵام من ئەو لێخۆشبوونەت بەسەردا ناسەپێنم، تۆ ئازادیت قایل بیت یان نا.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕاستەقینە بەو بەخشینە قایلە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی هەمیشە هەوڵدەدات**
**پەرە بە تواناكانی خۆی بدات.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەمیشە هەوڵدەدات کە چاکتر بێت.

هەر شمشێروەشاندنێکی جەنگاوەر پڕە لە ژیریی و تێرامانی چەندەها سەدە. هەر شمشێروەشاندن و لێدانێك پێوستی بە هێزو تواناو هونەری هەرهەموو جەنگاوەرەکانی ڕابردوو هەیە، بگرە هی ئەمڕۆش کە تا هەنووکەش ئەو ململانێیە بە پیرۆز ڕادەگرن. هەر جووڵەیەك لە ماوەی ئەو بەرهەڵستکاریی و جەنگەدا ڕێز لە هەموو ئەو جووڵەو موناوەرانە دەگرێت کە نەوەکانی پێشووتر لە ڕێی دابونەریتەوە وەك میراتێك پشت بە پشت گواستوویانەتەوە.

جەنگاوەرەکە تابۆی بکرێت پەرە بە جوانی لێدان ودەستوەشاندنەکانی خۆی دەدات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی جێی متمانەیە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی جێی متمانەو پشت پێ بەستنە. هەندێك هەڵەی کەمی هەیە هەندێکجار وا هەست دەکات کەسێکی زۆر لەوە پایەدارترە، پایەدارتر لەو وێنەیەی لە ژیاندا دروستی کردووە، بەڵام درۆ ناکات.

ئەوکاتەی خەڵکی بە چواردەوری ئاگردانێکەوە دادەنیشن ئەم دۆستەکانی خۆی دەدوێنێت، لە نێرو لە مێ. ئەم دەزانێت کە وشەکانی دەنێو یادەوەری گەردووندا دەمێنێتەوە وەك گەواهی و بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی چۆن چۆنی بیری کردۆتەوە.

جەنگاوەرەکە لە خۆی دەپرسێت:»ئەرێ بەڕاست من بۆ ئەوەندە قسان دەکەم کە من بۆ خۆم زۆرجاران دەرەقەتی ئەوە نایەم ئەوەی دەیڵێم جێبەجێی بکەم؟»

دڵ وەڵامی دەداتەوە:»ئاخر ئەو کاتەی بەئاشکرا بەرگریی لە بیروباوەری خۆت دەکەیت لەبەرچاوی خەڵکی، ئەوساش هەوڵی ئەوە دەدەیت کە بە گوێرەی ئەو بیروباوەڕانە بژیت.» لەبەرئەوە وای لێدێت کە بڕوا بکات ئەم ئەو کەسەیە ڕایدەگەێنێت، ئەوسا جەنگاوەرەکە بەو ئەنجامە دەگات کە دەقاودەق ئەو کەسە بێت.

**جەنگاوەر دەزانێت دەنێو گەرمەی ململانێدا**
**چەندەها هەڵوەستەو وەستان هەیە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە جاربەجار دەنێو گەرمەی ئەو ململانێ و کێبرکێیەدا وەستانی تێدەکەوێت. هیچ پێوست بەوە ناکات شتەکان بە زۆر بسەپێنێت و مەرجە کە ئارامی هەبێت و پشووی درێژ بێت، چاوەڕێ بێت تا هەردوو لایەنەکە دیسانەوە بەیەکدا دێن و بەرەنگاری یەك دەبنەوە دەنێو خامۆشی گۆڕەپانی جەنگدا. ئەم گوێ لە ترپەترپی دڵی خۆی دەگرێت، هەست بە خۆی دەکات کە ئاڵۆزەو دەماری گرژ بووەو دیارە دەترسێت.

جەنگاوەرەکە دەگەڕێتەوە سەر یاسا بنەڕەتییەکانی ژیانی خۆی. دڵنیا دەبێت لەوەی شمشێرەکەی تیژە، دڵی پڕ لە ئۆقرەیە، هێشتا ئیمان لە ڕۆحیدا داگیرساوە، دەشزانێت کە مانەوەو خۆڕاگرتن بەقەد کردار گرنگە.

هەمیشە شتێك هەیە کە تەواو ڕاست و لەجێی خۆیدا نییە. ئەوسا جەنگاوەرەکە کەڵك لەو ساتەوەختانە وەردەگرێت کە زەمەن تیایدا وەستاوە تاوەکو باشتر خۆی سازو ئامادە بکات.

**جەنگاوەر دەزانێت کە فریشتەیەك و ئەهریمەنێك لەسەر شمشێرەکەی کێبڕکێیانە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت فریشتەیەك و ئەهریمەنێك پێشبڕكێیانە لەسەر وەدەستهێنانی شمشێرەكەی دەستی.

ئەهریمەن دەبێژێت:

- ئەوەتا خەریكە بێ هێز دەبیت، دەقاودەق ناشزانیت كەی؟ ئەوەتا دەترسیت.

جەنگاوەرەكە سەرسامە! هەردووكیان: فریشتەكەو ئەهریمەنەكە هەمان قسەیان كرد. پاشان ئەهریمەنەكە تێهەڵدەچێتەوە:

- ڕێم بدە با یارمەتیت بدەم.

فریشتەكەش دەڵێت:

- من یارمەتی تۆ هەردەدەم.

ئا لەو ئان و ساتەدا جەنگاوەرەكە هەست بە جیاوازییەكە دەكات. خۆ لەوانەیە وشەكان لە یەكدی بچن، بەڵام ئەو دوو هاوپەیمانە تەواو جیاوازن. ئا لەوكاتەدا دەستی فریشتەكە هەڵدەبژێرێت.

**هەرکاتێك جەنگاوەر شمشێرەکەی ڕاکێشا بەکاری دەهێنێت.**

هەرکاتێك جەنگاوەری ڕۆشنایی شمشێرەکەی ڕاکێشا بەکاری دەهێنێت. دەکرێت بۆ پاککردنەوەی ڕێگایەك بەکاربێت، یان بۆ ئەوە بێت یارمەتی کەسێك بدات، مەترسییەك دووربخاتەوە، بەڵام شمشێر شتێکی حولحولی و هەوەسگۆڕەو حەز ناکات هەر لە هیچ و خۆڕایی دەمی تیژی بەر شتەکان بکەوێت، هەر لەبەرئەوەشە جەنگاوەرەکە هەرگیز هەرەشە ناکات. ئەم دەتوانێت هێرش بکات، بەرگریی لە خۆی بکات یان هەڵبێت. هەموو ئەو هەڵوێستانە بەشێکن لە ململانێ. بەهەرحاڵ بەشێکی ئەو ململانێیە بۆئەوە نییە هێزو زەبری ئەو لێدان و دەستوەشاندنە تەواو کەم بکاتەوە بەوەی کە قسەی لەسەر دەکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە ئاگاداری جووڵەکانی شمشێرەکەی خۆیەتی، بەڵام هەرگیز ئەوەشی بیر ناچێت کە شمشێرەکەش چاودێری هەموو جووڵەیەکی جەنگاوەرەکە دەکات.

شمشێر بۆ ئەوە دروست نەکراوە بەدەم بەکاربهێنرێت.

**هەندێكجار شەیتان دەكەوێتە دوای جەنگاوەری ڕۆشنایی كە شتێكی وادەكات جەنگاوەرەكە بانگهێشتی ژێر دەوارەكەی خۆی دەكات.**

هەندێکجار شەیتان دەکەوێتە دوای جەنگاوەری ڕۆشنایی کە وادەکات زۆر بەهێمنی جەنگاوەرەکەمان بانگی شەیتان دەکات بۆ ژێر دەوارەکەی. ئەم لە شەیتان دەپرسێت..

- تۆ دەتەوێت ئازاری من بدەیت یان بەکارم بێنیت بۆ ئازاردانی خەڵکی دیکە؟

شەیتان وای دەنوێنێت گوێی لێ نەبووە. دەڵێت گوایە ئەم بەو تاریکییە دەزانێت کە وا دەنێو ڕۆحی جەنگاوەردایە. دەست لەو برینانە دەدات کە هێشتا سارێژ نەبوون و بانگی دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە، باس لە هەندێ فروفێڵی تایبەت دەکات و ژەهری وا کە کەس هەستی پێ نەکات بەو نیازەی دوژمنەکانی پێ لەناو ببات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێ دەگرێت، ئەگەر گفتوگۆکە ڕووی لە ساردی کرد جەنگاوەرەکە پتر هانی شەیتان دەدات لەسەر قسەکردن بەردەوام بێت بەوەی کە پرسیاری لێ دەکات ئاخۆ نەخشە جۆربەجۆرەکانی چین. ئەو کاتەی گوێی لە هەمووشتێك دەبێت هەڵدەستێت و ئەو ناوە بەجێ دەهێڵێت. دوای ئەو هەموو قسەکردنە شەیتان هەست دەکات ئەوەندە بەتاڵبۆتەوەو بەرادەیەك ماندووە کە هێزو شەنگی نەماوە دوای جەنگاوەر بکەوێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی بێ ئاگا لە خۆی هەنگاوێکی هەڵە هەڵداوێت و دەکەوێتە ناو خەرەندەوە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی بێ ئاگا لە خۆی هەنگاوێکی هەڵە دەنێت و دەکەوێتە نێو قووڵایی خەرەندێکەوە(١٢). تارماییەکان دەیترسێنن و تەنیاییش ئازاری دەدات. ئامانجی ئەم ئەوەبوو کە لەناو جەنگێکی ڕاست و جواندا بجەنگێت، هەرگیز مەزەندەی نەدەکرد ئەوەی بەسەر بێت، بەڵام ڕوویدا، کە لە هەموو لایەکەوە تاریکی گەمارۆی داوە. پەیوەندی بە مامۆستاو گەورەی خۆیەوە دەکات پێی دەڵێت:

- گەورەم من کەوتمە ناو خەرەندێکەوە ئاوەکەی زۆر قووڵ و تاریک بوو.

مامۆستاکەی وەڵامی دەداتەوە..

- یەك شتت لەیاد نەچێت تۆ تەنها لەبەرئەوە ناخنکێیت کە لە ئاودا نوقم بوویت، تۆ تەنها ئەو کاتە دەخنکێیت کە لەژێر ڕووبەری ئاوەکەی.

جەنگاوەرەکە هەموو هێزو توانای خۆی دەخاتەگەڕ تاوەکو لەو تەنگانەیە قوتاری بێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی وەك منداڵ ڕەفتار دەكات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی وەك منداڵ ڕەفتار دەكات. خەڵكی هێدمەگرتی[١٣] دەبن. ئەوان لە بیریان چووە كە منالێك پێوستی بەوە هەیە سەرگەرمی گەمەو گاڵتەو خۆشی بێت، كەمەكێ بێ ڕێزی بنوێنێت و پرسیاری منداڵانەو نابەجێ بكات، شتی بێ ماناو وا ترۆهات بدركێنێ و بڵێت كە خودی خۆی بڕوای پێ نەبێت. هەر ئەو خەڵكە بە ترسێكەوە دەڵێن:

- كەواتە ئەوەیان ڕێبازی ڕۆحییە، وانییە؟ وای كە نەزان و كاڵفامە!

جەنگاوەرەكە شانازی بەم جۆرە قسانەوە دەكات. ئەم لەگەڵ یەزداندا لە ڕێی پاكی و بێ گوناهی و خۆشنوودی خۆیدا پردو پەیوەندی هەیە بێئەوەی چاو لە ئەركەكانی سەرشانی خۆی بپۆشێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی کەسێکە سەلماندوویەتی توانای سەرنجدان و فێربوونی هەیە.**

سەرچاوەی یان ڕەگی لاتینی وشەی -responsibility- مانا ڕاستەقینەکەیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەویش واتا- توانای وەڵامدانەوەو بەدەنگەوەهاتن بەدەم یان بەکردەوە، کاردانەوەو هەڵویست وەرگرتن تا ئاستی بەرپرسیاربوون.-

جەنگاوەرکەسێکە کە سەلماندوویەتی توانای وردبوونەوەو سەرنجلێدانی شتەکانی هەیەو دەتوانێت فێر ببێت، ئەم هەتا توانای ئەوەی هەیە خۆی بە بێباك و نابەرپرسیار بزانێت. هەندێکجار خۆی دەداتە دەست ئەو هەڵوێستەی تێیکەوتووە بێئەوەی هیچ وەڵام و کاردانەوەیەکی هەبێت، بەڵام ئەم هەمیشە فێری وانەو پەندی خۆی بووە، هەڵوێستی پێوستی وەرگرتووە، گوێی لە ئامۆژگاری گرتووەو ئەوەندە بێ فیزە ئامادەیە هەموو یارمەتییەك لە بەرامبەرەکەی وەربگرێت.

جەنگاوەری بەرپرسیارکەسێك نییە هەمووقورسایی دونیا بخاتە سەرشانی خۆی، بەڵکو کەسێکە فێری ئەوەبووە چۆن دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا نەرم بکات کە بەرەنگاری دەبنەوە لە هەنووکەدا.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە
گۆڕەپانی جەنگی خۆی هەڵنابژێرێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە گۆڕەپانی جەنگەکەی خۆی هەڵنابژێرێت. هەندێکجار لەناوەراستی گەرمەی جەنگەکاندا سرو سەرسام دەبێت، چونکە جەنگەکان بە ویست و هەڵبژاردنی خۆی نین، بەڵام ڕاکردن و خۆدزینەوە لەو جەنگانە بێ هوودەیە، چونکە ئەو جەنگانە ڕاوەدووی دەنێن، ئەوساش ململانێیەکە دەبێتە شتێك کە ئیدی خۆدزینەوە لێی دەبێ بەمەحاڵ، جەنگاوەرەکە لەگەڵ قاندرەکەی خۆی دەدوێت. نەدەترسێت و نە دەلەرزێت، هەوڵدەدات بزانێت بۆچی ئەو کەسەی بەرامبەری نیازی بەشەڕ هەیە؟ چی وای لێکردووە گوندەکەی خۆی جێبێڵێت و بەدوای ئەمدا بگەڕێت تاوەکو ملبداتە بەرملی هەتا بێئەوەی شمشێرەکە لە کێلان دەربهێنێت؟ جەنگاوەرەکە دەیەوێت دوژمنەکەی بەوە قایل بکات کە ئەمەیان جەنگی ئەم نییە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێ لە قسەکانی قاندرەکە دەگرێت. تەنها ئەوکاتە دەجەنگێت کە بزانێت ئیدی شەڕەکە تا ئەوپەڕی ڕەهایە.

**جەنگاوەرەکە لێدەگەڕێت بڕیارەکان گوزارشت لە خۆیان بکەن.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی تۆقیوە لەو کاتەی دەگاتە قۆناغێك کە مەرجە بڕیاری گرنگ بدات.

بڕادەرێك پێی دەڵێت:

- ئەمەیان بۆ تۆ زۆرە.

یەکێکی دیکە پێیدەڵێت:

- ئازابەو مل بنێ بۆ پێشەوە.

ئەو کاتە گومانەکانی گەورە دەبن. لە دوای چەند ڕۆژێك لە دڵەڕاوکێ دەچێتەوە ژێر دەوارەکەی خۆی، خۆی لە سوچێکدا مەڵاس دەدات و لەو شوێنەی هەمیشە بیردەکاتەوەو نوێژان دادەبەستێت خۆی دەبینێت. لە داهاتوودا ئەم ئەو کەسانە دەبینێت کە لەپای هەڵوێستی ئەمدا قازانج دەکەن یان زیان دەکەن. ئەم نایەوێت بێتە مایەی ئازاری و تلانەوەی بێ مانا، بەڵام ناشیەوێت واز لەو ڕێبازەی خۆیشی بهێنێت.

جەنگاوەرەکە لێدەگەڕێت کە بڕیارەکە ڕووخساری خۆی دەربخات و خۆی بنوێنێت. گەر پێویست بکات بڵێ (بەڵێ) زۆر ئازایانە دەیڵێت، گەر پێویستیش بکات بڵێ (نەخێر) بێ نیشانەی هیچ ترسێك دەیدرکێنێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی بەتەواوەتی بە**
**داستانی تایبەت بە خۆی قایلە٠**

جەنگاوەری ڕۆشنایی تەواو قایلە بە داستانی تایبەت بە خۆی.
دۆستەکانی دەڵێن:
- ئەم بڕوایەکی تەواو دیارو گەشی هەیە.
بۆ ساتەوەختێك جەنگاوەرەکە شانازی بە خۆیەوە دەکات، پاشان دەستبەجێ شەرم دایدەگرت لەوەی گوێی لێبووە، چونکە ئەو بڕوای بەو جۆرە نییە کە وادەربکەوێت هەیەتی. ئا لەوساتەدا فریشتەکەی دەچرپێنێت:
- تۆ بە تەنها دەسکەلاو ئامرازێکیت بۆ ڕۆشنایی خۆی. هیچ هۆو بیانوویەك لە ئارادا نییە تاوەکو شانازی بەخۆتەوە بکەیت یان هەست بە گوناە بکەیت. بەتەنها چەند هۆیەك هەن بۆئەوەی هەست بە بەختەوەری بکەیت.
کەواتە جەنگاوەری ڕۆشنایی ئێستا ئاگادارە لەوەی کە ئەم بە تەنها ئامرازێکە پتر هەست بەوە دەکات کە ئارامترو دڵنیاترە.

جەنگاوەرانی ڕۆشنایی هەرگیز بەو
شتانە قایل نین کە دەزانن ناپەسندن.

ماریك هاتلر وتوویەتی:»لەوانەیە (هێتلەر) لە گۆڕەپانی جەنگدا دۆڕاوبووبێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەویش شتێکی بردەوە، چونکە مرۆڤی سەدەی بیستەم توانی گرتووخانەی سەربازی و ئۆردووگای زۆرەملێ دروستبکات و ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکی زیندووکردەوە. ئەوەشی فێری هاوتوخمی خۆی کرد کە مرۆڤ دەتوانێت چاو لە دەردو مەرگەساتی ئەوانی دیکە بپۆشێت و خۆی لێ نەبان بکات.» خۆ لەوانەیە ڕاست بکات، ئەوەتا بێ شومار منداڵانی لانەوازو بێ دەرەتان و فەرامۆشکراو هەن، بەکۆمەڵ کوشتنی بێ چەك و بێ تاوان. کەسانێکی زیندانیکراو بێئەوەی گوناهیان کردبێت. پیرو پەککەوتەی تەنیاکەوتوو. بەدمەستی کەوتوو لەسەر ڕێگاو ناو زێرابەکان. کۆمەڵێك خەڵکی شێت و وێت کە دەستەڵاتدارو فەرمانڕەوان، بەڵام لەوەش دەچێت ئەم کابرایە تەواو هەڵە بێت، چونکە لەبەرامبەردا چەندەها جەنگاوەری ڕۆشنایی هەن.

جەنگاوەرانی ڕۆشنایی هەرگیز بەو شتانە قایل نابن کە دەزانن ناپەسندن.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی ژیرەو لەمەڕ بەزینەکانی خۆی هیچ نالێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەرگیز ئەو پەندە کۆنەی لەیاد ناچێت (بزنێکی ساواو بەستەزمان و چاك ناقارێنێت.)

ستەم و بێدادی هەر ڕوودەدەن. هەموو کەسێك خۆی لە بارودۆخی وادا دەبینێتەوە کە هەرگیز شایستەی دۆخێکی وا نالەبار نەبێت، زۆربەشی ئەو کاتانایە کە کەسەکان ناتوانن بەرگریی لە خۆیان بکەن. زۆرجاریش بەزین لە دەرگای جەنگاوەر دەدات. لە کات و ساتی ئاواهیدا ئەم خامۆش دەبێت. هێزو تواناو وزەی خۆی لە وشەکاندا بەفیڕۆ نادات، چونکە وشەکان هیچیان پێناکرێت، پێی زۆرباشترە کە هێزی خۆی بخاتە گەڕ تاوەکو بەرگریی بکات و پتر ئارام بێت، پشوودرێژتر، چونکە دەزانێت زاتێکی مەزن چاودێری دەکات، زاتێك کە ئازارو تلانەوەی وای بینی کە بە پێوستی نازانێت و پێی قایل نییە ڕەتی دەکاتەوە.

ئەو زاتە ئەو شتە بە جەنگاوەرەکەمان دەبەخشێت کە زۆر پێوستی پێیەتی ئەویش( کات)ە.

درەنگ و زوو هەموو شتەکان وا دەچنەپێشێ کە لە بەرژەوەندی جەنگاوەردا بێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی کەسێکی ژیرە، گەرەکی نییە لە نوشوستی و بەزینەکانی خۆی بدوێت.

لەوانەیە شمشێرێك تەمەنی درێژ نەبێت،
بەڵام مەرجە جەنگاوەرەکە هەر بمێنێت.

لەوانەیە شمشێر تا ماوەیەکی دوورو درێژ نەمێنێتەوە، بەڵام مەرجە جەنگاوەری ڕۆشنایی هەر بمێنێتەوە، هەر لەبەرئەوەشە جەنگاوەری ڕۆشنایی بە هێزو تواناکانی خۆی فریو ناخوات، هەر بە هەمان کلۆج لەهەر جۆرە سەرساميیەك بەخۆی دووردەکەوێتەوە. ئەم بۆ هەرشتێك ئەو بایەخەی هەیە کە دەیهێنێت.

زۆرجاران ئەو کاتانەی جەنگاوەری ڕۆشنایی زۆر بە قووڵی بیر لە مەسەلە هەرە گرنگەکان دەکاتەوە شەیتان بە گوێیدا دەچرپێنێت:

- زۆر خۆتی پێوە سەغڵەت مەکە ئەوەندە گرنگ نییە.

لە هەندێك کاتی دیکەدا، ئەو کاتەی ڕووبەڕووی هەندێك شتی پڕوپووچ دەبێتەوە شەیتان پێی دەڵێت:

- تۆ پێوستە هەر هەموو هێزو توانای خۆت بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بخەیتە گەڕ.

جەنگاوەرەکە گوێ لە شەیتان ناگرێت بۆ هەرشتێك کە دەیدرکێنێت، ئەم خاوەنی شمشێرەکەی خۆیەتی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەمیشە وت و وریایە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەمیشە وت و وریایە. ئەم داوای مۆڵەت لە کەس ناکات تاوەکو شمشێرەکەی خۆی هەڵبگرێت. زۆر ئاسان هەردوو دەستی بەکاردێنێت. کاتی خۆی بەفیڕۆنادات لەوەی کارو کردەوەکانی خۆی بۆ ئەوانی دیکە شیبکاتەوە. بڕوای بەوەیە بڕیارەکانی یەزدان بۆ ئەو دروستن، ئەم وەڵام بەو بڕیارو داوایانە دەداتەوەو هەرهەموویان دەکات بە کردار.

ئەم سەیری هەردوو لای خۆی دەکات و هاوڕێکانی خۆی دەناسێتەوەو دەستنیشانیان دەکات. سەیری دواوەی خۆی دەکات و دەستنیشانی دوژمنەکانی خۆی دەکات. ئەم لە بەرامبەر ناپاکیدا زۆر سەرسەختەو هەرگیز دڵی نەرم نابێت، بەڵام بەدوای تۆڵەشدا ناگەڕێت، تەنها شتێك کە دەیکات ئەوەیە کە دوژمنەکان لە ژیانی خۆی دوور دەخاتەوە، هەرگیز لەگەڵیاندا ناکەوێتە جەنگەوە، بەتەنها ئەوەندەی کە پێوست بکات نە کەمترو نەزیاتر.

جەنگاوەرەکە هەوڵ نادات خۆی بنوێنێت، چونکە ئەم خۆیەتی.

**جەنگاوەر دۆستایەتی ئەوانە ناکات**
**کە گەرەکیانە ئازاری بدەن.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی دۆستایەتی ئەو کەسانە ناکات کە دەیانەوێت ئازاری بدەن. لەگەڵ ئەو کەسانەشدا نابینرێت کە گەرەکیانە دڵی بدەنەوە.

ئەم خۆی بە دووردەگرێت لە هەر کەسێك کە بەتەنها لە کاتی نوشوستی و بەزیندا دێتە پاڵی، ئەو هاورێ درۆزنانە دەیانەوێت بیسەلمێنن کە لاوازی خەڵات دەکرێت. ئەوان هەمیشە هەواڵی ناشرین و خراپی بۆ دەهێنن. ئەوان هەمیشە هەوڵ دەدەن متمانەو بروای جەنگاوەرەکە بە خۆی تێکبشکێنن، هەر هەمووشی لەژێر دەمامکی کۆمەك و پشتگیریدا. کە دەبینن جەنگاوەرەکە بریندارە هۆن هۆن دەنێو گریان و فرمێسکاندا دەتوێنەوە، بەڵام ئەوان لە ناخەوە زۆر ئاسوودەن، چونکە جەنگاوەرەکە جەنگەکەی دۆڕاندووە. ئەوان لەوە تێناگەن کە ئەوەیان بەشێکە لە خودی جەنگەکە.

دۆستە ڕاستەقینەکانی جەنگاوەر هەمیشە دەوری چۆڵ ناکەن، چ دونیا پڕ گرفت و تەنگانە بێت و چ ڕۆژگار خۆش بێت.

هەر لە سەرەتای ململانێوە جەنگاوەرەکە ڕایدەگەیەنێت:»کە چەندەها خەونی هەن.»

هەر لە سەرەتای ململانێوە جەنگاوەری ڕۆشنایی دەڵێت»من چەندەها خەونم هەیە.» دوای چەندەها ساڵ بۆی دەردەکەوێت کە هەر بەڕاستی ڕەوایەو دەتوانێت بگاتە ئامانجی خۆی. ئەم دەزانێت کەوا لەوەدایە پاداشت بکرێت، ئا لەم ساتەوەختەدا هەست دەکات غەمگینە. ئەم بەوە دەزانێت کە خەڵکانی دیکە چەندە بەدبەختن، ئەوان تەنیان، مرۆڤایەتی چەندە پڕە لە نائومێدی و چ لە ئەزموونێکی پڕ لە وەرسی و ناکامیدا دەژی، هەر بۆیە بڕوای وایە کە ئەم شایستەی ئەو خەڵات و خێرە نییە کە خەریکە وەدەستی دەهێنێت.

فریشتەکەی دەچرپێنێت:

- واز لە هەر هەمووی بێنە.

جەنگاوەرکە دەکەوێتە سەر ئەژنۆو هەر هەموو شکۆمەندییەکانی بە یەزدان دەبەخشێت. ئا ئەوکردەی خۆبەدەستەوەدانە وا لە جەنگاوەرەکە دەکات واز لە پرسیاری گێلانە بهێنێت و یارمەتیشی دەدات بەسەر هەستی گوناهباری خۆیدا زاڵ بێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی شمشێرەکەی وا بەدەستەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی شمشێرەکەی وابەدەستەوە. ئەم تەنها خۆی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کەچی بکات و چی نەکات.

سات و کاتی وا هەیە کە ژیان ئەم دەخاتە ناو تەنگانەو تەڵەزگەوە لەو شتانە دایدەبڕێت کە هەمیشە خۆشی ویستوون. ئەوە ئەو کاتەیە جەنگاوەرەکە دەکەوێتە ناو بیرکردنەوەو لێکدانەوەی بارودۆخەکان. ئەم لە خۆی دەپرسێت ئاخۆ بەو کارانەی ویست و داوای یەزدان جێبەجێ دەکات یان بە تەنها ڕەفتارێکی خۆپەرستانە دەنوێنێت. خۆ ئەگەر ئەو لێکدابران و تەنیا کەوتنە بەشێك بێت لەو ڕێبازەی گرتوویەتییە بەر، ئەوسا پێی قایل دەبێت بێئەوەی گلەیی و سکاڵا بکات. بەهەرحاڵ خۆ ئەگەر ئەو دابڕانە بە هاندان و دنەدانی کەسێك بێت کە هەر بەو نیازە ناشرینەوە بەدخووانە ڕەفتاری کردبێت ئەوساکە جەنگاوەرانە زۆر سەرسەختانە کاردانەوەی دەبێت.

جەنگاوەرەکە خاوەنی دوو شتە: هەم هێزی هەیەو هەم بەخشندەیی. ئەم دەتوانێت کارامەو لێوەشاوە هەردووکیان بەکار بهێنێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەرگیز ناكەوێتە ناو تەڵەی وشەی (سەربەستی)یەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەرگیزاو هەرگیز ناکەوێتە ناو تەڵەی وشەی (سەربەستی)یەوە. ئەو کاتەی گەلەکەی چەوساوەیە سەربەستی لەلای ئەم چەمکێکی ئاشکراو ڕوونی هەیە، ئا لەوکاتانەدا شمشێرو قەڵغان هەڵدەگرێت دەجەنگێت تا دوا هەناسەو تا زیندەگی مابێت. ئەو کاتەی کە ڕووبەڕووی ستەمکاری دەبینەوە زۆر ئاسانە لە مانای سەربەستی تێبگەین، چونکە دژی ماناکانی کۆیلەبوونە، بەڵام هەندێکجار جەنگاوەرەکە گوێبیستی خەڵکی پیروخەڕۆ دەبێت کە دەڵێن:» ئەو کاتەی لە کارکردن وەستام ئیدی ئازاد دەبم.»

ساڵێك دواتر هەر هەمان ئەو خەڵکە گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن»ژیان پڕ لە بێزاری و ڕۆتینە.» لەم بارودۆخەدا گرانە لە مانای سەربەستی تێبگەین: واتا نەبوونی مانا.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەمیشە لایەنگیرەو لەبەرەی خەڵکدایە. ئەم تەنها کۆیلەی خەونەکانی خۆیەتی و لە کاروکردەوەشدا سەربەستە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی هەمان ململانێ دووبارە ناكاتەوە، بەتایبەتی كە نە پێشكەوتنێك و نە هیچ پاشەكشێیەك لە ئارادا هەبێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە هەمان ململانێ دووبارە ناکاتەوە، بەتایبەتی کە نە چوونە پێشەوەیەك و نە پاشەکشێیەك لە ئارادا بێت. گەر جەنگێك تاوی نەسەندبێت ئەوسا ئەم دەزانێت کە مەرجە لەگەڵ دوژمنەکەی دابنیشێت و گفتوگۆ لەسەر وەستانی شەڕ بکەن، ئەوان هەردووکیان مەشقیان لەسەر هونەری شمشێروەشاندن کردووە، هەنووکە پێویستیان بەوە هەیە لە یەکدی تێبگەن. ئەوەش نیشانەی شکۆمەندییە نەك ترسنۆکی. هەر هەمووی گەمەی هاوسەنگی نێوان هێزەکان و گۆڕانی ستراتیژە.

ئەو کاتەی نەخشەکانی ئاشتی دەکێشرێن جەنگاوەرەکان دەچنەوە ماڵەکانیان. ئەوان پێویستییان بەوە نییە هیچ شتێك بۆ کەس بسەلمێنن، ئەوان جەنگێکی پاکیان بەڕێوەبردو لەسەر بڕواکانی خۆیان مانەوە. هەرکەسەو شتێکی کەمی بەخشی، بەم شێوەیەش فێری هونەری وتووێژ بوون.

# ئازاری دوێنێ هێزە بۆ جەنگاوەری ڕۆشنایی.

دۆستەکانی جەنگاوەری ڕۆشنایی لێی دەپرسن..
- ئاخۆ ئەم هێزو توانای خۆی لە کێ وەرگرتووە؟
ئەویش دەڵێت:
- لە دوژمنی شاراوە.
هاوڕێکانی دەپرسن..
- ئاخۆ ئەو کەسە کێیە؟
جەنگاوەرەکە وەڵام دەداتەوە..
- کەسێکە ئێمە ناتوانین لەمەودوا ئازاری بدەین.

لەوانەیە کوڕێژگەیەك بێت کە لەسەردەمی منداڵیدا لێیداوە، کچۆڵەیەکی هاوڕێی کە لە تەمەنی یازدە ساڵیدا جێیهێشتبێت، مامۆستایەکی کۆنی خۆی کە بە گەلحۆ بانگی کردبێت. ئەو کاتەی کە جەنگاوەرەکە ماندوو دەبێت وەبیری خۆی دەهێنێتەوە کەوا ئەو دوژمنانە تاوەکو ئێستا ئازایەتی ئەمیان نەبینیوە. ئەم بیر لە تۆڵە ناکاتەوە، چونکە دوژمنی بزرو نادیار چیدیکە لەوە پتر بەشێك نییە لە چیرۆکی ئەم. جەنگاوەرەکە تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە گەشە بە تواناو بەهرەی خۆی بدات تاوەکو ئیش و کارەکانی لەسەر ئاستی هەموو دونیادا بزاندرێت و بگاتە گوێی هەموو ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا ئازاریان داوە.

ئازارەکانی دوێنێ دەبنە هێزی جەنگاوەری ڕۆشنایی.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە**
**لە ژیاندا هەلی دووەمی بۆ دەڕەخسێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە دووەمین هەل و دەرفەتی ژیانی لەبەردەمدایە. هەروەك هەموو ژنان و پیاوانی دیکە. ئەم وا لە دایك نەبووە بزانێت چۆن چۆنی شمشێر بەکاربهێنێت. ئەم چەندین هەڵەی کردووە بەرلەوەی ڕێبازو ئەفسانەی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە.

هیچ جەنگاوەرێك نییە نزیك بە ئاگردانێك دابنیشێت و بەوانی دیکە بڵێت:»من هەمیشە کاری ڕاست و دروستم کردووە.» هەر کەسێك وابڵێت درۆیان دەکات و هێشتا تەواو خۆی نەناسیوە. جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕاستەقینە بایی خۆی ستەم و زۆرداری کردووە لە ڕابردوودا، بەڵام بەدەم گەشتەکەی خۆیەوە کە دەروات درکی ئەوە دەکات ئەو کەسانەی ئەم ڕەفتاری جوان و ڕاستی لەگەڵ نەنواندوون هەمیشە بۆ جارێکی دیکە دێنەوە سەر ڕێگاکەی. ئا لێرەدا هەلی ئەوەی بۆ دەرەخسێت ئەو هەڵانە ڕاست بکاتەوە کە دەرهەق بەوان کردوویەتی، دیارە بۆ هەمیشە بێ دوودڵی ئەو هەلە دەقۆزێتەوە.

جەنگاوەر زیرەك و فێڵبازە وەك مارو
پاکیشە وەك کۆتر.

جەنگاوەری ڕۆشنایی زیرەکەو فێڵبازە وەك مارو پاك و بێ گوناهە وەکو کۆتر. ئەو کاتەی کە خەڵکی کۆدەبنەوەو قسان دەکەن ئەم دادگایی هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە ناکات. ئەم چاك دەزانێت کە تاریکی تۆڕێکی نادیاری خۆی بەکاردەهێنێت تاوەکو شەڕو نەگریسی بڵو بکاتەوە. ئەم تۆڕە هەر زانیارییەکی کەم ڕاودەکات کە بە حەواوە دەفرێت و دەیگۆڕێت بە فروفێڵ و ئیرەیی[١٤] کە ڕۆحی مرۆڤی پێ داغان و سیخناخ دەکات.

بەم شێوەیە هەرشتێك سەبارەت بە کەسێك بوترێت دەگاتە گوێی دوژمنانی ئەو کەسە، هەڵبەتە پتری دەخرێتە سەرو بەهێزو قورسایی تاریکی ژەهرو ڕق و کینە گەورەتر دەکرێت. هەر لەبەرئەو هۆیە ئەو کاتەی جەنگاوەری ڕۆشنایی سەبارەت بە بیروڕاو بۆچوونی برایەکی خۆی قسان دەکات، وا دێتە بەر خەیاڵی کە ئەو برایەی وا لەوێندەرێ ئامادەیە گوێی لەوە گرتووە کە دەیڵێت.

**هێزی ڕۆحی ڕێبازێکە کە دادپەروەری و ئارامی بەکاردەهێنێت تاوەکو ڕۆح سازو ئامادە بکات.**

لە پەرتووکی سوارچاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاتووە: «هێزی ڕۆحی ڕێڕەوو ڕێبازو دادپەروەری و ئارامی دەخاتەگەڕ تاوەکو خودی ڕۆح ئامادەو ساز بکات.» ئا ئەوەیان ڕێبازی شاسوارە، ڕێگایەکە لە هەمان کاتدا هەم سەختەو هەم ئاسان، چونکە وا لە کەسێك دەکات هەمووشتە پڕوپووچەکان بەلاوە بنێت و خۆ لەناو دۆستایەتیدا بگونجێنێت. هەر لەبەرئەوەشە کە زۆرێك لەوانەی دەوری هەر لە سەرەتاوە دوودڵن لەوەی کە داوای بکەون.

یەکەمین وانەی سوارچاکەکان دەڵێت:» تۆ هەموو ئەو شتانە دەسریتەوە کە لە کتێبی ژیانی خۆتدا نووسیوتە تاوەکو ئەمرۆ، هەر لە دڵەڕاوکێوە بیگرە تا گومان و نەبوونی دڵنیایی، درۆو دەلەسە. لەبری ئەو هەمووشتانە تۆ وشەیەك دەنووسیت، وشەی ئازایەتی. سەرەتای گەشتەکەت هەر بەم وشەیە دەستپێدەکەیت و هەمیشەش بڕوات بە ئاسمانەو ڕێدەکەیت، دواجار دەگەیتە ئەو هەوارەی کە دەبێت و پێوستە بیگەیتێ.»

**ساتەوەختی نزیکبوونەوەی جەنگ جەنگاوەری ڕۆشنایی ئامادەو سازی هەموو ئەگەرەکانە.**

ئەو کاتەی ساتەوەختی جەنگەکە نزیك دەبێتەوە جەنگاوەری ڕۆشنایی ئامادەو سازە بۆ هەرهەموو ئەگەرەکان. ئەم هەر هەموو نەخشەو ستراتیژەکان شیدەکاتەوە. «ئاخۆ من چیم دەکرد گەر بێت و جەنگم دژی خۆم بەرپا بکردایە؟» ئا بەم شێوەیە خاڵە لاوازەکانی خۆی دەدۆزێتەوە. ئالەو ساتەدا دوژمنەکەی نزیك دەکەوێتەوە، خۆی و جانتایەك پڕ لە پەیمان و بەڵێن و ڕێکەوتن و گفتوگۆ، سەرەڕای گەلێك پێشنیاری فریودەرو ئەگەری چارەسەری زۆر ئاسان.

جەنگاوەرەکە لە هەر پێشنیارێك ورد دەبێتەوەو شیدەکاتەوە، هەروەها هەوڵی جۆرێك لە ڕێکەوتن دەدات، بەڵام بێئەوەی شکۆمەندی خۆی بدۆڕێنێت. گەربێت و خۆ لەو جەنگە بەدوور بگرێت لەبەرئەوە نییە کە دەستخەرۆ بووە، بەڵکو لەبەرئەوەیە شەن و کەوی هەموو لایەنێکی کردووەو پاشان بڕیاری داوە کە ئەوەیان چاکترین نەخشەو ستراتیژە.

جەنگاوەرانی ڕۆشنایی زۆرجاران لە خۆیان
دەپرسن ئاخۆ ئەوان لێرە چی دەکەن؟!
زۆر جاران هەستدەکەن ژیانیان بێ مانایە.

من دووبارەی دەکەمەوەو دەڵێم:

- تۆ دەتوانیت جەنگاوەری ڕۆشنایی بناسیتەوە بەو نیگایەی وا لە چاوانیدا؟ جەنگاوەرانی ڕۆشنایی هەر خەڵکی ئەم دونیایەن. ئەوان بەشێك لەم جیهانە پێدەهێنن. ئەوان بەبێ هەگبەو توێشەبەرەو کەوش ڕەوانەی ئەم جیهانە کراون. زۆرجاریش دەترسن. ئەوان بۆ هەمیشە ڕاست و دروست ڕەفتار ناکەن.

جەنگاوەرانی ڕۆشنایی بە شتی زۆر پڕوپووچ و بێ مانا بریندار دەبن، شتی ترۆهات سەغڵەتیان دەکات! بڕوایان وایە توانای گەورەبوونیان نییە. جەنگاوەرانی ڕۆشنایی هەندێکجار وا هەست دەکەن شایستەی هیچ بەرەکەت و پەرجوویەك نین.

زۆرجاران جەنگاوەرانی ڕۆشنایی لە خۆیان دەپرسن ئەوان لێرە چی دەکەن؟ زۆرجاران هەستدەکەن ژیانیان بێ مانایە. هەر لەبەرئەوەشە بە جەنگاوەرانی ڕۆشنایی ناسراون، چونکە شکست دێنن، چونکە پرسیار دەکەن، چونکە بەردەوام بەدوای مانادا دەگەڕێن، پاشان لە کۆتاییدا دەیدۆزنەوە.

جەنگاوەرەکە وابیردەکاتەوە کە ئەو
گۆڕانکارییانە مەرجە ببن کە من بۆ خۆم
ئارەزوو ناکەم هیچیان بۆ بکەم.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئێستاکە لە خەوی خۆی وەئاگا دێت.

ئەم وابیردەکاتەوە..(من نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕۆشناییە بکەم کە وادەکات گەورە ببم؟!)

بەهەرحاڵ ڕۆشناییەکە بزر نابێت.

جەنگاوەرەکە بیردەکاتەوە..( مەرجە ئەو گۆڕانکارییانە ببن کە من بۆ خۆم حەز ناکەم هیچ ڕۆڵێکم هەبێت لە ئەنجامدانیان؟)

ڕۆشنایی دەمێنێت، چونکە وشەی»هەست دەکات» پڕە لە تەڵەو داو. پاشان دڵ و چاوەکانی جەنگاوەرەکە لەگەڵ ڕۆشنایی ڕادێن. ئیدی لەوە پتر نایترسێنێت و دواجاریش بە ئەفسانەو یاداشتنامەی خۆی قایل دەبێت، هەتا گەر ئەوەیان ببێتە مایەی خۆخستنە ناو مەترسییەوە.

جەنگاوەرەکە بۆ ماوەیەکی درێژ خەوی لێکەوتبوو، شتێکی زۆر سروشتییە هێدی هێدی وەئاگا بێت.

وەك زۆرانبازێك جەنگاوەری ڕۆشنایی ئاگاداری هێزی گەورەی خۆیەتی. ناچێتە جەنگێکەوە لەگەڵ کەسێکدا کە شایستەی ئەو کێبڕکێیە نەبێت.

جەنگاوەری خاوەن ئەزموون لە بەرامبەر هەموو سووکایەتیپێکردنێکدا پشوودرێژەو خۆی گرتووە. ئەم هێزو زەبری مستەکۆڵەی خۆی دەزانێت، کارامەیی و هونەری لێدان و دەستوەشاندنەکانی. ئەو کاتەی ڕووبەڕووی دوژمنێکی نائامادە دەبێتەوە قووڵ سەیری ناو چاوەکانی دەکات بێئەوەی پەنا بباتە بەر شەڕی دەستەویەخە دەیبەزێنێت.

ئەو کاتەی جەنگاوەرەکە لە مامۆستا ڕۆحییەکەی خۆی فێری شت دەبێت ڕۆشنایی بروایەك لە چاوانیدا دەدرەوشێتەوەو پێوستیشی بەوە نییە هیچ شتێك بۆ هیچ کەسێك بسەلمێنێت. ئەم بە دەمەتەقێی شەڕانگێزانەی دوژمنەکەی بێزار نابێت کە دەڵێت یەزدان خەیاڵی پڕوپووچە، پەرجووەکان تەنها فڕوفێڵن، بڕواهێنانیش بە فریشتەکان هەڵاتنە لە واقیع.

هەروەکو زۆرانبازێك جەنگاوەری ڕۆشنایی لە هێزو توانای زۆر مەزنی خۆی ئاگادارە. ئەم هەرگیز لەگەڵ کەسێکدا جەنگ بەرپا ناکات گەر شایستەی شکۆمەندی ئەو کێبڕکێیە نەبێت.

**بۆ هەمیشە پێوستە جەنگاوەری ڕۆشنایی پێنج یاساکەی جەنگی لە یادبێت کە (چوان تسو) بەر لە سێ هەزار ساڵ دایمەزراندوون.**

مەرجە بۆ جەنگاوەری ڕۆشنایی پێنج یاساکەی ململانێ و جەنگ لەیاد نەکات کە لەلایەن»چوان تسو» بەرلە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر تۆمارکراون:

بڕوا — ئیمان: بەرلەوەی بچیتە ناو جەنگێکەوە وا پێوست دەکات بڕوات بەو هۆیانە هەبێت کە بوونەتە مایەی بەرپاکردنی جەنگەکە.

دۆستەکان: هاوپەیمانەکانت هەڵبژێرەو فێری ئەوە ببە لە تەك ئەوانی دیکەدا بجەنگیت، چونکە کەس نەبووە بە تەنیا جەنگی بردبێتەوە.

کات: جەنگێك لە زستاندا جیاوازە لە جەنگێك کە لە هاویندا بەرپا دەکرێت. جەنگاوەری چاك زۆر وت و وریایە لەوەی کە ساتەوەختێك زۆر گونجاوە تاوەکو دەست بە جەنگەکەی بکات.

شوێن: کەسێك دەنێو ڕێگاکانی نێو شاخ و کێوان بە هەمان شێوە شەڕ ناکات کە کەسێکی دیکە دەنیۆ پێدەشتەکاندا دەیکات. بیر لە دەوروبەری ئەو شوێنە بکەرەوەو بزانە چاکترین شێوە چۆنە بۆ جووڵەکردن.

ستراتیژ: چاکترین جەنگاوەر ئەوەیە نەخشە بۆ جەنگەکەی دادەڕێژێت.

**جەنگاوەرەکە بە دەگمەن ئاگاداری ئەنجامی جەنگێك دەبێت ئەوکاتەی کە کۆتایی دێت.**

جەنگاوەرەکەمان بەدەگمەن دەزانێت ئاخۆ دەرئەنجامی جەنگێك چۆنە ئەوکاتەی کە کۆتایی دێت. چالاکی و جموجۆڵی جەنگەکە بارستایی هێزو وزەیەکی وەها گەورە دەخوڵقێنێت لە چواردەوری جەنگاوەرەکە کە هەمیشە ساتەوەختی وابێتە پێشێ کە تیایدا سەرکەوتن و بەزین دوو ئەگەری وەکو یەکبن. زەمەن خۆی ڕایدەگەیەنێت کێ بردوویەتییەوەو کێ دۆڕاندوویەتی، وەلێ ئەم ئەوە دەزانێت لەو ساتەوەختە بەدواوە لەوە پتری پێ ناکرێت. چارەنووسی جەنگەکە دەکەوێتە نێو هەردوو دەستی یەزدانەوە. لەو کاتانەدا جەنگاوەری ڕۆشنایی خۆی بە ئەنجامەکانەوە سەرقاڵ ناکات. جەنگاوەرەکە لە دڵی خۆی دەروانێت و دەپرسێت:»ئاخۆ من جوامێرانەو چاك جەنگاوم؟» گەر وەڵامەکە (بەڵێ) بێت ئەم دەتوانێت ئارام بحەوێتەوە، گەر وەڵامەکە (نەخێر) بێت دەست دەداتە شمشێرەکەو سەرلەنوێ سەرگەرمی ڕاهێنان و مەشق دەبێتەوە.

**هەر جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی پرشنگێکی خواهانەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە.**

هەر جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی پرشنگێکی خواهانەی لەناو ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. چارەنووسی خۆیەتی کە لەگەڵ جەنگاوەرەکانی دیکەدا بێت، بەڵام هەندێکجار پێویستی بەوە هەیە بەتەنیا مەشق لەسەر هونەری شمشێروەشاندن بکات، هەر لەبەرئەوەشە کاتێك لە دۆستەکانی خۆی دوورە وەك ئەستێرەیەك ڕەفتار دەکات.

ئەم ئەو بەشە لە گەردوون ڕۆشن دەکاتەوە کە بۆی تەرخان کراوەو هەوڵیش دەدات ئاماژە بۆ هەسارەکان و ئەو جیهانۆکانە بکات کە وان لە بان سەرو گەرەکییەتی سەرنجی ئەو خەڵکە ڕابکێشێت کە ڕووەو ئاسمان سەر هەڵدەبڕن.

مکوڕبوون و بەردەوامبوونی جەنگاوەرەکە هەر زووبەزوو خەڵات دەکرێت. هێدی هێدی جەنگاوەرەکانی دیکە نزیك دەبنەوە، هەرهەموو پێکەوە یەکدی دەگرن تاوەکو ببنە کۆئەستێرە هەریەکەو لەگەڵ ڕەمزو نهێنی تایبەت بە خۆی.

**هەندێکجار جەنگاوەرەکە وا هەست دەکات**
**کە لە هەمانکاتدا دوو ژیانی هەیە.**

هەندێکجار جەنگاوەری ڕۆشنایی وا هەست دەکات لە هەمان کاتدا دوو ژیان دەژی. لە یەکێکیاندا ناچارە هەموو ئەو شتانە بکات کە حەز ناکات بیانکات و ناچارە لەپێناو هەندێک بیروباوەڕ بجەنگێت کە ئەم بڕوای پێیان نییە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا ژیانێکی دیکەش هەیە، دەنێو خەونەکانی خۆیدا ئەو جۆرە ژیانە دەدۆزێتەوە، دەنێو خوێندنەوەکانی و هەموو ئەو دیدارانەی لە تەك خەڵکیدا هەیەتی، ئەوانەی هاوبەشی بیروباوەڕەکانی دەکەن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لێدەگەڕێت هەردوو ژیانەکەی لێکدی نزیك بکەنەوە. بیردەکاتەوەو دەڵێت:»پردێك هەیە کە هەموو ئەو شتانەی من دەیکەم بەو شتانە دەبەستێتەوە کە ئارەزوومە بیانکەم.» زۆر بەهێواشی خەونەکانی ژیانی ڕۆژانەی داگیر دەکەن، ئەو کاتە هەست بەوە دەکات کە ئەو ئامادەیە بۆ ئەو شتەی ئەم هەمیشە ویستوویەتی، ئەوساکەش هەموو ئەوەی کە پێوستە کەمێك ئازایەتییە تاوەکو هەردوو ژیانەکەی یەکدی بگرن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی کاتی گەرەکە بۆ خۆی، ئەو
کاتەش بۆ حەوانەوەی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ
تێڕامان و پەیوەندیکردن لە تەك ڕۆحی جیهاندا.

دیسانەوە ئەوە تۆمار بکە کە پێم وتی:» جەنگاوەری ڕۆشنایی کاتی گەرەکە بۆ خۆی، ئەو کاتەش بۆ حەوانەوەو تێرامان و پەیوەندیکردن بە ڕۆحی جیهانەوە تەرخان دەکات. هەتا دەنیۆ گەرمەی جەنگدا ئەم وا خۆی دەسازێنێ کە بیر بکاتەوەو لە شتەکان رابمێنێت. جاروباریش جەنگاوەرەکە دادەنیشێت و دەحەسێتەوە، واز لە هەموو ئەو شتانە دێنێت کە لە دەوروبەری ئەودا ڕوودەدەن تاوەکو بەردەوام بن. وەك تەماشاکەرێك سەیری جیهانی دەوروبەری خۆی دەکات، هەولیش نادات نە لێی زیاد بکات و نە لێی کەم بکاتەوە، ئەم تەنها بێ هیچ بەرگریکردنێك خۆ بەدەستەوە دەدات و ملکەچی جموجۆلی ژیان دەبێت.

هێدی و کەم کەمە هەمووشتێك کە لەوە دەچوو ئاڵۆزبێت سادەو ساکار دەبێتەوە. ئەوساکە جەنگاوەرەکە ئاسوودە دەبێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی وریاو بەترسە لەو کەسانەی**
**وا هەست دەکەن ڕێبازەکەیان دۆزیوەتەوە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی ورياو بەترسە لەو کەسانەی کەوا دەزانن ڕێبازەکەيان دۆزيوەتەوە. ئەوان هەميشە متمانەيان بە توانای خۆيان هەيە بڕياری خۆيان بدەن بێئەوەی ئاگاداری ئەوەبن کە چارەنووس چ بە تەوسەوە، بە چ مەزاقێکەوە هەر ژيانێك دەنووسێتەوە، دەرئەنجام هەميشە گلەيی دەکەن ئەو کاتەی چارەنووسێك دێت و لە دەرگا دەدات، چارەنووسێك کە بوار نادات کەس دەرباز بێت.

جەنگاوەری ڕۆشنايی خەونی خۆی هەيە، هەر ئەو خەونانە هانی دەدەن بۆ پێشەوە مل بنێت، بەڵام ئەم هەرگيز هەڵەی وا ناکات کەوا بزانێت ڕێگا خۆشەو دەرگاکەش فراوانەو کراوەيە. ئەم دەزانێت گەردوون لەسەر شێوازی کيمياگەری کۆن کاری خۆی دەکات:

-Solveet coagula - مامۆستاکانی زوو وتوويانە:»زۆر ورد بەرەوەو ديقەتت هەبێت ئەوسا هێزو وزەت بەگوێرەی ئەو دۆخ و هەڵوێستە دابەش بکە.»

هەندێك کات وسات هەيە مرۆڤ دەبێت دەستبەکار بێت و ساتی ديکە هەيە مەرجە بە شتەکان قايل بێت. جەنگاوەرەکە دەزانێت چۆن جياوازی لەنێوان ئەو سات و کاتانەدا بکات.

ئەوکاتەی جەنگاوەری ڕۆشنایی هەست دەکات
فێری بەکارهێنانی شمشێرەکەی بووە،
هەر ئەوکاتە تێدەگات کە کەلوپەل و تفاقی
ناتەواوەو پێویستی بە قەڵغان هەیە.

ئیدی دەکەوێتە سەر گەڕان و سوڕان تاوەکو قەڵغان و زرێی دەست بکەوێت و هەروەها گوێ لە ئامۆژگاری چەندەها فرۆشیار دەگرێت. یەکێکیان دەڵێت:

- سینەبەندی تەنیایی و دوورەپەرێزی بەکاربێتە.

یەکێکی دیکەیان دەڵێت:

- ڕۆحی مەزاق و لاقرتێ بکە بە قەڵغانت.

سێیەمیان دەڵێت:

- چاکترین قەڵغان ئەوەیە کە خۆت لە هیچ شتێك هەڵنەقورتێنیت.

بەهەرحاڵ جەنگاوەرەکە هەر هەمووی فەرامۆش دەکات. زۆر بەهێمنی ڕوو دەکاتە شوێنە پیرۆزەکەی خۆی، جبەی ئیمانێك دەکاتە بەر کە قەت هەلاهەلا نەبێت. ئیمان هەموو زەبرو لێدانێکی لێ دوور دەخاتەوە. ئیمان ژەهر دەگۆڕێت بە ئاوێك پاك هەروەك کریستاڵ.

جەنگاوەر بەر لە هەموو شت و یەکەمین
شت متمانە بە خەڵکی دیکە دەکات،
چونکە بڕوای بە خۆی هەیە.

دۆستێك بە جەنگاوەر دەڵێت:

- من بۆ هەمیشە بڕوا بە هەرشتێك دەکەم کە کەسانی دیکە دەیڵێن و هەمیشە نائومێدیش دەبم.

زۆر گرنگە متمانە بە خەڵکی بکەین. جەنگاوەری ڕۆشنایی لە دڵساردی و نائومێدییەکان ناترسێت، چونکە ئەم هێزی شمشێرەکەی خۆی و توانای خۆشەویستی خۆیشی درك پێ دەکات. بەهەرحاڵ ئەم کۆمەڵێك سنوور دادەنێت و دەیسەپێنێت. ئەم کە ئاماژەکانی یەزدان وەردەگرێت و دەزانێت فریشتەکان زاری خەڵکی دیکە بەکاردەهێنن تاوەکو ئامۆژگارییەکانی خۆیان بگەیەنن، ئەمەیان مەسەلەکەیە. ئەوەی دیکەیان ئەوەیە کە مرۆڤ نەتوانێت بڕیاربدات و هەمیشەش بۆ ئەو ڕێگایانە بگەڕێین کە لێبگەڕێین ئەوانی دیکە پێمان بڵێن چی بکەین.

جەنگاوەر متمانە بە خەڵکی دیکە دەکات، چونکە یەکەم شت و بەر لە هەموو شت ئەم متمانە بە خۆی دەکات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەوپەڕی ناسکی و هەم
بڕیاردەرانە لە ژیان دەڕوانێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەم بەناسکی دەروانێتە ژیان هەم بەوپەڕی سوربوون و بڕیاردەرانە. کاتێك لەبەرامبەر کێشەیەکی پڕ لە نهێنی دەوەستێت کە خۆی دەزانێت ڕۆژێك دێ و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. زۆرجاران ئاواهی بە خۆی دەڵێت:»ژیانێکە پڕاوپڕ لە شێتی.»

ئەم ڕاست دەکات، ئەو کاتەی لەبەردەم شتە زۆر سەیرو سەمەرەکانی ژیانی ڕۆژانە پەرجووەکاندا خۆبەدەستەوە دەدات هەست بەوە دەکات کە هەمیشە ناتوانێت پێشبینی ئاکام و دەرئەنجامی کردارەکانی خۆی بکات. هەندێکجار کاری وادەکات خۆیشی هەست ناکات کە ئاواهی دەکات، ئەم کەسانێك ڕزگار دەکات بێئەوەی بزانێت کە وا ڕزگاریان دەکات، ئەم دەتلێتەوەو ئازار دەچێژێت بێئەوەی بزانێت بۆچی غەمگینە.

بەڵێ خودی ژیان شێتە، بەڵام ژیریی و حیکمەتی گەورەی جەنگاوەر لەوەدایە زۆر ژیرانە شێتبوونی خۆی هەڵدەبژێرێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی لە هەردوو پایەکەی**
**لاتەنیشتی ئەو دەروازەیە ورد دەبێتەوە**
**کە دەیەوێت بیکاتەوە.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی لە هەردوو پایەکانی لاتەنیشتەکانی دەروازەکە ورد دەبێتەوە، ئەو دەروازەیەی کە بەنیازە بیکاتەوە. یەکێك لە پایەکان ناوی ترسەو ئەوی دیکەیان ناوی ئارەزووە. جەنگاوەرەکە دەڕوانێتە پایەی ترس کە لەسەری نووسراوە- تۆ وادەچیتە ناو جیهانێکی پڕ مەترسی و نائاساییەوە کە تیایدا هەرچییەکی تا هەنووکە فێری بوویت دەسەلمێت کە بێ کەڵك بووە.-

جەنگاوەرەکە سەیری پایەی ئارەزوو دەکات کە لەسەری نووسراوە- تۆ وا خەریکە جیهانێکی ئاسایی بەجێدەهێڵیت کە تیایدا هەموو ئەو شتانە عەمبار کراون کە تۆ هەمیشە ویستووتن و لەپێناویاندا ململانێیەکی کوشندەو درێژخایەنت کردووە.-

جەنگاوەرەکە زەردەیەك دەخاتە سەر لێوانی، چونکە هیچ شتێك نایترسێنێت و ڕێی لێ ناگرێت. بە متمانەو بڕوای کەسێکەوە کە دەزانێت چی گەرەکە دەروازەکە دەکاتەوە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی سەرگەرمی مەشقێكی زۆر بەهێز دەبێت تا لە ناوەوەڕا گەشە بكات.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی سەرگەرمی هەموو مەشق و خۆراهێنانێکی بەهێزە بۆئەوەی لە ناوەوەرا گەشەو نەشونما بکات. زۆر بایەخ بەو شتانە دەدات کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەنجامیان دەدات هەروەکو هەناسەدان، چاوتروکاندن، یان سەرنجدان لەو شتانەی بە چواردەوری ئەوەوەن. ئەم کە شپرزەو پەشۆکاوە ئاواهی دەکات. بەم شێوەیەش خۆی لەو گرژیی و ئالۆزبوونە ئازاد دەکات و لێدەگەرێت سەلیقەو هەستی ڕەمەکی خۆی سەربەستانەتر کار بکات بێئەوەی لێبگەرێت ترسە زۆرو ئارەزووەکانی بێنە ناوەوە. هەندێك گرفت و کێشەی تایبەت چارەسەر دەکرێن کە پێشتر وا دەردەکەوتن بێ چارەسەرن. هەندێك خەم و نیگەرانیش زۆر بە ئاسایی نامێنن کە دیارە پێشتر وا مەزەندە دەکرا جەنگاوەرەکە قەت ناتوانێت لێیان دەرباز بێت.

ئەم تەکنیکی وا بەکاردەهێنێت هەرکاتێك دووچاری گرفت و هەڵوێستی وا قورس و نالەبار ببێتەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئاگاداری هێزی وشەکانە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێی لە سەرنج و تێبینی کەسانێك دەبێت کە دەڵێن:

- کۆمەڵێك شتی تایبەت هەن کە من حەزناکەم قسەیان لە بارەوە بکەم، چونکە خەڵکی زۆر بەغیلن و چاویان بە هیچ هەڵنایەت.

ئەوکاتەی گوێی لەشتی وادەبێت جەنگاوەرەکە پێدەکەنێت. ئیرەیی[١٥] ناتوانێت زیان بە تۆ بگەیەنێت گەر تۆ خۆت ڕێنەدەیت. ئیرەیی بەشێکە لە ژیان و مەرجە هەموو کەسێك فێرببێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

بەهەرحاڵ ئەم زۆر بەدەگمەن گفتوگۆ لەسەر نەخشەکانی خۆی دەکات، ئەوەش وا دەکات هەندێکجار خەڵکی وا هەستبکەن ئەم لە ئیرەیی دەترسێت، بەڵام ئەم دەزانێت هەرکاتێك سەبارەت بە خەونەکەی بدوێت بەدەم ئەو لێدوانەوە شتێك لە وزەی ئەو خەونە بەکاردەهێنێت. لەمیانەی ئەو قسەکردنەدا مەترسی ئەوە لەرێدایە هەر هەموو ئەو وزەیە بەفیڕۆ بدات کە پێوستی پێیەتی بۆئەوەی خەونەکەی بکات بە کردار.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هێزی وشەکان دەزانێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەهای
ئازایەتی و سوربوون دەزانێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەهای ئازایەتی و سوربوون و مکوڕبوون دەزانێت. زۆرجاران لە کاتی جەنگ و ململانێدا لێدانی وەهای بەردەکەوێت کە هەرگیز چاوەڕێی نەکردبێت. ئەم لەمیانەی جەنگەکەدا درکی ئەوە دەکات دوژمنەکەی هەر دەبێت هەندێك شەڕ بباتەوە. کاتێك شتێکی وا ڕوودەدات زۆر بە کوڵ فرمێسکی تاڵ دەڕێژێت و پشوویەك دەدات تاوەکو کەمێك هێزو توانای بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام دەستبەجێ دەست دەکاتەوە بە جەنگەکانی لەپێناو خەونەکانی خۆیدا. چەندە لەو جەنگە بە دووربێت لەوەدایە ئەوەندە زۆرتر هەست بکات لاوازە، ترسنۆکەو دڵەلەرزەیەتی. ئەو کاتەی سوارئەسپێك دەگلێت گەر یەکسەر خۆی هەڵنەداتەوە سەرپشتی ئەسپەکەی ئەوە هەرگیز ناوێرێت سەرلەنوێ ببێتەوە بەسوار.

**جەنگاوەر دەزانێت چ کاتێک**
**جەنگ هی ئەوەیە بچیتە ناوییەوە.**

جەنگاوەرەکە دەزانێت چ کاتێك شەڕێك ئەوە دەهێنێت بچێتە ناوییەوە. هەرهەموو بڕیارەکانی وەستاونەتە سەر سرووش و ئیمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تووشی ئەو جۆرە خەڵکانە دەبێت کە داوای لێدەکەن بچێتە ناو ئەو جەنگانەوە کە هی خۆی نین، لەسەر ئەو گۆڕەپانانەی ئاشنانین بۆ ئەم، یان هەرگیز جێی بایەخی ئەم نین. ئەوان دەیانەوێت جەنگاوەری ڕۆشنایی بکەوێتە ناو گێچەڵ و ململانێی واوە کە بۆ ئەوان گرنگە، بەڵام بۆ ئەم جێی بایەخ نییە.

زۆرجاران ئەو کەسانە لە جەنگاوەری ڕۆشناییەوە نزیکن کەسانێك کە جەنگاوەرەکەیان خۆش دەوێت، بڕوا بە هێزو توانای دەکەن و دەیانەوێت ئەم کێشەو گرفتەکانیان بۆ سووك بکات. لەم کاتانەدا ئەم خەندە دەیگرێت و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ئەوانی خۆش دەوێت، بەڵام ئامادە نییە بچێتە ناو ئەو ململانێیەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی بۆ هەمیشە گۆڕەپانی شەڕی خۆی هەڵدەبژێرێت.

# جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت چۆن دەیدۆزێنێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت چۆن دەیدۆڕێنێت. ئەم وا مامەڵە لەگەڵ بەزیندا ناکات وەك ئەوەی مەسەلەیەك بێت کە هیچ بایەخێکی نەبێت و مایەی بێباکی بێت، بۆ نموونە شتی وا بڵێت:»ئۆو مەسەلەکە هیچ گرنگ نییە.» یان»لە ڕاستیدا من ئەوەندە مەبەستم نەبوو، زۆر دڵگەرم نەبووم.» ئەم بەزین وەك بەزین سەیر دەکات و هەرگیز هەوڵنادات حەکایەتی سەرکەوتنی لێ دروست بکات.

برینە بە ئازارو کوشندەکان بێباکی دۆستان، تەنیا مانەوە لە دۆڕاندا هەر هەموویان تالاوێك جێدەهێڵن. بە خۆی دەڵێت:»من لەپێناو شتێکدا جەنگام و سەرنەکەوتم. من یەکەمین جەنگم دۆڕاند.»

ئەم جۆرە وشانە هێزو توانای سەرلەنوێ زیندوو دەکەنەوە. ئەم دەزانێت کەس نییە هەمیشە بیباتەوەو دەشزانێت چۆن سەرکەوتنەکانی لە شکەستەکانی خۆی جیا بکاتەوە.

ئەو کاتەی کەسێك شتێکی گەرەکە
هەرهەموو گەردوون دەبێت بە دژو پیلان دەگێڕێت،
جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەوە دەزانێت.

ئەوکاتەی کەسێك شتێکی گەرەکە هەموو گەردوون پیلان دەگێڕێت دژی ئەو کەسە. جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە دەزانێت، هەر لەبەرئەوە ئەم بایەخێکی زۆر بە بیرو بڕواکانی خۆی دەدات. لەژێر پەردەی ڕازونیازە زۆر پاکەکاندا کە مرۆڤ هەتا ناتوانێت لەبەردەمی خۆیدا دانی پێدا بنێت زۆر شتی شاراوە هەیە هەروەکو: تۆڵە، وێرانکردنی زات، گوناە، ترس لە بردنەوە، شادی و دڵخۆشبوونێکی ترسناك بەدیار مەرگەساتی خەڵکی دیکەوە.

گەردوون دادگایی ناکات، بەڵکو پیلانان دەگێڕێت و ناهێڵێت بگەینە ئەوشتەی ئارەزوومانە. هەر لەبەرئەوە جەنگاوەرەکە ئازایەتی ئەوەی تێدایە کە بڕوانێتە شوێنە زۆر تاریکەکانی ناو ڕۆحی خۆی تاوەکو دڵنیا بێت لەوەی کە ئەم داخوازی هەڵەو خراپی نەبووە.

ئەم هەمیشە هۆشیارو وریایە سەبارەت بەو شتانەی بیری لێدەکاتەوە.

**ئەوکاتەی جەنگاوەرەکە بەڵێنێك دەدات**
**خاوەنی قسەی خۆیەتی.**

عیسا فەرموویەتی:»با بەڵێ-ت هەر بەڵێ بێت و نەخێر-ت نەخێر بێت.» ئەوکاتەی جەنگاوەرەکە پەیمان بدات و خۆی بە بەڵێنێك ببەستێتەوە هەردەم خاوەنی قسەی خۆیەتی.

ئەوانەی بەڵێن دەدەن و نایبەنە سەر ڕێزی خۆیان دەدۆڕێنن و سەبارەت بە کردەوەکانی خۆیان هەست بە شەرمەزاری دەکەن. ئەو کەسانە هەمیشە بە حەواوەن. ئەوانە وزەیەکی زۆر گەورەو پتر بەفیڕۆ دەدەن لە پاشگەزبوونەوە لەو شتانەی وتوویانە، وزەیەکە زۆر پترە لەو وزەیەی جەنگاوەری ڕۆشنایی بەکاری دەهێنێت بۆ خۆبەستنەوە بە پەیمان و بەڵێنەکانی. هەندێکجار ئەمیش خۆ بە پەیمانی هیچ و گێلانە دەبەستێتەوە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئازاری دەدات. هەمان هەڵە دووبارە ناکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیمان ناشکێنێت و باجی ئەو هەوەس و ملهوڕییەی خۆی دەدات.

**ئەوکاتەی جەنگێك دەباتەوە،**
**جەنگاوەرەکە ئاهەنگ دەگێڕێت.**

ئەوکاتەی جەنگاوەرەکە دەبیاتەوە ئاهەنگ دەگێڕێت. ئەو سەرکەوتنە زۆری لێ سەند. چەندەها کات بێ ئۆقرەو ڕارابوو. پڕ لە دڵەڕاوکێ، شەوانی مێشك گوشین و پڕ لە گومان. هەر لە سەردەمێکی دێرینەوە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی سەرکەوتنەوە بەشێك بووە لە سرووتەکانی[١٦] ژیان. خۆی ئاهەنگ سرووتێکە بۆ پەڕینەوە.

دۆستەکانی کامەرانی جەنگاوەری ڕۆشنایی دەبینن و بیردەکەنەوەو دەڵێن:

- ئەرێ ئەم بۆ وادەکات؟ ئاخر لەوانەیە لە جەنگی داهاتوودا نائومێد بێت. لەوانەیە تووڕەیی دوژمنەکەی بەسەر خۆیدا ببارێنێت.

بەڵام جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت بۆچی سەرگەرمی ئاهەنگگێڕانە. ئەم تامی خۆشی جوانترین خەڵات دەچێژێت کە سەرکەوتن لەگەڵ خۆیدا دەتوانێت بیهێنێت، ئەویش بڕوابوونە بە خۆت.

ئەم بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی دوێنێوە ئاهەنگ دەگێڕێت تاوەکو تواناو هێزی پتری هەبێت بۆ چوونە ناو جەنگەکانی بەیانی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی هەموو دڵی لای جەنگەکەیەتی‌و سورە لەسەر ئەوەی بەردەوامی پێبدات، هەتا گەر بەتەواوی بۆی دەربکەوێت بێ هوودەیە.

ڕۆژێك دێت بەبێ هۆیەکی ئاشکراو ڕوون جەنگاوەرەکە درکی ئەوە دەکات کە ئەم هەمان دڵگەرمی جارانی نەماوە بۆ جەنگ. ئەم بەردەوام دەبێت و چی کردووە پێشتر دەیکات، بەڵام هەر ئاماژەو هێمایەك بێ مانا دەردەکەوێت. لەم ئان و ساتەدا ئەم تەنها یەك ڕێگای لەبەردەمدایە: جەنگە خاوێنەکەی خۆی بەرێتە پێشەوەو نەوەستێت، چ لەبەرئەرکی سەرشان بێت و چ لە ترسان. ئەم نوێژەکانی خۆی دەخوێنێت، یان لەپێناو هەرشتێکی دیکەدا بێت، بەڵام ئەم واز لە ڕێبازەکە ناهێنێت.

ئەم دەزانێت فریشتەی زاتی مەزن کە ئیلهامبەخشیەتی لەو دەوروبەرەو تۆزێك دوورتر دەسوورێتەوە. جەنگاوەرەکە هەموو سەرنج و خەیاڵی لای جەنگەکەیەو هەر سورە لەسەر بەردەوامی جەنگەکەی هەتا گەر وادەربکەوێت کە تەواو بێ ماناو هیچە. هەر زوو فریشتەکە دەگەڕێتەوەو بە تەنها فرەفرێکی باڵی وادەکات جەنگاوەرەکە ببێتەوە بە خاوەنی خۆشنوودی خۆی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەوانی دیکە بەشدار دەکات
لە هەرشتێك کە سەبارەت بە ڕێبازەکە دەیزانێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەوانی دیکە بەشدار دەکات لە هەمووشتێك کە سەبارەت بە ڕێبازەکە دەیزانێت. هەرکەسێك یارمەتی دەبەخشێت یارمەتیش وەردەگرێت و پێوستیشی بەوە هەیە ئەوانی دیکە فێر بکات بەهەر شتێك کە فێری بووە، هەر لەبەرئەوەشە کە بە دیار ئاگردانێکەوە دادەنیشێت و هەموو ڕۆژەکەی خۆی لە گۆڕەپانی جەنگدا سەرلەنوێ بەسەر دەکاتەوە.

دۆستێك دەچرپێنێت..

- بۆچی وەها ڕوون و کراوە قسە لەسەر نەخشەو ستراتیژەکانی خۆت دەکەیت؟ تۆ هەست ناکەیت بەم کردارەت مەترسی ئەوە دەهێنیتە ڕێی خۆت کە ئەوانی دیکە هاوبەشی هێرش و پەلامارو داگیرکردنەکانت بن؟

جەنگاوەرەکە تەنها دەخەنێتەوەو هیچ ناڵێت. ئەم دەزانێت ئەگەر لە کۆتایی گەشتەکەی خۆیدا بگات و جگە لە بەهەشتێکی چۆڵ و هۆڵ هیچ نەبینێت، ئەوسا هەموو هەوڵ و ململانێیەکەی جگە لە بەفیڕۆدانی کات هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی هۆشیارە بەوەی کە یەزدان تەنیایی بەکاردێنێت تاوەکو فێرمان بکات چۆن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بژین.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی ئەوە فێربووە کە یەزدان تەنیایی بەکاردەهێنێت تاوەکو فێرمان بکات چۆن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بژین. یەزدان تووڕەیی بەکاردەهێنێت تاوەکو بەهای بێ کۆتایی- هێمنی و ئاشتی- مان پیشان بدات. ئەم بێزاری بەکاردەهێنێت تاوەکو جەخت لەسەر سەرکێشی و سەلیقەو کاری خۆکردەیی و ڕەمەکی بکات.

یەزدان بێ دەنگی بەکاردەهێنێت تاوەکو فێرمان بکات چۆن بە ڕۆحێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی وشەکان بەکاربهێنین. ئەم ماندووبوون بەکاردەبات تاوەکو لە بەهای هەستان و وەئاگابوون تێبگەین. ئەم لە ڕێی نەخۆشییەوە جەخت لەسەر لەشساخی دەکاتەوە. یەزدان ئاگر بەکاردەهێنێت تاوەکو سەبارەت بە ئاو شتمان فێر بکات. ئەم زەوی بەکاردەهێنێت تاوەکو لە بەهای هەوا تێبگەین. ئەم مەرگ دێنێتە پێشەوە تاوەکو بایەخی ژیانمان پیشان بدات.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی دەبەخشێت**
**بەرلەوەی داوای لێبکرێت.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەبەخشێت بەرلەوەی داوای لێبکرێت. کە ئەوە دەبینن هەندێك لە دۆستەکانی دەڵێن:

- گەر بێت و کەسانێك شتێکیان بوێت داوای دەکەن.

بەڵام جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت زۆرکەس هەن زۆر ئاسایی ناتوانن بێنە پای ئەوەی داوای یارمەتی بکەن. لە دەوروبەری جەنگاوەرەکە کەسانێك دەژین دڵیان زۆر ناسکە بەجۆرێك کە خۆشەویستی دەبێ بە نەخۆشی. ئەوان خەریکە دەمرن بۆ هەست و سۆزێك کەچی شەرم لەوە دەکەن پیشانی بدەن.

جەنگاوەرەکە ئەو کەسانە لە دەوری ئاگردانەکە کۆدەکاتەوە. چیرۆکان دەگێڕێتەوەو لە نان و ئاوی خۆی بەشیان دەدات، لەگەڵیاندا دەخواتەوەو مەست دەبێت. هەر ڕۆژی دواتر هەریەك لەوان هەست دەکات حاڵی باشترە.

ئەو کەسانەی بە بێباکی دەڕواننە نەگبەتی و مەرگەساتی خەڵکانی دیکە لە هەرهەموو کەس بەدبەختترن.

**ئەو جەنگاوەرانەی بەدرێژایی کات**
**سەرگەرمی مەشقن تەڕدەستی و**
**ئامادەگی خۆکردەیی لە دەست دەدەن.**

گەر ژێیەکانی ئامێرێکی مۆسیقا هەمیشە گرژو توندو تورت کرابن ئاوازێکی ناساز دەردەکەن. ئەو جەنگاوەرانەی زۆربەی کاتی خۆیان دەدەنە مەشق و ڕاهێنان تەڕدەستی و ئامادەگی خۆکردەیی لە جەنگدا لەدەست دەدەن. ئەو ئەسپانەی هەمیشە بەسەر پەرژینەکاندا بازدەدەن بە لاق شکان کۆتاییان دێت. ئەو کەوانانەی بە درێژایی ڕۆژ ڕادەکێشرێن و وێك دێنەوە چیدیکە بە هەمان هێزو تاو تیرەکان ناهاوێژن، هەر لەبەرئەوەیە جەنگاوەری ڕۆشنایی هەوڵدەدات چێژ لە هەموو شتە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە وەربگرێت هەتا گەر ئەو زەوق و موودەشی نەبێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی چاو لە بیرۆکەی ڕۆژەکان و سەعاتەکان دەپۆشێت تاوەکو بایەخێکی پتر بدات بە ساتەوەختی ئێستا.**

جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێ لە (لاوتسۆ) دەگرێت کە دەڵێت:» واچاکە ئێمە چاو لە بیرۆکەی ڕۆژەکان و سەعاتەکان بپۆشین تاوەکو بایەخێکی پتر بە ساتەوەختی ئێستا بدەین.»

تەنها بەم شێوەیە جەنگاوەرەکە دەتوانێت هەندێك گرفت و کێشە چارەسەر بکات بەرلەوەی بقەومێن. بە بایەخدان و جەختکردنەوە لەسەر شتە بچکۆلەکان، ئەم دەرەقەت دێت خۆی لە کارەساتە گەورەکان لابدات. وەلێ بیرکردنەوە لە شتە وردو چکۆلەکان بە مانای بیرکردنەوەیەکی سووك و کەم نایەت. ڕاڕایی و دڵەڕاوکێی پڕ لە زێدەڕۆیی هەر هەموو هەناسەیەکی خۆشی لە ژیان دەخنکێنێت.

جەنگاوەرەکە دەزانێت خەونێکی مەزن لە کۆمەڵێك شتی جیاواز پێکهاتووە، دەقاودەق وەك ڕۆشنایی خۆر کە پێکهاتەی ملیۆنەها تیشکە.

**ئەو کاتەی جەنگاوەرەکە ناچار دەکرێت**
**هەمان ئەرك دووبارە بکاتەوە، ئەم**
**کردەوە دەگۆڕێت و دەیکا بە نوێژ.**

کاتی وا دێتە پێشێ ڕێبازی جەنگاوەر جگە لە ڕۆتین هیچی دیکە نییە، پاشان ئەم پەیڕەوی وانەکانی (ڕابی ناخمان) دەکات کە پێشکەشی (بریسلۆڤ)ی دەکات:

(گەر تۆ نەتوانیت سەرگەرمی تێڕامانەکانت بیت پێوستە تاکە وشەیەکی سادە دووبارە بکەیتەوە، چونکە ئەوەیان بۆ ڕۆحت بەکەڵکە. هیچ شتێکی دیکە مەڵێ تەنها ئەو وشەیە چەندەها جار دووبارە بکەرەوە بێ شوومار، لە کۆتاییدا لە هەر هەموو ماناکان بە تاڵ دەبیتەوە، بەڵام بەتەواوەتی ماناو بایەخێکی تازەی دەبێت. یەزدان دەرگاکان دەکاتەوەو خۆت دەبینیتەوە کە ئەو وشە سادەیە بەکاردێنیت تاوەکو هەموو ئەو شتانە بدرکێنیت کە گەرەکت بوو بیڵێیت.)

ئەوکاتەی جەنگاوەرەکە ناچار دەکرێت هەمان ئەرك بۆ چەندەها جار دووبارە بکاتەوە ئەم ئەو تاکتیکە بەکاردێنێت و کارو کردەوە دەگۆڕێت و دەیکا بە نوێژ.

جەنگاوەری ڕۆشنایی لە هیچ شتێك دڵنیا نییە،
ئەم تەنها ڕێبازێکی هەیە و دوای دەکەوێت،
ڕێبازێکی وا کە ئەم هەوڵدەدات بە گوێرەی
بارودۆخی جیاواز بیگونجێنێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دوورە لە هەموو جۆرە دڵنیابوونێك. ئەم بە تەنها ڕێبازێکی هەیەو دوای دەکەوێت. ڕێبازێك کە هەوڵدەدات پەیرەوی لێ بکات بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە خۆی لەگەڵ بسازێنێت.

لەمیانەی ئەو جەنگانەی لە هاویندا ڕوودەدەن ئەم هەمان ئەو چەك و تفاق و تەکنیکانە بەکار ناهێنێت لەو جەنگانەی کە لە زستاندا ڕوودەدەن. ئەم کە نەرمونیانە چیدیکە بڕوای بەوە نییە کە لەسەر بناغەی (ڕاست) و (چەوت)دا جیهان دادگایی بکات، بەڵکو لەسەر ئەو بناغەیە بڕیار لەسەر شتەکان دەدات- گونجاوترین هەڵوێست لەبەرامبەر هەر ساتەوەختێکی تایبەت بە خۆی.-

ئەم دەزانێت دۆستەکانیشی ناچارن خۆ بگونجێنن و قەتیش بەوە سەرسام نابێت هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن. ئەم کاتی پێویست و گونجاو بەو کەسانە دەبەخشێت تاوەکو بڕوبیانوو بۆ کردەوەکانی خۆیان بدۆزنەوەو ڕەوایەتی پێبدەن، بەڵام ئەو کاتەی کار دەگاتە سەر ناپاکی ئەم هیچ نەرمونیانییەك نانوێنێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی ناچێتە ناو جەنگەوە تا سنووری دۆست و هاوپەیمانەکانی خۆی نەزانێت.**

جەنگاوەرەکە لە تەك دۆستەکانیدا بە چواردەوری ئاگردانێکەوە دادەنیشن. چەندەها سەعات بەدەم ڕەخنەگرتنەوە لەیەکدی بەسەر دەبەن، بەڵام دواجار بەیەکەوەو هەر هەموویان لەژێر هەمان دەواردا دەنوون، هەرچی سووکایەتی و برینداركردنێك لەنێوانیاندا بووبێت هەر هەمووی لە بیرخۆیان دەبەنەوە. جاروبار ئەندامێکی تازە دێتە ناو ئەو گرووپەوە، لەبەرئەوەی کە هێشتا تازەیەو هاوبەشی هەمان مێژووی ئەوان نەبووە بە تەنها باس لە خەسڵەتە جوانەکانی خۆی دەکات هەندێك لەوان وەك گەورەو مامۆستا دەیبینن، بەڵام جەنگاوەری ڕۆشنایی هەرگیز نایەوێت بە دۆستە کۆنەکانی ناو جەنگەکان بەراوردی بکات. ئەم بەخێرهاتنی ئەو کەسە تازەو نامۆیە دەکات، بەڵام متمانەی پێناکات تاوەکو هەموو کەموکورییەکانی نەناسێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ناچێتە ناو جەنگەوە گەر سنووری دۆست و هاوپەیمانەکانی خۆی نەزانێت.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی وتەیەکی کۆنی لەیادە کە دەڵێت: »گەڕ پەشیمانی مرۆڤی بکوشتایە..«**

جەنگاوەرەکە پەندێکی کۆنی لەیادە «گەرپەشیمانی مرۆڤی بکوشتایە...» ئەم دەزانێت کە پەشیمانی مرۆڤ دەکوژێت. پاشگەزبوونەوەو پەشیمانی هێدی هێدی لە ڕۆحی مرۆڤ دەخۆن، ڕۆحی ئەو کەسەی کە شتێکی هەڵەی کردووەو دواجار دەیبات ڕووەو وێرانکردنی زات.

جەنگاوەرەکە نایەوێت ئاواهی کۆتایی بێت. ئەو کاتەی کە ئەم ناشیرین و بەدخووانە یان بە ڕق و کینەوە ڕەفتار دەکات، چونکە ئەویش مرۆڤێکەو خاوەنی چەندین هەڵەیە- ئەم هەرگیز شەرم لەوە ناکات کە داوای لێبوردن بکات.

ئەگەر بوار هەبێت ئەم ئەوپەڕی هەوڵدەدات هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە. گەر کەسی بریندارو زیانلێکەوتوو مردبێت ئەوسا ئەم چاکەو جوامێریی لەگەڵ کەسێکی دیکەی غەریب دەکات و ئەو خێرەش پێشکەش دەکات بە ڕۆحی ئەو کەسە زیانلێکەوتووەی مردووە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەنێو پەشیمانیدا ناژی، چونکە پەشیمانی مرۆڤ کوژە. ئەم بێ فیزیی دەنوێنێت و ئەو هەڵەیە ڕاست دەکاتەوە کە کردوویەتی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت
لە بەرامبەر هەموو شتێکدا کە کردوویەتی، هەتا
گەر لە دەرئەنجامی هەڵەکانی باجی گرانیش بدات.

هەر هەموو جەنگاوەری ڕۆشنایی گوێیان لە دایکانیان بووە کە وتوویانە:»کوڕەکەم لەسەر ئەقڵ و هۆشی تەواوی خۆی نەبووە کە ئەو ڕەفتارەی کردووە، ئەم لە ناخەوە تا بڵێیت کەسێکی چاکە.»

گەرچی جەنگاوەرەکە ڕێز لە دایکی دەگرێت، بەڵام دەشزانێت ئەم قسەیە ڕاست نییە. ئەم کاتی خۆی بەوە بەفیڕۆ نادات بەوەی سەرزەنشتی خۆی بکات بۆ ئەو کارە ملهوڕانەی کردوویەتی، یان ناچێت هەموو ژیانی خۆی لەوەدا بەسەرببات هەر بروبیانوو بدۆزێتەوە بۆ ئەو هەموو هەڵانەی کردوویەتی ، چونکە ئەم جۆرە شتانە ئەم ناخەنەوە سەر ڕێگای ڕاست.

ئەم ئەو هەستە سروشتییە بەکاردەهێنێت کە گشتمان هەمانەو هەر بەو هەستە دادگایی دەرئەنجامەکان دەکات نەك نیازو مەرامەکان بۆ جێبەجێکردنی کارەکان. ئەم بۆ هەموو شتێك خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت، هەتا گەر باجێکی زۆر گەورە بدات وەك دەرئەنجامی هەڵەکەی.

پەندێکی عەرەبی کۆن هەیە دەڵێت: (یەزدان دادگایی درەخت دەکات لەسەر میوەکانی نەك ڕەگەکانی.)

جەنگاوەرەکە لە خۆی دەپرسێت..
«ئاخۆ ئەم کارە چ کاریگەرییەك لەسەر
پێنجەمین نەوەی من بەجێدەهێڵێت؟»

بەرلەوەی جەنگاوەری ڕۆشنایی بڕیارێکی گرنگ بدات (ئیتر ڕاگەیاندنی جەنگ بێت. گواستنەوە بێت بۆ شوێنێکی دیکە لەگەڵ دۆستەکانی. هەڵبژاردنی کێڵگەیەك بێت بۆ تۆوکردن..) جەنگاوەرەکە لە خۆی دەپرسێت..»ئەرێ ئەمەیان چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر پێنجەمین نەوەی من؟»

جەنگاوەر دەزانێت هەر شتێك کە کەسێك دەیکات دەرئەنجامی درێژخانەنی دەبێت و ئەم پێویستی بەوە هەیە تێبگات ئاخۆ لەدوای خۆی چ جۆرە جیهانێك بۆ ئەو نەوەی پێنجەمینە بەجێ دەهێڵێت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕێزی ئازاری ئەوانی
دیکە دەگرێت و هەوڵ نادات ئازاری ئەوانی
دیکە بەهی خۆی بەراورد بکات.

یەکێك بە جەنگاوەری ڕۆشنایی دەڵێت:

- ئەمەیان تەنها ڕەشەبایەکە لەناو فنجانێکدا.

بەڵام ئەم هەرگیز زێدەڕۆیی ناکات بەو کێشەو گرفتانەی دێنە سەر ڕێگای، هیچی زیادی پێوە نانێت و هەمیشە هەوڵدەدات هێورو هێمن بێت.

ئەم هەرگیز بڕیار لەسەر ئازارو تلانەوەی کەسانی دیکە نادات.

شتێکی زۆر سادە کە کەمترین کاریگەری لەسەر ئەم نییە دەکرێت ببێتە مایەی هەڵکردنی ڕەشەبایەکی سەرشێت لەناو ڕۆحی براکەیدا.

جەنگاوەر ڕێزی ئازارو دەردی ئەوانی دیکە دەگرێت و هەوڵیش نادات کە بەراوردی ئازاری ئەوانی دیکە بە هی خۆی بکات.

کوپی ئازار بۆ هەر کەسێك هەمان قەوارە نییە.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی گەرەکیەتی بیرو بۆچوونەکانی خۆی وەك پڕۆژە بگەیەنێتە ئەودیوی ئاسۆ.**

غاندی فەرموویەتی:»گرنگترین خەسڵەت سەبارەت بە ڕێبازی ڕۆحی ئازایەتییە.»

لەوە دەچێ بۆ خەڵکی ترسنۆك جیهان ترسناك و پڕ لە هەڕەشە بێت. ئەوان بەدوای جۆرێك لە دڵنیایی درۆزنانەدا دەگەڕێن لە ژیانی خۆیانداو لەبەردەم هەر بەرەنگاربوونەوەیەکدا خۆ بەدوور دەگرن. وەها خۆ پڕچەك دەکەن کە درێغی ناکەن گەر بە دانیش بێت بەرگریی لەو شتانە بکەن کە بە موڵکی خۆیان دەزانن. دواجار ترسنۆکەکان بەوە کۆتاییان دێت کە شیشەبەند بۆ بەندینخانەکانی خۆیان دروست بکەن.

جەنگاوەری ڕۆشنایی نەخشەی کار بۆ بیرو بڕواکانی خۆی دادەنێت و خەون بەوەوە دەبینێت کە بیروبۆچوونەکانی تا ئەوپەڕی و ئەودیو ئاسۆ پەل بهاوێت. ئەم دەزانێت ئەگەر شتێك بۆ ئەو جیهانە نەکات کەسێکی دیکە ئەوە ناکات، هەر لەبەرئەوەشە کە جەنگی جوامێرانەی خۆی بەرپا دەکات و یارمەتی ئەوانی دیکە دەدات هەتا گەر بەتەواوەتی تێشنەگات بۆ وادەکات.

بۆ ئەو بەشەی ماوەتەوە لە ژیان ئەوە لە
یادەوەری خۆتدا بپارێزە کە تۆ لە ئەنجامی ئەو
گیروگرفتانەوە بوو شتی باشت وەدەست هێنا.

جەنگاوەری ڕۆشنایی زۆر بە وردی بایەخ بە دەقێك دەدات کە ڕۆحی مەزنی جیهان بۆ (چیکۆ خاڤیر) گواستوویەتییەوە:- ئەو کاتەی کە تۆ دەرەقەت دێیت بەسەر هەندێك گرفت و کێشەی زۆر ئاڵۆزدا سەربکەویت لە هەر پەیوەندییەکدا کە تۆ هەتە کاتی خۆت بەوە مەکوژە بیر لەو ڕۆژگارە ناخۆشانە بکەیتەوە، با هەموو دڵ و مێشکت لای ئەو خۆشییە بێت کە تۆ توانیوتە هەر ئێستا لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەی ژیان دەربچیت. ئەو کاتەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەژێر چارەسەری نوژداریدا دەبێت و پاشان ڕزگارت دەبێت مەیکە بە خەم و مەراق بەوەی بیر لەو ئازارانە بکەیتەوە کە چەشتووتە، بیرلەوە بکەرەوە کە خێری خودایەو ئیدی ئەوەتا تۆ چاك بوویتەتەوە.-

لە یادەوەری خۆتدا ئەوە هەڵگرە کە تۆ لەو هەموو تەنگانەو گرفتانە شتی چاکت دەستکەوتووە، با ئەوەیان خۆشی و خولیای ئەو بەشە بێت لە ژیان کە ماوتە. ئەوانە دەبنە بەڵگە لەسەر تواناو هێزی تۆو متمانەت پێدەبەخشن بە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگ و چەڵەمەی دیکە کە دێتە سەر ڕێگات.

جەنگاوەری ڕۆشنایی جەخت لەسەر پەرجووە
چکۆلانەکانی ناو ژیانی ڕۆژانە دەکاتەوە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی زۆر بایەخ بە موعجیزە چکۆلانەکانی ژیانی ڕۆژانە دەدات و جەختی لەسەر دەکاتەوە. ئەم توانای بینینی ئەو شتانەی هەیە کە جوانن، چونکە جوانی وا لەناو خۆیدا، چونکە جیهان ئاوێنەیەکەو بۆ هەر مرۆڤێك ئەو ڕووخسارە پیشان دەدات کە ئەو کەسە هەڵگرییەتی. جەنگاوەرەکە سنووری خۆی و هەڵەکانی دەزانێت، بەڵام ئەم چی لە توانادا بێت دەیکات تاوەکو ڕۆحی خۆشنوودی و پڕ لە بەزمی خۆی لە سات و کاتی تەنگانەدا بپارێزێت. دواجارو لە پاش هەمووشتێك جیهان ئەوپەڕی تەقەللا دەکات تاوەکو یارمەتی ئەوانی دیکە بدات، هەتا گەر هەموو شتەکانی دەوروبەری ئەم شتێکی دیکە دژ بەم دۆخە بڵێن.

**جەنگاوەری ڕۆشنایی یادەوەری خۆی هەیە،
بەڵام دەزانێت چۆن شتی سوودبەخش لە
شتی نا پێوست جیا بکاتەوە. ئەم خۆی لە
پاشەڕۆکی سۆزدارانە ڕزگار دەکات.**

شتێك هەیە بەناوی خاپەڕۆك یان پاشەڕۆكی سۆزداریی، ئەو شتەش لە کارگەکانی مێشکدا دێتە بەرهەم، لەو ئازارە پێکهاتووە کە سەردەمێکی درێژی بەسەردا تێپەڕیوەو هیچ کەڵکێکی نەماوە. لە دڵەلەرزەو ئاگاهی پڕ مەترسی پێکهاتووە کە لە ڕابردوودا گرنگ بوو، بەڵام لەمڕۆکەدا خزمەت بە هیچ ئامانجێك ناکات.

جەنگاوەرەکەش خاوەنی یادەوەری خۆیەتی، بەڵام ئەم فێری ئەوەبووە چۆن شتە سوودبەخشەکان لەو شتانە جیا بکاتەوە کە پێوست نین، ئەم خۆی لەو زبڵی سۆزدارییە ڕزگار دەکات.

دۆستێك دەڵێت:

- بەڵام ئەوەیان بەشێکە لە مێژووی من. بۆ دەبێت من ئەو هەست و نەستە فرێ بدەم کە نیشانەو ماکی خۆی لەسەر بوونی من داناوە؟

جەنگاوەرەکە زەردە دەیگرێت، بەڵام ئەم هەوڵی ئەوە نادات هەست بەو شتانە بکات کە چیدیکەو لەوە پتر هەستی پێناکات. ئەم دەگۆڕێت و دەیەوێت هەست و نەستی لەگەڵ خۆیدا ڕابکات.

تۆ خۆت ئاواهی نیت کە هەنووکە ڕووخسارت
لە کات و ساتی غەمگینیدا دەینوێنێت،
تۆ خۆت لەوە باشتریت.

ئەو کاتەی مامۆستاکە جەنگاوەر بە نائومێدی دەبینێت دەڵێت:

- تۆ خۆت ئاواهی نیت کە هەنووکە لەم کات و ساتی غەمگینییەدا دەینوێنێت، تۆ خۆت لەوە باشتریت.

کەسانێکی زۆر ڕۆیشتن- لەبەر جۆرەها هۆکار کە مەحاڵە تێبگەین- بەڵام تۆ هێشتا لێرەیت. بۆچی یەزدان ئەو هەموو خەڵکە سەرسوڕهێنەی بردەوەو تۆی بەجێهێشت؟ تا هەنووکە ملیۆنەها کەس خۆیان بەدەستەوەدا. ئەوان تووڕە نابن، ئەوان ناگرین و ناڵاوێننەوە، ئەوان هیچ ناکەن، ئەوان تەنها چاوەڕێن زەمەن بەسەر بچێت. ئەوان توانای ئەوەیان نەماوە کاردانەوەیان هەبێت. تۆ بەهەرحاڵ غەمگینیت ئەوەشیان بەڵگەیەکە کە تۆ هێشتا زیندوویت.

هەندێکجار دەنێو گەرمەی جەنگێکدا کەوا
دەردەکەوێت کۆتایی بۆ نیە، جەنگاوەرەکە
بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا دێت کە دەتوانێت لە
چەند چرکەیەکدا سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.

هەندێکجار لە ناوەڕاست و گەرمەی جەنگێکدا کە لەوە دەچێت بێ کۆتایی بێت جەنگاوەرەکە بیرۆکەیەکی بۆ دێت و دەتوانێت وا خۆی ڕێکبخاتەوە کە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا سەرکەوتن وەدەست بهێنێت. ئەوسا بیردەکاتەوە: «بۆچی من ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایەم داو ماوەیەکی درێژم بەخشی بەم جەنگە کە دەکرا تەنها بە نیوەی ئەو هێزو وزەیەی بەکارم برد جەنگەکە کۆتایی هاتبا؟»

ڕاستییەکە ئەوەیە هەرهەموو گرفت و کێشەکان زۆر سادە دەردەکەون ئەو کاتەی کە تەواو چارەسەرکراون. هەر سەرکەوتنێکی مەزن کە ئەمرۆ ئاسان دیارە هەرخۆی دەرئەنجامی زنجیرەیەك لە سەرکەوتنی بچووك بووە کە هەرگیز هەستی پێ نەکراوە. ئەوسا جەنگاوەرەکە تێدەگات لەوەی کە ڕوویداوەو ئارام و ئاسوودە خەوی لێدەکەوێت. سەرزەنشتی خۆی ناکات لەسەر ئەوەی ئەو هەموو کاتەی ویست تاوەکو گەیشت. ئەم زۆر سادەو ئاسایی دڵی خۆشە کە دەزانێت لە کۆتاییدا هەر گەیشت.

**«پەنا بەزاتی تۆ دێتەدی» جەنگاوەری ڕۆشنایی بەم جۆرە نوێژی خۆی هەڵدەبژێرێت.**

دووجۆر ویردو نزامان هەیە..

لە یەکەمیاندا: کەسێکمان هەیە داوای کۆمەڵێك شتی دیاریکراو دەکات بێنەدی، هەوڵیش دەدات بە پەروەردگار ڕابگەیەنێت کە ئەم دەبێت چی بکات. ئەوەشیان نە کات و نە شوێن دەبەخشێت بە پەروەردگار کە دەستبەکار بێت. پەروەردگاریش - کە زۆر چاك دەزانێت چی چاکە بۆ هەریەك لە ئێمە- بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو کارەی دەزانێت بۆ هەر یەکێك لە ئێمە گونجاوە. ئەو کەسەشی نزا دەکات و دەپاڕێتەوە بەو هەستەوە فەرامۆش دەکرێت کە ویردو نزاکەی بێ وەڵامە.

لە جۆری دووەمدا:

لەوانەیە ئەو کەسە لە نیازو مەرامەکانی زاتی مەزن تێنەگات، بەڵام لێدەگەڕێت ژیانی بەگوێرەی نەخشەکانی پەروەردگار بڕوات بەڕێوەو پەرە بستێنێت. ئەم داوا دەکات لە ئازارو ئەشکەنجە بەدوور بێت. ئەم داوای خۆشی دەکات لە پای چاکە خاوێنەکەی، بەڵام هەرگیز لەیادی ناچێت کە ئەم ڕستەیەی بخاتە سەر»پەنا بەزاتی تۆ دەبێت.»

جەنگاوەری ڕۆشنایی بەم چەشنە ویردو نزاکانی هەڵدەبژێریت.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە وشە هەرە
گرنگەکان لە هەموو زمانەکاندا وشە چکۆلەکانە:
(بەڵێ، خۆشەویستی، پەروەردگار)

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە گرنگترین وشەکانی ناو هەموو زمانەکان وشە چکۆلەکانە.(بەڵێ، خۆشەویستی، پەروەردگار). ئەمانە ئەو وشانەن کە وتنیان زۆر ئاسانەو دەتوانن بۆشایی زۆر گەورە پڕبکەنەوە. بەهەرحاڵ وشەیەکی دیکەش هەیە - وشەیەکی دیکەو چکۆلە- کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە درکاندنی ئەم وشەیە زەحمەتێکی زۆر دەبینن ئەویش( نەخێر )ە.

کەسێك کە هەرگیز (نەخێر)ی نەوتبێت وا هەست دەکات دڵ و دەست کراوەیە، هوشیارە، ڕەوشت بەرزە، چونکە وا سەیری وشەی (نا) یان (نەخێر) دەکرێت کە زۆر پیس و بێزەوەر بێت، خۆپەرستانە بێت و ڕۆحانییەتپارێز نەبێت. جەنگاوەرەکە ناکەوێتە ناو تەڵەی ئاواهییەوە. کاتی وا هەیە بە کەسانی دیکە دەڵێت (بەڵێ)، بەڵام بەراستی لە ناخی خۆیدا دەڵێت (نەخێر)، هەر بۆیە قەت ئامادەنیە بڵێ (بەڵێ) بەزار گەر لە دڵی خۆیدا ئەم (نەخێر)ی وتبێت.

**ئەمانە ئەو فەرمانانەن کە هیچ جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی ئامادە نییە ملکەچیان بێت.**

یەکەم: پەروەردگار قوربانیدانە. لەم ژیانەدا ئازار بچێژەو لەوی دیکەیان خۆشبەخت دەبیت.

دووەم: ئەو کەسانەی حەزیان بە قۆشمەو مەزاقە منداڵانەن. دەبا تۆ هەمیشەو لە هەموو کات و ساتێکدا سەرگەرمی کارو توندوتۆڵ بیت.

سێیەم: کەسانی دیکە دەزانن چی باشترین شتەو بەکەڵکی ئێمە دێت، چونکە ئەوان ئەزموونیان لە ئێمە زۆرترە.

چوارەم: ئەرکی ئێمەیە وا بکەین ئەوانی دیکە ئاسوودە بن. مەرجە دڵخۆشیان بکەین هەتا گەر پێوستی بە قوربانی زۆر گەورەش بێت.

پێنجەم: نابێت ئێمە لە پەرداخی خۆشبەختی بخۆینەوە، چونکە لەوانەیە ڕابێین و هەمووجارێکیش دەستمان نەکەوێت.

شەشەم: دەبێت ئێمە بە هەر هەموو سزاکان قایل بین. ئێمە تاوانبارین.

حەوتەم: ترس وریاکردنەوەیە. ئێمە نامانەوێت خۆمان بخەینە ناو سەرکێشی و مەترسییەوە.

ئەوانی سەرەوە ئەو فەرموودەو فەرمانانەن کە هیچ جەنگاوەرێکی ڕۆشنایی ئامادە نییە ملکەچیان بێت.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە ناوەڕاستی ڕێگاکە
وەستاون، ڕێگای ڕووەو بەهەشتیان گرتووە.
جەنگاوەرانی ڕۆشنایی دەچنە ژوورەوە.

خەڵکێکی یەکجار زۆر لەناوەڕاستی ڕێگاکە وەستاون، ڕێگای بەهەشتیان بەستووە. خوداناسێکی زۆر توندڕەو دەپرسێت..

- ئەم هەموو گوناهبارە لێرە چی دەکەن؟

ڕەوشتپارێزێك دەقیڕێنێت..

- ئەم ژنە لەشفرۆشە دەیەوێت بێتە سەر خوانەکە.

پاسەوانی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەنەڕێنێت..

- چۆن لە داوێنپیسێك خۆش دەبن ئەوکاتەی گوناهی کردبێت؟

کابرای تۆبەکاریش جلەکانی بەری خۆی دادەڕێنێت:»بۆچی کوێرێك چاك بکەینەوە کە تەنها خەمی کوێربوونی خۆیەتی و هەتا ئامادەش نییە بڵێ سوپاس بۆتۆ؟»

کابرای سۆفی نارازی و دژ دەوەستێتەوە:»تۆ لێدەگەڕێیت ئەو ژنە زەیتێکی گرانبەها بڕژێنێتە سەر قژی تۆ! بۆچی نەچوو ئەو زەیتە بفرۆشێت لەجیاتی تاوەکو هەندێك خۆراکی پێ بکڕێت؟»

عیسای پێغەمبەر بەدەم خەندەوە دەرگاکە بە کراوەیی بەجێدێڵێت. جەنگاوەرانی ڕۆشنایی دەچنە ژوورەوە سەرباری ئەو هەموو هات و هاوارە پڕ لە هستریایە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ترسنۆک نییە.

دوژمنەکە ژیرە. هەر کاتێك بتوانێت ئاسانترین و کاریگەرترین چەکی خۆی بەکاردەهێنێت کە ئەویش: واتەواتە( قسەکردن لە پاشەملە) ئەوەندە هەوڵ و ماندووبوونی ناوێت تا بەکاری بهێنێت، چونکە خەڵکانی دیکە زۆرن کاری بۆ بکەن. چەند وشەیەکی کەم کە بە هەڵەو نیازی ناشیرینەوە ئاراستە بکرێن دەتوانن چەندەها مانگ لە دڵسۆزی و خۆبەختکردن و خۆتەرخانکردن وێران بکەن، لەتەك دەیەها ساڵی گەڕان بەدوای هارمۆنی و گونجان و هاوسەنگی و پێکەوەبوون.

زۆرجاران جەنگاوەری ڕۆشنایی دەبێت بە قوربانی ئەو فروفێڵە. ئەم نازانێت ئەو لێدان و دەستوەشاندنە لە کوێوە دێت و ناشتوانێت بیسەلمێنێت کە درۆیە. ئەم واتەواتە بواری نادات هەقی ئەوەی هەبێت بەرگریی لە خۆی بکات. بێ دادگایی تاوانباری دەکات. کاتێك شتێکی وا ڕوودەدات ئەم بەرگەی هەموو ئاکامەکان و ئەو سزایانەش دەگرێت کە شایستەی ئەم نەبوون، چونکە ئەم باش دەزانێت وشەکان چەندە بەهێزو کاریگەرن، بەڵام ئەم بە بێ دەنگی دەتلێتەوەو ئازار دەچێژێت، هەرگیز هەمان چەکیش بەکارناهێنێت بۆ لێدانی دوژمنەکەی.

جەنگاوەری ڕۆشنایی کەسێکی ترسنۆك نییە.

جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕاستەقینە دەزانێت هەر باخچەیەك نهێنی تایبەت بە خۆی هەیە کە تەنها دەستی ئارامی باخچەوانێك دەتوانێت بیدرکێنێت.

پەندێکی عەرەبی کۆن هەیە دەڵێت:»تۆ دەتوانیت بە هەزار مێشك و زرنگی بە گەلحۆیەك ببەخشێت، بەڵام تەنها مێشك و زیرەکییەك کە گەلحۆکە بیخوازێت مێشکی تۆیە.» ئەوکاتەی جەنگاوەری ڕۆشنایی سەرگەرمی چاندنە لەناو باخچەکەی خۆیدا، تێبینی دەکات کە دراوسێیەکەی لێوەی دیارەو نزیکە، بە دزییەوە سیخوڕانە سەیر دەکات، ئەو دراوسێیە حەز دەکات ئامۆژگاری ببەخشێت لەسەر ئەوەی چ کات و وەرزێك بۆ تۆوکردنی کردارەکان چاکە؟ چ کاتێك گونجاوە بۆ بەهێزکردن و پەینتێکردنی بیروبڕواکان و ئاودانی ئەو دڵ و ڕۆحانەی کە داگیرکراون؟

گەر جەنگاوەرەکە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی دراوسێ بگرێت دواجار بەوە کۆتایی دێت شتێك بێنێتەبوون کە هی خۆی نییە. ئەو باخچەیەش کە ئەم خزمەتی دەکات دەبێت بە زادەی بیرو کردەی دراوسێکەی، بەڵام جەنگاوەری ڕۆشنایی ڕاستەقینە دەزانێت هەر باخچەیەك نهێنی خۆی هەیە کە تەنها دەستی زۆر ئارامی باخچەوانەکە دەتوانێت ئەو نهێنییانە بدرکێنێت، هەر لەبەرئەوەشە جەخت لەسەر خۆرو باران و وەرزەکان دەکاتەوە.

جەنگاوەرەکە دەزانێت ئەو گەلحۆیەی ئامۆژگاری دەبەخشێ سەبارەت بە باخچەی کەسێکی دیکە ئەوە دیارە کە ئەم خزمەت بە گیاو درەخت و ڕووەکە تایبەتییەکانی خۆی ناکات.

کەس نییە بەڕەهایی یان پاك بێت یان پیس.
جەنگاوەرەکە ئاواهی بیردەکاتەوە ئەوکاتەی
دەزانێت دوژمنێکی تازەی هەیە.

بۆ ئەوەی بجەنگیت وا پێویست دەکات چاوەکانت بکەیتەوەو دۆستی بە ئەمەك و دڵسۆزیش لە دەورت بن.

لەوانەیەو ڕوودەدا کەسێك لە تەك جەنگاوەردا جەنگاوەو کەچی لەناکاو لێی هەڵگەڕاوەتەوەو بۆتە دوژمنی. یەکەمین کاردانەوەی جەنگاوەرەکە ڕق و کینەیە، بەڵام دەزانێت کە جەنگاوەرێکی کوێر دەنێو گەرمەی جەنگدا ون دەبێت. هەر بەمجۆرە جەنگاوەرەکە هەوڵدەدات خەسڵەتە جوانەکانی هاوڕێ کۆنەکەی ببینێت. کرداره باشەکانی دۆستی جارانی ئەوکاتەی کە شان بەشانی یەکدی وەستابوون. ئەم هەوڵدەدات تێبگات کە چ هۆکارێك بۆتە مایەی ئەو گۆڕانە کتوپڕە لە هەڵوێستی؟ ئەو برینانە چی بوون کە لە ڕۆحیدا تەشەنەیان کرد؟ ئەم هەوڵدەدات ئەو شتە بدۆزێتەوە کە وایکرد یەکێکیان واز لە گفتوگۆ بهێنێت.

هیچ کەسێك نییە بە ڕەهایی یان پاك بێت یان پیس. ئەوەیە بیرکردنەوەی جەنگاوەرەکە ئەو کاتەی دەزانێت دوژمنێکی تازەی بۆ پەیدابوو.

جەنگاوەر دەزانێت گرتنەبەری هەر ڕێگایەك
پاساو نییە بۆ گەیشتن بە نیازو ئامانجەکان.

جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت گرتنەبەری هەر ڕێگاو شێوازێك پاساو نییە بۆ گەیشتن بەنیازو مەرامەکان، چونکە هیچ ئاکام و ئامانجێك لە ئارادا نییە، تەنها کۆمەڵێك ئامرازو ڕێگاو شێواز هەن ژیان لە نادیارێکەوە بۆ نادیارێکی دیکە هەڵیدەگرێت. هەر ساتێك بۆ خۆی پڕە لەو نهێنییەی موچڕکە بەخشەو ڕاتدەچەنێت. جەنگاوەرەکە نازانێت لە کوێوە هاتووەو بۆ کوێ دەڕوات، بەڵام ئەم هەر بەڕێکەوت نەکەوتۆتە ئێرە. ئەم سەرمەستەو نوقمی خۆشییە بەو شتانەی کتوپڕ سەرسامی دەکەن، پڕە لە هەڵچوون بەو دیمەنانەی قەت لەمەوبەر نەیدیبوون. ئەم زۆرجار دەترسێت، بەڵام ئەوەیان بۆ جەنگاوەر ئاسایی و ڕەوایە.

گەر ئەم بە تەنها بیر لە ئامانج بکاتەوە ئەوسا ناتوانێت بایەخ بەو نیشانەو ئاماژانە بدات کە دەکەونە سەر ڕێگای. گەر بە تەنها هەموو دڵ و مێشکی بخاتە سەر تەنها کێشەیەك ئەوسا هەموو ئەو وەڵام و چارەسەرانە فەرامۆش دەکات کە وان لەبەردەستیدا، هەر لەبەرئەوەشە جەنگاوەرەکە خۆ بەدەستەوە دەدات.

**جەنگاوەرەکە وریایە لە بەکارهێنانی شمشێرەکەی، تەنها بەو دوژمنەش قایل دەبێت کە هاوشانی خۆیەتی.**

جەنگاوەر -کاریگەریی و هێزی تاڤگە- دەناسێت. ئەم زۆرجاران بینیویەتی کەسێك زۆر ناشرین لەگەڵ بەرامبەرکەی ڕەفتار دەکات، ئەو کەسەی دووەم ئازایەتی ئەوەی تێدانییە وەڵام بداتەوە، پاشان هەر لە پای ئەو ترس و کینەیە ئەو کەسەش جامی پڕ لە تووڕەیی خۆی بەسەر کەسێکی لە خۆی لاوازتردا دەڕێژێت، ئەویش بەسەر کەسێکی دیکەدا قڵپی دەکاتەوە، کە تەواو دەبێت بە لێشاوێك لە مەینەتی و کوێرەوەری. کەس نازانێت دەرئەنجامی دڵڕەقییەکانی خۆی چین، هەر لەبەرئەوەشە جەنگاوەرەکە زۆر وریایە لە بەکارهێنانی شمشێرەکەی، تەنها بەو دوژمنەش قایل دەبێت کە هاوشانی خۆیەتی. لە ساتەوەختی تووڕەییدا لەوانەیە جەنگاوەرەکە بەردێك ڕابوەشێنێت و دەستی خۆی بریندار بکات، دواجار ئەو دەستە چاك دەبێتەوە، بەڵام ئەو منداڵەی کە بەر لێدان دەکەوێت لەبەرئەوەی باوکی جەنگێکی دۆڕاندووە ئەو ماك و نیشانەو جێی لێدانانە بەدرێژایی ژیانی خۆی هەڵدەگرێت.

پێوستە جەنگاوەری ڕۆشنایی ملکەچی
فەرمانەکانی ئەو زاتە مەزنە بێت کە ئەم هەموو
جەنگ و ململانێکانی بۆ ئەو تەرخان کردبوو.

ئەو کاتەی کە فەرمانی ڕۆیشتن دەردەچێت جەنگاوەرەکە سەیری هەموو دۆستەکانی خۆی دەکات کە بە درێژایی گەشتەکەی پەیدای کردبوون. ئەوانەی کەوتبوونە دوای ڕێبازەکەی. ئەم هەندێکیانی فێرکرد گوێ لە زەنگەکانی پەرستگا نقومبووەکە بگرن، لە دەوری ئاگردانەکەش چیرۆکی بۆ هەندێکیان گێڕابۆوە.

ئەم دڵی پڕ لە خەمە، بەڵام دەشزانێت کە شمشێرەکەی پیرۆزەو مەرجیشە ملکەچی فەرمانەکانی ئەو زاتە مەزنە بێت کە ئەو هەموو هەوڵ و ململانێیە پێشکەش بەو کراوە، پاشان جەنگاوەرەکە سوپاسی دۆستانی گەشتەکەی دەکات، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت و بەردەوام دەبێت، بارکراو بەو هەموو یادەوەرییانەی ناو گەشتێکی قەت لە بیرنەکراوە.

## کۆتایی

ئەو کاتەی کە خانمەکە لە وتووێژەکەی بۆوە دونیا تاریك ببوو. هەردووکیان دانیشتبوون و لەو مانگەیان دەڕوانی کە هەڵدەکشا. کوڕیژگە پێیوت:

- زۆربەی ئەو شتانەی تۆ بۆ منت گێڕایەوە دژ بە یەکدی دەوەستنەوە.

خانمەکە هەستایە سەرپێ و وتی:

- ماڵئاوا.. تۆ دەزانیت کە زەنگەکانی ژێر زەریاکە بە تەنها ئەفسانەیەك نەبوو، بەڵام تۆ تەنها ئەوکاتە توانیت گوێت لە زرنگانەوەی ئەو زەنگانە بێت کە درکت کرد هاژەی (با) و چریکەی نەورەسەکان و ورشەورشی گەڵای فرە پەلی دارخورماکانیش بەشێکن لە زرنگانەوەی ئەو زەنگانە. هەر بە هەمان شێوە جەنگاوەری ڕۆشنایی دەزانێت کە هەموو شتەکانی چواردەوری -هەر لەسەرکەوتنەکانی، بەزینەکانی، هەڵمەت و دڵگەرمییەکەی تا دەگا بە بێ وەرەیی و غەمگینییەکەی- بەشێك لە جەنگە جوان و خاوێنەکەی پێکدەهێنن. ئیدی دەشزانێت کام ستراتیژو نەخشە بەکاربهێنێت ئەوکاتەی کە پێوستی پێیەتی. جەنگاوەرەکە هەوڵ نادات ئەوەندەش سازو گونجاوبێت. ئەم فێری ئەوەبووە کە لەگەڵ شتە ناکۆك و دژوارەکانی خۆیدا بژی.

کوڕێژگەکە لە خانمەکەی پرسی..

- ئەرێ تۆ کێیت؟

بەڵام خانمەکە دەرحاڵ دووردەکەوتەوە. بەسەر شەپۆلەکانەوەو ڕووەو مانگی هەڵهاتوو هەنگاوی دەنا.

## پەراوێزەکان (Footnotes)

(1) پەرجوو: موعجیزە
(2) سرووش: ئیلهام.
(3) قاندر: دوژمن و بەرامبەر لە کارو کردەوەی ڕکەبەری و شەڕدا.
(٤) قلنجانێ: هونەری شەڕە شمشێر
(5) ئەو: مەبەست زاتی ئیلاهییە, یان عیسا پێغەمبەر, یان هەر کەسێکی پیرۆز کە ئەم بە گەورەو خودای خۆی دەزانێت.
(7) زن: بیروبۆچوونی ئەو تیم و گروپانەی ناو ئایینی بوزین کە بڕوایان وایە لە ڕێگای بیرکردنەوەی قووڵ و تێرامان دەتوانن بگەن بە ڕاستی و گەوهەری حەقیقەت،هەر لە پەیڕەوکەرانی ئەم بۆچوونەش لەناو هندییەکان و ژاپۆنییەکان و چینییەکاندا هەبووەو تا ئێستاش هەرماوە.
(8) بڕوا: لێرە بە مانای جۆرێك لە ئیمان دێت.
(٩) سرووش: وەحی یا ئیلهام.
(١٠) یەق دەدەمەوە: دەرشێمەوە یا جۆرێك لە هێڵنجدانە بە قێزەوە.
(١١) پەرجوو: موعجیزە
(١٢) خەرەند: بە درێژایی وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە بری (ABYSS) کە دەکاتە (هاویە) عەرەبی وشەی خەرەندم بە گونجاو زانی.
(١٣) هێدمە: (صدمە) لە زمانی کوردیدا وشەی دڵە خۆرپێ و کسپەی دڵیش بەکاردێنن، بەلام من وشەی (هێدمە)م پێ جوانترە.
(١٤) ئیرەیی: بەغالەت – حەسوودی.
(١٥) ئیرەیی: بەغیلی.